د. مەحموود عوسمان: لەگەڵ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت دەبێت گفتوگۆکان بچنە قۆناغی پراکتیک و جێبەجێکردنەوە

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5784) دووشەممە 8ی تەمموز 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

سیاسەتمەدارێکی کورد ئاماژە بەوە دەکات دەبێ هەوڵێر و بەغدا قۆناغی گفتووگۆکان بگۆڕن بۆ کرداری و ڕێککەوتن، چونکە ناکرێت هەردوولا لە عێراقدا پرسەکانیان بە هەڵواسراوی بمێنێتەوە، دەشڵێت: ئەوەی ئێستا لە نێوان هەوڵێر و بەغدا هەیە، تەنیا گفتوگۆیە و دەبێ لەمبارەوە بەغدا هەنگاوی پراکتیکی بنێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

کونسوڵی کۆریای باشوور:
پێش یۆنانییەکان دیموکراسییەت لەلای کورد هەبووە

کونسوڵی کۆریای باشوور دەڵێت، هەرێمی کوردستان ئەو شوێنەیە کە دیموکراسییەت لێیەوە سەرچاوەی گرتووە، بەجۆرێک "دیموکراسییەتی کورد، زۆر بەر لە یۆنانییەکانیش هەبووە". **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

حزبە سیاسییەکان کاندیدانی خۆیان بۆ پۆستی وەزارەتەکان دیاریکرد

پارتی کاندیدەکانی بۆ وەزارەتەکانی کابینەی نۆیەمی حکوومەت یەکلایی کردووەتەوە

خەسرەو گۆران بۆ «خەبات»: پارتی هەوڵدەدات کەسانی بەهێز لە پۆستەکان دابندرێن

پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی نزیکبووەتەوە و حزب و لایەنە سیاسییەکانیش کاندیدانی خۆیان بۆ پۆستی وەزارەتەکان دیاریکردووە، بەرپرسێکی پارتیش ڕایدەگەیەنێت کە پێکهێنانی کابینەی حکوومەت لە کاتوساتی خۆیدا دەبێت. لەلایەکی دیکەوە، بەگوتەی خەسرۆ گۆران، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتی کاندیدەکانی خۆی بۆ وەزارەتەکان یەکلایی کردووەتەوە و چاوەڕوانی کۆتا بڕیاری پێکهێنانی حکوومەت دەکات کە لە کاتوساتی خۆیدا حکوومەت پێکدەهێندرێت. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



هاووڵاتییەکی سووری 7 ساڵە دانیشتووی شاری هەولێرە، خۆشاوی (تەمەر هیندی) کە پیشەی باپیرانیەتی دەفرۆشێت

کابینەی نۆ لە وادەی خۆیدا پێکدێت

پەرلەمانتارێکی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، لەو وادەیەی بۆ کابینەی نۆ دیاری کراوە، حکوومەت پێکدێت. دەشڵێت، چوارشەممە یاخود پێنجشەممە متمانە بە کابینەی نوێی حکوومەت دەدرێت. بە مەبەستی پێکهێنانی کابینەی نۆ و متمانەدان بە وەزیرەکان، بەرواری 2019/6/30 پەرلەمانی کوردستان خولی بەهارەی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی تاوەکو بەرواری 2019/7/15 دریژ کردەوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازی هەمواری یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان کرا

پەرلەمانی کوردستان کۆبۆوەو و خوێندنەوەی دووەمی بۆ پێشنیازی هەمواری یاسای ئەنجوومەنی پارێزگەکان کرد کە تیایدا پێشنیازکراوە وادەی ئەم خولەی ئەنجوومەنی پارێزگاکان درێژ بکرێتەوە و ڕێگا بدرێت پارێزگار لە دەرەوەی ئەنجوومەن هەڵبژێردرێت، هەروەها پەرلەمان بانگهێشتی ئەندامەکانی کرد کە ئەمڕۆ دووشەممە پەرلەمان جارێکی تر کۆدەبێتەوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

بۆمبێکی چێندراوی داعش لە «شێخ باوە» جووتیارێکی کوردی کردە ئامانج

سەرلەبەیانیی دوێنێ یەکشەممە لە ئاکامی تەقینەوەی بۆمبی چێندراوی چەکدارانی داعش لە ناوچەی "شێخ باوە"ی نێوان شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان و شارەدێی جەلەولای سەر بە شارۆچکەی خانەقین، جووتیارێک قاچەکانی پەڕیوە و لە شارەدێی جەلەولاش دارمانی سەقفی خانوو بووە هۆی گیان لەدەستدانی هاووڵاتییەک. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

سەرۆکوەزیرانی عێراق ئۆپەراسیۆنی «ئیرادەی سەرکەوتن»ی لە دژی تیرۆریستانی داعش ڕاگەیاند

سوپاسالاری پێشووی عێراق ڕایگەیاند، ئۆپەراسیۆنەکەی عادل عەبدولمەهدی دژی تیرۆریستانی داعش، هەنگاوێکی ئەرێنییە و پشتیوانی دەبین و بۆ هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکیش دژی تیرۆریستان، ئامادەین. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

چوار ئۆقەر و ئەندەر پاس ل سەنتەرێ باژێرێ دهوکێ دێ هێنە بجهئینان

فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهوکێ کومبونەک دگەل سەروکێ باژێرڤانیا دهوکێ و ڕێڤەبەریێن ئاڤ و سولینا و هاتن و چونێ و باژێرڤانیا و کومپانیا دارین وکاڤێن گروپ سازکر. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**



لە مۆسکۆ.. جەژنی ساپانتوی بەرز ڕاگیرا کە هەزاران کەس لە گەلانی تەتەرو باشکورت بە جلوبەرگی کولتووری خۆیانەوە بەشداریان لەو چالاکییەدا کرد.

پێشمەرگە هێزێک نییە لە حاڵەتێکی لەناکاو دروست بووبێت

فەریق جەبار یاوەر ئەمینداری گشتی و وتەبێژی وەزارەتی پێشمەرگە، ڕایگەیاند: ململانێی نێوان پەکەکە و تورکیا و کردەی سەربازییان لەناو خاکی هەرێم، ڕووداوی نوێ نین، زۆر جار حکوومەتی هەرێم هەوڵیداوە ئەم کێشەیە نەهێڵێ، هەروەها لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی بەغداش هەوڵدراوە ئەم مەسەلەیە لەگەڵ تورکیا چارەسەر بکات، چونکە کێشەکە، کێشەیەکی سیادییە، هەموو دەوڵەتێک دەبێ سنوورەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بپارێزێ، بۆیە ئەرکی حکوومەتی فیدراڵی عێراقە ئەم کێشەیە لەگەڵ تورکیا چارەسەر بکات. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

کۆڕبەندی هەولێری ئافرەتانی بازرگان بەڕێوەدەچێت



(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)

شاری بابلی شوێنەواری چووە ناو لیستی شوێنەوارە جیهانییەکان



(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

د. مەحموود عوسمان بۆ «خەبات»:

ناکرێت پرسەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بە هەڵواسراوی بمێنێتەوە

دەبێ بەغدا هەنگاوی پراکتیکی بنێت



سیاسەتمەدارێکی کورد ئاماژە بەوە دەکات دەبێ هەولێر و بەغدا قۆناغی گفتوگۆکان بگۆڕن بۆ کرداری و ڕێککەوتن، چونکە ناکرێت هەردوولا لە عێراقدا پرسەکانیان بە هەڵواسراوی بمێنێتەوە. د. مەحموود عوسمان، بە خەباتی ڕاگەیاند: ئەوەی ئێستا لە نێوان هەولێر و بەغدا هەیە، تەنیا گفتوگۆیە و دەبێ لەمبارەوە بەغدا هەنگاوی پراکتیکی بنێت و پێم وایە تا ئێستا هەنگاو نەنراوە، بۆیە لەگەڵ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت دەبێت گفتوگۆکان بچنە قۆناغی پراکتیک و جێبەجێکردنەوە.

د. مەحموود عوسمان گوتیشی: من هەست دەکەم گرفتە سەرەکییەکان وەک خۆیان 15 ماونەتەوە و بۆ ماوەی سااڵە چارەسەر نەکران، بۆیە گرنگە هەردوولا بگەنە ڕێککەوتنی کۆتایی تا هیچ هەڵکشان و داکشانێکی سیاسی کاریگەری نەکاتە سەر پەیوەندییەکانیان و ئەم هەموو هاتن و چوونە دەکرێت، خۆ دەبێت بپرسین چی کراوە؟. مەحموود عوسمان گوتیشی: گرنگە بەغدا و هەولێر ئەو پرسانەی لەسەری ناکۆکن، بیانبڕێننەوە.

سەرۆکوەزیرانی عێراق ئۆپەراسیۆنی «ئیرادەی سەرکەوتن»ی لە دژی تیرۆریستانی داعش ڕاگەیاند

بابەکر زێباری: ئۆپەراسیۆنەکە هەنگاوێکی زۆر باشە و پشتیوانیی لێ دەکەین

سوپاسالاری پێشووی عێراق ڕایگەیاند، ئۆپەراسیۆنەکەی عادل عەبدولمەهدی دژی تیرۆریستانی داعش، هەنگاوێکی ئەرێنییە و پشتیوانی دەبین و بۆ هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکیش دژی تیرۆریستان، ئامادەین. دوێنێ یەکشەممە 7ی تەمموزی2019 عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیران و فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق، ئۆپەراسیۆنێکی بە ناوی "ئیرادەی سەرکەوتن" لە نێوان سێ پارێزگا، لە دژی تیرۆریستانی داعش ڕاگەیاند.

پەیوەست بەو بابەتە، بابەکر زێباری، سوپاسالاری پێشووی عێراق و یەکێک لە فەرماندە دیارەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعشدا، بە مااڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: ئێمە هەر لە سەرەتاوە گوتوومانە داعش لە خۆڕێکخستنەوەدایە و دەبێت بە توندی ڕووبەڕووی ببینەوە، چونکە خۆڕێکخستنەوەیان دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر تەواوی عێراق. گوتیشی: ئەو ئۆپەراسیۆنەی لە لایەن عادل عەبدولمەهدییەوە ڕاگەیەنراوە، هەنگاوێکی زۆر باشە و پشتیوانی دەبین، چونکە دەزانین داعش لە چەندین شوێنی جیاجیا و بیابانەکانی عێراق لە خۆڕێکخستنەوەدا بوو، بەاڵم بەر لەوەی لە دایک ببێتەوە، پێویستە لەناو ببرێت.

جێی باسە ئۆپەراسیۆنەکە، کە ئامانج لێی لەناوبردنی پاشماوەکانی داعشە، چەند ڕۆژێک دەخایەنێ و بە پاڵپشتیی هێزە ئاسمانییەکانی عێراق و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بەڕێوە دەچێت.

ئەمینداری گشتی و گوتەبێژی وەزارەتی پێشمەرگە:

پێشمەرگە هێزێک نییە لە حاڵەتێکی لەناکاو دروست بووبێت

تا ئێستا بەهۆی شەڕی نێوان پەکەکەو تورکیا 400 تا 450 گوند چۆڵکراون



دەربارەی پرس و ڕووداوە پەیوەندیدارەکانی ئێستا و بەتایبەتی لێکەوتە زیانبەخشەکانی شەڕی نێوان پەکەکەو سوپای تورکیا لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان و هەروها دروستکردنی گروپێکی چەکداری دەمامکدار لەناو هەرێمی کوردستان لەلایەن پەکەکەوە و، هەندێ لێکدانەوەی هەڵە بۆ فەرمانەکەی حکوومەتی بەغدا سەبارەت بە تێکەڵکردنی حەشد بە سوپای عێراق، هەروها سەبارەت بە ناوچە جێناکۆکەکان و هەنگاوە هاوبەشەکانی وەزارەتی پێشمەرگەو وەزارەتی بەرگری عێراق، فەریق جەبار یاوەر ئەمینداری گشتی و وتەبێژی وەزارەتی پێشمەرگە، ڕایگەیاند:

ملمالنێی نێوان پەکەکە و تورکیا و کردەی سەربازییان لەناو خاکی هەرێم، ڕووداوی نوێ نین، زۆر جار حکوومەتی هەرێم هەوڵیداوە ئەم کێشەیە نەهێڵێ، هەروها لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی بەغداش هەوڵدراوە ئەم مەسەلەیە لەگەڵ تورکیا چارەسەر بکات، چونکە کێشەکە، کێشەیەکی سیادیییە، هەموو دەوڵەتێک دەبێ سنوورەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بپارێزێ، بۆیە ئەرکی حکوومەتی فیدراڵی عێراقە ئەم کێشەیە لەگەڵ تورکیا چارەسەر بکات.

هەروها گوتی: ئێمە بەرژەوەندی زۆرمان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بەتایبەتی تورکیاو ئێران هەیە و زیاتریش لە ڕووی ئابووریەوە، بۆیە بوونی شەڕو ئاژاوە لەسەر سنورەکان کێشە بۆ ئەم بەرژەوەندییانەمان دروست دەکات، هەروەها ڕاستەوخۆ کێشە بۆ هاوواڵتیانیش دروست دەکات، تا ئێستا بەهۆی ئەو شەڕەی نێوان پەکەکەو تورکیا 400-450 گوند چۆڵکراون و دانیشتوانەکانیان ماڵ و زەوی و سەرچاوەی بژێویان لە دەستداوە، هەر بەو هۆیەوە زیانی گیانی بەرچاو بە هاووڵاتیانی سڤیل کەوتووەو دووچاری شەهید بوون و بریندار بوون کراون و بوونەتە قوربانی ئەو ململانێیە.

لە بەشێکی تری لێدوانەکەیدا، وتەبێژی وەزارەت گوتی: دەبێ ئەو لایەنە چەکدارانە تێبگەن کە، بەکارهێنانی ئەم هەرێمەو سنوورەکانمان بۆ هەڕەشەکردن لەسەر وڵاتانی دراوسێمان دەبێتە هۆی تێکدانی بارودۆخ و کەشی ئاسایش لە هەرێم و ناوچەکەدا. ناکرێ لەم هەرێمەدا کە حکومڕانی خۆی هەیەو وڵاتێکی تری تێدا بژی، ئەوان بەکاربێنن و لێرەوە هەڕەشە لە وڵاتانی تر بکەن.

دەبێ ئەو لایەنانە ڕێز لە یاساو ڕێنماییەکانی هەرێمی کوردستان بگرن و لەبری کێشە نانەوە ئەوان هاوکاری ئەم هەرێمەو ئەم قەوارەیەی کورد بن، کە لە بەرژەوەندی گشت کوردو هەموو بەشەکانی تری کوردستاندایە.

لە درێژەی لێدوانەکەیدا، ئەمینداری گشتی ڕایگەیاند: ئێمە لە ئێستادا پرۆژەمان ئامادەکردووەو لە هەوڵداین تەنانەت ئەو هێزانەی لە دەرەوەی وەزارەتی پێشمەرگەی لای حزبەکانی هەرێمی کوردستان نەمێنن و ڕێکیان بخەین لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگەو گەشبینین بە سەرکەوتنی ئەم هەوڵانەمان و چاوەڕوان دەکەین لە کابینەی نوێدا پرۆژەی چاکسازییەکەمان بە ئەنجام بگەیەنین، بۆیە لەم کاتەدا دروستکردنی گروپی چەکداریی نایاسایی و نائاساییە. دروستی بوونی ئەو گروپە چەکدارییە هەڵەیەو هەرێمی کوردستان هێزی فەرمی خۆی هەیەو ئەوان دەتوانن کوردستان بپارێزن و نابێت هیچ هێزێکی نایاسایی هەبێت، ئێمە دەمانەوێ ئەو هێزانەی هەرێمی کوردستانیش کە لە دەرەوەی وەزارەتی پێشمەرگەن نەهێڵین، جا چۆن دەبێ لەم کاتەدا هێزێک لەلایەن حزبێکی ئۆپۆزسیۆنی وڵاتێکی ترەوە لەناو هەرێم دروست بکرێ لە دەرەوەی یاساو بۆ دژایەتی وڵاتێکی تر.

داوادەکەین ئەو ململانێ چەکدارییە لەسەر سنوری هەرێمی کوردستان نەمێنێ و کێشەکان بە گفتوگۆ و ئاشتی چارەسەربکرێن، داوادەکەین خاکی هەرێم بۆ هەڕەشە لە وڵاتانی دراوسێ بەکارنەهێنرێ، بۆئەوەی یاسای نێودەوڵەتی جێبەجێ بکرێ و چیتر بیانوو بۆ ئەو وەزارەتی پێشمەرگەو گەشبینین بە سەرکەوتنی ئەم هەوڵانەمان و چاوەڕوان دەکەین لە کابینەی نوێدا پرۆژەی چاکسازییەکەمان بە ئەنجام بگەیەنین، بۆیە لەم کاتەدا دروستکردنی گروپی چەکداریی نایاسایی و نائاساییە. دروستی بوونی ئەو گروپە چەکدارییە هەڵەیەو هەرێمی کوردستان هێزی فەرمی خۆی هەیەو ئەوان دەتوانن کوردستان بپارێزن و نابێت هیچ هێزێکی نایاسایی هەبێت، ئێمە دەمانەوێ ئەو هێزانەی هەرێمی کوردستانیش کە لە دەرەوەی وەزارەتی پێشمەرگەن نەهێڵین، جا چۆن دەبێ لەم کاتەدا هێزێک لەلایەن حزبێکی ئۆپۆزسیۆنی وڵاتێکی ترەوە لەناو هەرێم دروست بکرێ لە دەرەوەی یاساو بۆ دژایەتی وڵاتێکی تر.

داوادەکەین ئەو ململانێ چەکدارییە لەسەر سنوری هەرێمی کوردستان نەمێنێ و کێشەکان بە گفتوگۆ و ئاشتی چارەسەربکرێن، داوادەکەین خاکی هەرێم بۆ هەڕەشە لە وڵاتانی دراوسێ بەکارنەهێنرێ، بۆئەوەی یاسای نێودەوڵەتی جێبەجێ بکرێ و چیتر بیانوو بۆ ئەو فەرمانە هێزی پێشمەرگەش بگرێتەوە، لە وەڵامدا فەریق جەبار یاوەر ئەمینداری گشتی و وتەبێژی وەزارەتی پێشمەرگە، ڕایگەیاند: هێزی پێشمەرگەی کوردستان هێزێکە دەیان ساڵە دروست بووە، هێزەکانی حەشدی شەعبی لەساڵی 2014 و بەهۆی فەتواپەکی مەرجەعی باڵای شیعەکانی عێراق بەڕێز عەلی سیستانی دروست بوو دوای ئەوەی داعش هێرشی بۆ سەر عێراق کرد و چەندین ناوچەی خستە ژێر ڕکێفی خۆی و هەڕەشەی گرتنی شوێنی دیکەشی دەکرد. بەاڵم پێشمەرگە هێزێک نییە لە حاڵەتێکی لەناکاو دروست بووبێت، بۆیە جیاوازیی هەیە لەنێوان هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی حەشدی شەعبی، هێزی پێشمەرگە حەشدی شەعبی، شەرعییەو لەچوارچێوەی وەزارەتێکی فەرمییە و هەروەها دەستوور ڕێگەی دروستبوونی پێداوە، بەاڵم هێزی حەشدی شەعبی لە حزبە شیعییەکان دروست بوون لەکاتێکی لەناکاو بۆ شەڕی داعش، بۆیە دەبێت لە چوارچێوەی سیستەمی بەرگری بەپێی یاسا ڕێکبخرێنەوە.

ئەمڕۆش پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە

خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازی هەمواری یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان کرا



دوێنێ یەکشەممە 2019/7/7 پەرلەمانی کوردستان کۆبووەو و خوێندنەوەی دووەمی بۆ پێشنیازی هەمواری یاسای ئەنجوومەنی پارێزگەکان کرد کە تیایدا پێشنیازکراوە وادەی ئەم خولەی ئەنجوومەنی پارێزگاکان درێژ بکرێتەوە و ڕێگا بدرێت پارێزگار لە دەرەوەی ئەنجوومەن هەڵبژێردرێت، هەروەها پەرلەمان بانگهێشتی ئەندامەکانی کرد کە ئەمڕۆ دووشەمە پەرلەمان جارێکی تر کۆدەبێتەوە.

لە پێشنیازە یاساییەکەدا خاڵی 1 لە بڕگەی سێیەم لە مادەی شەشەمی یاسای ژمارە 3ی ساڵی 2009ی ئەنجوومەنی پارێزگەکان تایبەت بە پۆستی پارێزگار هەموار دەکرێتەوە بەم شێوەیە، هەڵبژاردنی پارێزگار لە دەرەوەی ئەندامانی ئەنجوومەن یان لەنێواندا بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەن دەبێت لە ماوەیەکدا کە لە 30 ڕۆژ لە میژووی یەکەم دانیشتنیان تێپەڕ نەکات.

هاوکات هەر بەپێی هەمواری یەکەمی یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان تایبەت بە ماوەی یاسایی کارکردنیان، ئەو خاڵەش هەموار دەکرێتەوە و بەمشێوازە کە لە پرۆژە پێشنیازەکەدا هاتووە، بەدەر لە حوکمی برگەی دووەم لە ماددەی چوارەمی یاساکە ئەم خولەی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە پیادەکردنی تایبەتمەندییەکانیان لەکاتی کۆتایی هاتنی ماوەی یاسایان تا هەڵبژاردنی خولێکی نوێی ئەنجوومەن بەردەوام دەبن.

هەروەها بە گوێرەی بانگهێشتنامەیەکی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کە دوێنێ یەکشەممە بڵاوکرایەوە، کاتژمێر 11ی ئەمڕۆ دووشەمە 2019/7/8 کۆبوونەوەی پەرلەمان ئەنجامدەدرێت.

ئێران پابەندبوونی بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی کەم دەکاتەوە

یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئێران، عەباس عراقچی ڕایگەیاند کە لە ڕێگەی زیادکردنی ئاستی پیتاندنی یۆرانیۆم، دەست دەکەن بە کەمکردنەوەی پابەندبوونیان بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی. دوێنێ یەکشەممە عەباس عراقچی لە کۆشکی کۆماری لە تاران سەبارەت بە کەمکردنەوەی پابەندبوونی ئێران بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی بۆ ڕۆژنامەوانان دوا کە بووتە ڕۆژەڤ. یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئێران، عەباس عراقچی گوتی: لەبەر ئەوەی هەندێک لایەن وەک پێویست پابەندی ڕێککەوتنی ئەتۆمی نەبوون، ئێمەش لای خۆمانەوە دەست دەکەین بە کەمکردنەوەی پابەندبوونمان بە ڕێککەوتنەکە. عەباس عراقچی باسی لەوەشکرد کە کەمکردنەوەی پابەندبوونیان بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی بەواتای دەرچوونی ئێران نایەت لە ڕێککەوتنەکەدا.

پارتی کاندیدەکانی بۆ وەزارەتەکانی کابینەی نۆیەمی حکوومەت یەکلایی کردووەتەوە

حزبە سیاسییەکان کاندیدانی خۆیان بۆ پۆستی وەزارەتەکان دیاریکرد



پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی نزیکبووەتەوە و حزب و لایەنە سیاسییەکانیش کاندیدانی خۆیان بۆ پۆستی وەزارەتەکان دیاریکردووە، بەرپرسێکی پارتیش رایدەگەیەنێت کە پێکهێنانی کابینەی حکوومەت لە کاتوساتی خۆیدا دەبێت.

خەسرۆ گۆران، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، رایگەیاند: پارتی کاندیدەکانی خۆی بۆ پۆستی وەزارەتەکان یەکلایی کردووەتەوە و چاوەڕوانی کۆتا بڕیاری پێکهێنانی حکوومەت دەکات کە لە کاتوساتی خۆیدا حکوومەت پێکدەهێندرێت.

هەروەها دوێنێ یەکشەممە، مالپەڕی کەی ئێنی ئێنی سەر بە بزووتنەوەی گۆڕان، رایگەیاند: بزووتنەوەی گۆڕان کاندیدانی خۆی بۆ پۆستە وەزارییەکانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی راسپێردراوی پارتی بۆ پێکهێنانی حکوومەت کرد. بەگوێرەی هەمان سەرچاوە، بزووتنەوەی گۆڕان هەر یەکە لە ئاوات شێخ جەنابە بۆ پۆستی وەزیری دارایی، کۆیستان محەمەد بۆ پۆستی وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، دانا عەبدولکەریم بۆ پۆستی وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، کەمال موسلیم بۆ پۆستی وەزیری بازرگانی و پیشەسازی کاندیدکردووە.

هەروەها شێخ جەعفەر ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی بە کوردستان24ی راگەیاندووە: یەکێتی کاندیدەکانی یەکلاییکردووەتەوە و ڕادەستی مەسرور بارزانی راسپێردراوە بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی دەکات، شێخ جەعفەر لەبارەی دۆخی کەرکووکیش گوتی: پارتی و یەکێتی پێکەوە کەرکووک بەڕێوەدەبەن و هەولێدەدەن یەکڕیزی و یەکێتیی بۆ شاری کەرکووک بگەڕێننەوە.

خەسرەو گۆران بۆ «خەبات»:

پارتی هەوڵدەدات کەسانی بەهێز لە پۆستەکان دابندرێن

بەگوتەی خەسرۆ گۆران، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتی کاندیدەکانی خۆی بۆ وەزارەتەکان یەکلایی کردووەتەوە و چاوەڕوانی کۆتا بڕیاری پێکهێنانی حکوومەت دەکات کە لە کاتوساتی خۆیدا حکوومەت پێکدەهێندرێت. خەسرەو گۆران، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی لە لێدوانێکیدا بۆ خەبات ڕایگەیاندووە: پارتی کاندیدەکانی خۆی بۆ وەزارەتەکانی کابینەی نوێی حکوومەت یەکلایی کردووەتەوە و ناوەکانیان بۆ وەزارەتەکان داندراون. گۆران ئەوەشی ئاشکرا کرد کە ئەم هەفتەیە پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە و بڕیارە لە کاتوساتی خۆیدا کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێکبهێندرێت.

خەسرەو گۆران ئاماژەی بەوەش کرد کە پارتی لە هەوڵی ئاواکردنی کوردستانێکی بەهێز دایە و هەوڵیش دەدات کەسانی بەهێز لە پۆستەکان دابندرێن، هەر بڕیە جگە لە وەزیرەکان، لە ئاستی مەکتەبی سیاسی و مەکتەبەکاندا لیژنە بۆ پۆستەکانی خوارەوەی وەزیرەکان داندراوە.

ئومێد خۆشناو بۆ «خەبات»:

بە دڵنیاییەوە لەم هەفتەیە متمانە بە حکوومەتی نوێ دەدرێت



ئومێد خۆشناو سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند ئەمڕۆ دووشەممە ناوی کاندیدەکانی پارتی بۆ پۆستە وەزارییەکان ڕادەگەیەنرێت.

ئومێد خۆشناو بە خەباتی ڕاگەیاند "کاندیدەکانی پارتی بۆ پۆستە وەزارییەکان یەکلایی کراونەتەوە، بەڵام تۆزێک بەحەزەر بووین، بۆیە ناوەکانمان بڵاونەکردەوە، دووشەممە مەکتەبی سیاسی پارتی یان فراکسیۆنی پارتی، ناوەکان ڕادەگەیەنێت".

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی گوتیشی: لەم هەفتەیەدا بەدڵنیاییەوە کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام دەدرێت، بەڵام هێشتا ڕۆژەکەی دیاری نەکراوە و لە بەرنامەی کاردا ڕۆژەکە دەستنیشان دەکرێت، واتە بە دڵنیاییەوە لەم هەفتەیە متمانە بە حکوومەتی نوێ دەدرێت".

جێی باسە هەریەک لە بزوتنەوەی گۆڕان و یەکێتی ناوی کاندیدەکانی خۆیان بۆ کابینەی نوێ ڕادەستی مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی راسپێردراو کردووە.

ئاشنا عەبدوڵڵا: لە وادەی خۆیدا کابینەی نوێ پێکدێت



پەرلەمانتارێکی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، لەو وادەیەی بۆ کابینەی نوێ دیاری کراوە، حکوومەت پێکدێت.

دەشڵێت، چوارشەممە یاخود پێنجشەممە متمانە بە کابینەی نوێی حکوومەت دەدرێت. بە مەبەستی پێکهێنانی کابینەی نوێ و متمانەدان بە وەزیرەکان، بەڕواری 2019/6/30 پەرلەمانی کوردستان خولی بەهاری ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی تاوەکو بەڕواری 2019/7/15 دریژ کردەوە.

ئاشنا عەبدوڵڵا، پەرلەمانتاری بزووتنەوەی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە، پێش دوو ڕۆژ پەرلەمان بانگهێشتنامە بۆ پەرلەمانتاران دەنێرێ، بەڵام تاوەکو سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان بە فەرمی بانگهێشتی ئەندامانی پەرلەمان نەکات، ناتوانین بڵێین لە فلان ڕۆژەدا کۆبوونەوەکە دەکرێت، چونکە تاوەکو ئێستا بە تەواوی دیاری نەکراوە، هۆکارەکەشی بۆ ڕادەستنەکردنی سیڤیی کاندیدەکان گەڕاندەوە.

هاوکات ئەو پەرلەمانتارە ئاشکرایشی دەکات، لە نێوان 10 و 11ی ئەم مانگەدا کۆبوونەوەی پەرلەمان دەکرێت، هەروەها ڕایدەگەیەنێت، لەو وادەیەی بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەم دیاری کراوە، کابینەی نوێ پێکدێت. ئاشنا عەبدوڵڵا، ئەوەیشی ڕاگەیاند، دەرفەتێکی وا نەماوە، بۆیە پەرلەمانیش وادەی ئەم وەرزەی دریژ کردووەتەوە بۆ 15 ڕۆژی تر تاوەکو کابینە پێکبێت، ناوبراو ڕوونیشی کردەوە، لەو وادەیەی دیاریکراوە بۆ کابینەی نوێ، کاندیدی ڕاسپێردراو بۆ سەرۆکوەزیران و کاندیدی لایەنەکان بۆ پۆستی وەزارەتەکان سوێندی یاسایی دەخۆن. سەبارەت بە سیڤیی کاندیدەکانیش کە ئایا تاوەکو ئێستا ڕادەستی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان کراون، ناوبراو ڕایگەیاند، کە تاوەکو ئێستا سیڤیی کاندیدەکان ڕادەستی پەرلەمان نەکراون.

کونسوڵی کۆریای باشوور:

پێش یۆنانییەکان دیموکراسییەت لەلای کورد هەبووە

کورد لە سەردەمی سۆمەرییەکاندا دیپلۆماسییەتی هەبووە

رووداو/ کونسوڵی کۆریای باشوور دەڵێت، هەرێمی کوردستان ئەو شوێنەیە کە دیموکراسییەت لێیەوە سەرچاوەی گرتووە، بەجۆرێک "دیموکراسییەتی کورد، زۆر بەر لە یۆنانییەکانیش هەبووە". دوێنێ یەکشەممە 2019/7/7 ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو سیمینارێکی بەناوی "دیپلۆماسیەتی خەڵک و پەرەسەندنی دیپلۆماسی" بۆ چۆی کوانژین، کونسوڵی گشتیی کۆماری کۆریا لە هەولێر ڕێکخست.

لەسیمینارەکەدا چۆی کوانژین گوتی: هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەو شوێنەیە کە دیموکراسی لێیەوە سەرچاوەی گرتووە. ئێوە باوەڕ بەوەدەکەن! لە کۆندا و لە سەردەمی خێڵەکیدا، لە کاتی ڕەوەندیدا کە بە مەڕەکانیان لە ناوچەیەکەوە دەچوونە شوێنێکی دیکە، لە ئەنادۆڵ و لە ئیستەنبوڵەوە دەهاتن، لەو کاتەدا سیستەمێک هەبووە، ئەویش سیستەمی هەڵبژاردنی سەرۆکی خێڵەکە، کەس ئەمەی دەزانی؟ دەبینین دیموکراسییەتی کورد زۆر بەر لە یۆنانییەکانیش هەبووە. ئێوە ئەمەتان دەزانی".

کونسوڵی کۆریای باشوور گوتیشی: ئێوە دەبێت شانازی بە هەرێمەکەتانەوە بکەن. من سەرسامی کولتووری ئێوەم، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئێوە وزە و هێزێکی زۆرتان هەیە کە دەبێت لە داهاتوودا سوودی لێببینن.

لەبارەی میژووی دیپلۆماسییەت لەلای کورد، کونسوڵی کۆریای باشوور گوتی: ئێوە لە سەردەمی سۆمەریەکان دیپلۆماسییەتتان هەبووە. دیموکراسی، ئێوە زۆر پێشتر لە سەردەمی خێڵەکی ئەزموونتان کردووە.

هەر لە سیمینارەکەدا چۆی کوانژین پەیامێکی ئاراستەی خەڵکی هەرێمی کوردستان کرد و گوتی: ئێستا کاتی ئەوەیە ئەم دووشتە "دیموکراسییەت و دیپلۆماسی" بەیەکەوە کۆبکەنەوە، ئێوە دەتوانن گۆڕانکارییەکی گەورە ئەنجامبدەن. من بڕوایەکی پتەوم بەوە هەیە، بۆیەش من دووبارە هاتوومەتە ئێرە، 14 ساڵ بەر لە ئێستا من لێرە بووم لە یەکەی زەیتوون، بەڵام جارێکی دیکە گەڕامەوە، بۆچی؟ خۆ چەندین بژاردەی دیکە هەبوون کە بچم لە وڵاتانی دیکە خزمەت بکەم، بەڵام من ئێرەم هەڵبژارد، چونکە زۆرم لەبارەی میژووی دیپلۆماسی خوێندووەتەوە و شتێک سەرسامی کردم کە ئەویش هەرێمی کوردستان کە ئەویش کە (دیپلۆماسییەتی) لێیەوە سەرچاوەی گرتووە و هەروەها بۆ دیموکراسییەتیش، ئێوە هێزتان هەیە و بیرتانە پێناسەی هێز چییە. ئێوە ئەو هێزەتان هەیە.





بۆمبێکی چێندراوی داعش لە «شێخ باوە» جووتیارێکی کوردی کردە ئامانج

سەرلەبەیانیی دوێنێ یەکشەممە لە ئاکامی تەقینەوەی بۆمبی چێندراوی چەکدارانی داعش لە ناوچەی "شێخ باوە"ی نێوان شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان و شارەدێی جەلەولای سەر بە شارۆچکەی خانەقین، جووتیارێک قاچەکانی پەڕیوە و لە شارەدێی جەلەولاش داڕمانی سەقفی خانوو بووە هۆی گیان لەدەستدانی هاوڵاتییەک.

رائید سمکۆ عەلی، بەڕێوەبەری ئاسایشی شارەدێی (کولەجۆ)ی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گەرمیان، ڕایگەیاند: "یەکشەممە 7ی تەمموزی 2019 لە ئاکامی تەقینەوەی بۆمبێکی چێندراو لە کیلگەی جووتیارانی ناوچەی "شێخ باوە"ی نێوان شارۆچکەی کەلار و شارەدێی گوڵاڵە، جووتیارێک قاچەکانی پەڕیوە".

هاوکات عەلی حەیدەر، ئەفسەری هەواڵگریی پۆلیسی دیالە ڕایگەیاند، دەرئەنجامی شەوی ڕابردوو لە جەلەولا سەقفی خانوو کەوتووە بەسەر هاوڵاتییەکدا و گیانی لەدەست داوە. گوتیشی: "ئەو هاوڵاتییە پاش ئەوەی بەر لە 4 ساڵ لەلایەن داعشەوە زیان بە خانووەکەی گەیەنرابوو، خانووی نۆژەن کردبووەوە.

ئەو ئەفسەرە ڕاشیگەیاند: بەرلە هەفتەیەکیش لە هەمان شوێن تەقینەوە بووە هۆکاری گیان لەدەستدانی جووتیارێک و برینداربوونی 3جووتیاری دیکە.

کتێبێکی لەسەر کوردستان بەناوی (موعجیزەی کورد) نووسیوە

ستیڤن مانسفیلد بۆ «خەبات»: تڕەمپ بەهێواشی حزبوڵڵا و حوسییەکان و حەشدی شەعبی دەخنکێنێت

خەبات/مەریوان تەقشبەندی:
لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات ستیڤن مانسفیلد بیرمەند و نووسەری ئەمەریکی ئاماژە بەسیاسەتی تڕەمپ لەگەڵ ئێران و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات و دەڵێت: تڕەمپ بەهێواشی حزبوڵڵا و حوسییەکان و حەشدی شەعبی دەخنکێنێت و لەگەڵ ئێرانێکی نوێدا ڕێکدەکەوێت.

ستیڤن مانسفیلد کە نووسەرێکی ئەمەریکی بەناوبانگە و بەرهەمەکانیشی پڕفرۆشترین کتێبەکانی جیهانن و کتێبێکیشی لەسەر کوردستان بەناوی (موعجیزەی کورد) نووسیوە لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: ئێرانییەکان لەهەر تاقمێکی تری ئیسلامییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شارەزاترن لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەمەریکا، بۆیە دۆنالد تڕەمپ کاتی زیاتری دەوێت بۆ تەسلیمبوونی ئێران و بەرپرسە بااڵکانی ئەم وڵاتە.

ستیڤن مانسفیلد کە چەند کتێبێکیشی لەسەر سیاسەتەکانی بوشی باوک و بوشی کوڕ و ئۆباما نووسیوە و لە ئێستاشدا سەرقاڵی نووسینی کتێبێکە لەسەر دۆنالد تڕەمپ، لە درێژەی لێدوانە تایبەتەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات دەڵێ: ئیدارەی تڕەمپ کارێکی ژیرانەی کرد کاتێ وەاڵمی گێچەڵی ئێرانییەکانی بەخستنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی ئەمەریکی بەکردەوەی سەربازی نەدایەوە، چونکە ئێران ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گوشاری ئابووری و سزاکانی سەری زیاتر تەنگی پێهەڵدەچنێ و نایەوێ لەکاتی لاوازیدا و لەناو ناڕەزایی و بێکاری ئێرانییەکان و شکانی یەکجارەکی ئابووری وڵاتەکەی بچێتە شەڕەوە لەگەڵ ئەمەریکا، بەڵکو دەیەوێ لەم بارودۆخە ناسەقامگیرە سیاسییەی ناوچەکەدا ئەمەریکا ڕاکێشێ بۆ شەڕ، بەو هیوایەی ڕای گشتی ناوچەکە و جیهان بۆ بەرژەوەندی خۆی بقۆزێتەوە.

بەاڵم ئیدارەی ئەمەریکا ژیرانەتر مامەڵە دەکات و دەیەوێ کلک و گوێکانی ئێران لە لوبنان و یەمەن و سووریا و عێراق ببڕێت و وردەورده ئێران بەسزاکانیش بخنکێنێت تا ئەو ڕادەی بەڕپرسانی ئێران خۆیان تەسلیمی ئیرادەی واشنتن دەکەن و ئەو ئێرانە مولتەزیمە دەبێت کە نە چەکی ئەتۆمی بەرهەم دێنێت و نە دەبێتە هەڕەشەش لەسەر ئاسایشی وڵاتانی هاوپەیمانی ئەمەریکا لە ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست.





سوپای پاسداران کۆڵبەرێکی لاوی خەڵکی سەردەشتیان کوشت

ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو لە ڕاگەیندراوێکدا لە ماڵپەڕی فەرمی خۆی ڕایگەیاندووە: کۆڵبەرێکی لاو لە سنوری شاری سەردەشت بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی ئێران کوژرا. هەنگاو ڕایگەیاندووە: نیوەڕۆی دوێنێ یەکشەممە هێزە چەکدارەکانی ئێران لە سنوری کانی زەردی سەردەشت، تەقەیان لە کاروانێکی کۆڵبەران کردووە و کۆڵبەرێکی لاویان کوشتووە کە تا ئێستاش ناسنامەی ئەو کۆڵبەرە لاوە کە تەرمەکەی بۆ نەخۆشخانە گوازراوەتەوە ڕوون نەبووەتەوە.
بە پێی زانیارییەکانیش باری کۆڵبەرە لاوەکە جگەرە بووە و دەست بەجێ بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ئێران گیانی لەدەستداوە.



هاوپەیمانییەتی عەرەبی خستەخوارەوەی فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی حووسییەکانی ڕاگەیاند

هاوپەیمانییەتی عەرەبی ڕایگەیاند کە فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی حووسییەکانی یەمەنیان کە ڕەوانەی سعوودیە کرابوو، خستووەتەخوارەوە. تورکی مالکی گوتەبێژی هاوپەیمانییەتی عەرەبی، لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەدا فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان کە لە سەنعای پایتەختی یەمەنەوە بەڕێکەوتبوو لە لایەن هێزەکانی هاوپەیمانییەتییەوە خراوەتەخوارەوە. ناوبراو ئەو دەنگۆیانەی حووسییەکانیشی ڕەتکردەوە کە ئاماژەیان بەوەدابوو فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانیان بەسەرکەوتووانە ئامانجەکانی خۆی پێکاوە، لەمبارەیەوە تورکی مالکی ڕایگەیاند کە فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکە لە ڕێی سیستەمی بەرگریی ئاسمانییەوە ڕەوانە کرابوو، بەرلەوەی بگاتە ئاسمانی سعودیە خراوەتەخوارەوە.

ئێران...

بڕیاری بەخشینی کۆئەندامی زیندانیانی لەسێدارەدراو بووەتە جێی مشتومڕ

بڕیاری ئیبراهیم ڕەئیسی بەرپرسی دەزگای دادوەری ئێران بۆ ڕێگەدان بە بەخشینی کۆئەندامی لەشی ئەو زیندانیانەی کە سزای مەرگ دەدرێن، نارەزایەتی زۆری لێ کەوتووەتەوە. بەگوێرەی دەنگی ئەمەریکا ئیبراهیم ڕەئیسی ڕایگەیاندووە: ڕێگە دەدرێت بە بەکارهێنانی کۆئەندامی ئەو زیندانیانەی کە سزای مەرگ یان بڕینی کۆئەندامیان بەسەردا سەپێندراوە، بەو مەرجەی زیندانییەکە خۆی بەوە ڕازیبێت. کۆمەڵێک لە پزشکان و پارێزەرانی ئێران لە بەیاننامەیەکدا ڕایانگەیاندووە کە ئەو بڕیارە دژی پرنسیپەکان مافەکانی مرۆڤ و یاسا نێونەتەوەییەکانە. بەرپرسی کۆمەڵەی پزشکانی نەشتەرگەری ڕایگەیاندووە لەگەڵ ئەوەی ئەم بڕیارە بڕیارێکی گونجاو نییە و دەشبێتە هۆی ئەوەی کولتووری بەخشینی کۆئەندامی لەش لە ئێراندا بخاتە مەترسییەوە. دکتۆر عەلی جەعفەریان پزشکی نەشتەرگەری چاندنی جگەر، دەڵێت: پزشکەکان بە هیچ شێوەیەک ئەم شتە قبوول ناکەن و ئامادە نین کۆئەندامی لەشی کەسێکی لەسێدارە دراو بۆ چاندن بەکاربهێنن.



بانکی ناوەندی عێراق، یەک ملیار دینار بۆ نۆژەنکردنەوەی شوێنەوارەکانی شاری بابل تەرخان دەکات

یونسکۆ بڕیاریدا شاری بابلی شوێنەواری بخرێتە ناو لیستی شوێنەوارە جیهانییەکان

لە ڕاگەیاندراوێکدا، بانکی ناوەندی عێراق باڵوێکردووەتەوە کە، بە ئامانجی جێبەجێکردنی مەرجی لیژنەی شوێنەوارە جیهانییەکانی یونسکۆ سەبارەت بە لابردنی پاشماوەکان لە شوێنەوارەکانی شاری بابل، یەک ملیار دینار بۆ نۆژەنکردنەوەی شوێنەوارەکانی شارەکە تەرخان دەکات. بانکی ناوەندی عێراق ئەوەیشی خستووەتەڕوو لە ماوەکانی داهاتوودا، دوای ڕاوێژ و گفتوگۆ لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری، شوێنەوارەکانی پارێزگای بابل و لایەنە پەیوەندارەکان، پارەکە بۆ نۆژەنکردنەوەی شوێنەوارەکانی شاری بابل خەرج دەکات.
جێی باسە ڕۆژی هەینی لیژنەی شوێنەوارە جیهانییەکانی یونسکۆ بەکۆی دەنگ بڕیاریدا شاری بابلی شوێنەواری بخرێتە ناو لیستی شوێنەوارە جیهانییەکانی ڕێکخراوەکە بەو مەرجەی تاوەکو مانگی شوباتی ساڵی داهاتوو پاشماوەکانی لابببردێت. لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئامادەی دانیشتنی خولی 43ی خولی لیژنەی شوێنەوارە جیهانییەکانی یونسکۆ بوون کە لە باکو پایتەختی ئازەربایجان بەڕێوەچوو و تاوتوێی دۆسیەی بابل و دەنگدان لەبارەیەوە بەڕێوەچوو. لە بەیاننامەکەدا ئاماژە بەوەش دراوە، ئەندامانی لیژنەی شوێنەوارە جیهانییەکانی یونسکۆ کە ژمارەیان 21کەسە، بەکۆی دەنگ بڕیاریاندا شاری بابلی شوێنەواری بخرێتە ناو لیستی شوێنەوارە جیهانییەکانی ڕێکخراوەکە.



ئەمەریکا.. لە تەقینەوەیەکدا 20 کەس بریندار بوون

لە ئەنجامی تەقینەوەیەک بەهۆی دزەکردنی غاز لە مۆڵێکی ویلایەتی فلۆریدای وڵاتی ئەمەریکا بەاڵنی کەم 20 کەس بریندار بوون. بەپێی ئەو هەواڵانەی لە ڕاگەیاندنەکانی خۆجێیی ئەو وڵاتە باڵوکراوەتەوە، لە شاری پاڵنتەیشنیی باشووری ویلایەتی فلۆریدا، بەهۆی دزەکردنی غازەوە تەقینەوەیەک لە مۆڵێکی ئەو شارە ڕوویدا.
تەقینەوەکە لە ڕێستۆرانتێکی پیتزا ڕوویداوە و بەاڵنی کەم 20 کەس بریندار بوون کە دۆخی تەندروستی دووانیان ناجێگیرە. بەهۆی تەقینەوەکە شوێنەکانی دیکەی کارکردنیش زیانیان بەرکەوت و شەقامی بەردەم مۆڵەکەش بە ڕووی هاتووچۆدا داخرا. هەروەها بەڕێوەبەرایەتی ئاگرکوژێنەوەی ئەو شارە ڕایگەیاند کە تەقینەوەکە بەهۆی دزەکردنی غازەوە بووە.



مووشەکی بەرگریی S400 پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمەریکا ئاڵۆزتر دەکات

تورکیا ڕوو لە بازاڕەکانی چەکی ڕووسیا دەکات

خەبات: زانکۆ جاف

ڕۆژنامەی (فاینانشیاڵ تایمز)ی ئەمەریکی لەبارەی پەیوەندیی نێوان ئەمەریکا و تورکیا کە بەهۆی مووشەکی بەرگریی S400 و فڕۆکەی جەنگیی F35ەوە ئاڵۆز بووە، ڕاپۆرتێکی بڵاوکردۆتەوە و پێی وایە ڕاستە ئەمەریکا پەیامێکی زۆر نەرمی بە تورکیا داوە لەو ڕووەوە، بەڵام ڕەنگە بە لەسەرەخۆیی و لە داهاتوودا پەیوەندیی نێوان ئەو دوو وڵاتە بگاتە ئاستێکی خراپ و کارەساتیشی لێ بکەوێتەوە. بەگوێرەی زانیارییەکانی ئاژانسی بلۆمبێرگی ئەمەریکی کە لە سەرچاوەی تورکییەوە دەستیکەوتووە، ئەگەر ئەمەریکا فڕۆکەی شەڕکەری جۆری F35بە ئەنقەرە نەفرۆشێت، بیر لە کڕینی فڕۆکەی جەنگیی ڕووسی دەکاتەوە.

ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکان

ڕۆژنامەی (فاینانشیاڵ تایمز)ی ئەمەریکی لەبارەی پەیوەندیی نێوان ئەمەریکا و تورکیا کە بەهۆی مووشەکی بەرگریی S400 و فڕۆکەی جەنگیی F35ەوە ئاڵۆز بووە، ڕاپۆرتێکی بڵاوکردۆتەوە و پێی وایە ڕاستە ئەمەریکا پەیامێکی زۆر نەرمی بە تورکیا داوە لەو ڕووەوە، بەڵام ڕەنگە بە لەسەرەخۆیی و لە داهاتوودا پەیوەندیی نێوان ئەو دوو وڵاتە بگاتە ئاستێکی خراپ و کارەساتیی لێ بکەوێتەوە. ڕۆژنامەکە باسی لە کۆبوونەوەی نێوان دۆنالد ترەمپ و ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری هەردوو وڵات دەکات لە کۆبوونەوەی لوتکەی G20 کە لەوێدا ترەمپ ڕازی بووە تورکیا ببێتە خاوەنی مووشەکی بەرگریی S400 بەڵام ئەم بابەتە لێرەوە کۆتایی پێ نایەت. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە "ڕاستە ئەردۆغان زۆر دڵخۆش بووە کاتێک کۆبوونەوەی لەگەڵ ترەمپدا ئەنجام داوە، چونکە پەیامی خۆشی لە ترەمپەوە وەرگرت، بەڵام ئەگەر ئەردۆغان زۆر باوەڕ بە ترەمپ بکات بەوەی هەموو شتێک لە تورکیا قبووڵ دەکات و نەرم بووە بەرامبەری، ئەوە بیرکردنەوەیەکی عاقڵانە نییە."

سەرکەوتنێکی گەورە بۆ فلادیمیر پوتین

ڕۆژنامەی فاینانشیاڵ تایمز لە دریژەی شڕۆڤەکەیدا نووسیویەتی: کڕینی مووشەکی بەرگریی S400 لە ڕووسیا لەلایەن تورکیاوە، وەکوو سەرکەوتنێکی گەورە لێکدەدرێتەوە بۆ ڤلادیمیر پوتین سەرۆکی ڕووسیا بەرانبەر بە وڵاتانی ناتۆ، چونکە کڕینی ئەو مووشەکە لەلایەن تورکیاوە، حیساب بۆ نەکردنی چەکەکانی وڵاتانی ئەندامە لە ناتۆ، هەروەها ئەگەر ئەو مووشەکە بەرگرییە لە تورکیا جێگیر بکرێت، ئەوکات ڕووسیا بەهێزترین چەکی ناتۆ کە فڕۆکەی جەنگیی F35 دەخاتە ژێر دەزگا هەواڵگرییەکانی خۆیەوە، واتە بە مووشەکی بەرگریی S400 دەتوانێت زانیاری لەسەر ئەو فڕۆکە جەنگییەی ناتۆ کۆ بکاتەوە. لەلای خۆیەوە حکوومەتی تورکیا هۆشداریی دەداتە ئەمەریکا بەوەی ئەگەر فڕۆکەی F35 بە تورکیا نەفرۆشێ، ئەوا تورکیا فڕۆکەی ڕووسی دەکڕێت.

هۆشداریییەکانی تورکیا

حکوومەتی تورکیا هۆشداریی دەداتە ئەمەریکا بەوەی ئەگەر فڕۆکەی F35 بە تورکیا نەفرۆشێ، ئەوا تورکیا فڕۆکەی ڕووسی دەکڕێت. بەهۆی کڕینی سیستەمی مووشەکیی S400 لەلایەن تورکیاوە، پەیوەندییەکانی ئەنقەرە و واشنتن ئاڵۆزی تێکەوتووە و ئەمەریکا هەڕەشەی ئەوە دەکات، کە ئەگەر تورکیا ئەو مووشەکە بکڕێ، ئەوا فڕۆکەی F35ی پێ نافرۆشێ. ماڵپەڕی RTی ڕووسی لە زاری سەرچاوەیەکی حکوومەتی تورکیا باڵاوی کردووەتەوە، کە ئەگەر ئەمەریکا ئەو فڕۆکەیە بە تورکیا نەفرۆشێ، ئەوا تورکیا بیر لە کڕینی فڕۆکەی جەنگیی ڕووسی دەکاتەوە. لە ساڵی 2017 ئەنقەرە ڕێککەوتنێکی لەگەڵ مۆسکۆ واژۆ کرد بۆ کڕینی سیستەمی S400کە پێشکەوتووترین سیستەمی دژە مووشەکی و دژە فڕۆکەیە و لە ڕووسیا دروست دەکرێت. ئەمەریکا چەند جارێک هۆشداریی داوەتە تورکیا و ڕایگەیاندووە، لە ئەگەری کڕینی ئەو مووشەکە ڕووسییە، چەندین سزا بەسەر تورکیادا دەسەپێنێت.

سزادانی تورکیا

بەڕێوەبەرایەتیی سەرۆکی ئەمەریکا دانۆڵد ترامپ هێشتا پلان دادەنێت بۆ سەپاندنی سزا بەسەر تورکیادا و دەرکردنی ئەو وڵاتە لە پڕۆگرامی فڕۆکەی جەنگی ئێف 35، ئەمەش ئەگەر تورکیا سیستەمی ئێس 400ی ڕووسی دەستەبەر بکات. ئەردۆگان دوای چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ ترامپدا لە ژاپۆن وتی وڵاتەکەی ڕووبەڕووی سزای ئەمەریکا نابێتەوە کاتێک سیستەمە بەرگرییە مووشەکییەکە ئێس 400ە ڕووسییەکەیان لە ڕۆژانی داهاتوودا بەدەست دەگات. ترامپ لەمیانەی چاوپێکەوتنەکەیدا لەگەڵ ئەردۆگان وەڵامی ڕۆژنامەنووسانی نەدایەوە کاتێک چەند جارێک لێیان پرسی ئایا ئەمەریکا سزا دەسەپێنێت بەسەر تورکیادا یاخود نا.

تورکیا ڕووبەڕووی سزای ڕاستەقینە و زۆر خراپ دەبێتەوە

بەڵام بەڕێوەبەرانی حکوومەتی ئەمەریکا بە ڕێتەرزیان گوت بەڕێوبەرایەتییەکە بەنیازە سزا بسەپێنێت بەسەر تورکیادا و لە پڕۆگرامی فڕۆکەی جەنگی ئێف 35بیکاتە دەرەوە، ئەمەش لەکاتێکدا ئەگەر سیستەمی ئێس 400ی ڕووسیی وەربگرێت. وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا وتی ئەمەریکا هەمیشە بەڕوونی جەختی لەوە کردۆتەوە ئەگەر تورکیا بەردەوام بێت لە کڕینی سیستەمی ئێس 400 ئەوا ڕووبەڕووی سزای ڕاستەقینە و زۆر خراپ دەبێتەوە، لەوانەش ڕاگرتنی فڕۆشی و بەشداریکردنی لە پڕۆگرامی ئێف 35 داو بەپێی یاسای بەرەنگاربوونەوەی دوژمنانی ئەمەریکا سزای بەسەردا دەسەپێنرێت. هەروەها لە وەزارەتی بەرگری ئەمەریکاش کۆڵۆنێڵ مایک ئاندروزی وتەبێژی هێزی ئاسمانی گوتوویەتی "هیچ شتێک نەگۆڕاوە" ئەوەشی ئاشکراکردووە کە کڕینی سیستەمی بەرگری موشەکی ڕووسی ئێس 400 لەلایەن تورکیاوە لەگەڵ پڕۆگرامی ئێف 35دا یەک ناگرێتەوە، ڕێگە بە تورکیا نادەین هەردوو سیستەمەکەی هەبێت.

بازاڕی چەکی ڕووسیا

بەگوێرەی زانیارییەکانی ئاژانسی بلۆمبێرگی ئەمەریکی کە لە سەرچاوەی تورکییەوە دەستکەوتووە، ئەگەر تورکیا فڕۆکەی شەڕکەری جۆری F-35 بە ئەنقەرە نەفرۆشێت، بیر لە کڕینی فڕۆکەی جەنگیی ڕووسی دەکاتەوە. سەرچاوەیەکی تورکی بە ئاژانسەکەی گوتووە: ئەگەر تورکیا لە پڕۆگرامی F-35دوور بخرێتەوە، بەدوای جێگرەوەدا دەگەڕێین و دوور نییە فڕۆکەی شەڕکەری ڕووسی بێت. هەروەها دەست بە دیزاینی فڕۆکەی شەڕکەر و مووشەکی بالیستی دەکەین کە لە ناوخۆدا بەرهەمبهێنرێت. پێشتر وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا بەهۆی ڕێککەوتنی کڕینی سیستمی مووشەکیی بەرگریی ئاسمانی ئێس – 400ی ڕووسیا ڕایگەیاندبوو: فڕۆکەی ئێف – 35بە تورکیا نافرۆشن، چونکە ئەگەر ئەو سیستمە مووشەکییەی ڕووسیا بکڕێت، پێدەچێت مۆسکۆ بەو ڕێگایە زانیاریی لەسەر فڕۆکە شەڕکەرە ئەمەریکییەکە دەستکەوێت کە نوێیە و لە نەوەی پێنجەمە.

بەرپرسانی تورکیا کە ڕێگەیان نەداوە بلۆمبێرگ ناویان بنووسێت گوتوویانە: ئەنقەرە سیستمی ئێس – 400ی ڕووسی بە باشتر دەزانێت لە سیستمی پاتریۆتی ئەمەریکی، مووشەکە ڕووسییەکە دەتوانێت ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا و گەورە شاری ئیستانبوڵ بپارێزێت. لە بەرامبەریشدا تورکیا چاوەڕێی سزای ئەمەریکایە بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە پارچەی یەدەگ و کەرەستەی ئەو چەکە ئەمەریکیانەی لە بەردەستی سوپای تورکیا دایە.

ئێران دەنگۆی ڕاگرتنی کەشتییەکی بەریتانی بەدرۆخستەوە

بەرپرسێکی باڵای ئێران: دەبێ بەریتانیا لەوە بترسێت ئێران تۆڵەی خۆی بستێنێتەوە



حکوومەتی ئێران ئەو دەنگۆیانەی بەدرۆخستەوە کە باس لەوە دەکەن تانکەرێکی گواستنەوەی نەوتی بەریتانیا نادیار ڕاگرتبێت کە لە کەنداوەوە بەرەو سعوودیە بەڕێکەوتبوو.

ڕۆژی شەممە تەلەڤیزیۆنی دەوڵەتی ئێران بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی بەرپرسانی پەیوەندیدار لە ناوچەکە ڕایگەیاند: بەرپرسانی پەیوەندیدار لە ناوچەکە ئەو دەنگۆیانە بە درۆ دەخەنەوە کە میدیاکان لە سەرچاوەی هەڵەوە باڵاویان کردوونەتەوە کە گوایە تانکەرێکی گواستنەوەی نەوتی بەریتانیا لە کەنداو ڕاگیراوە. پێش ئەوەش Marine Traffic کە چاودێری هاتوچۆی نێودەوڵەتی دەریایی دەکات ڕایگەیاندبوو نزیکەی سێ کاتژمێر تانکەرێکی گواستنەوەی نەوتی بەریتانیا بە ناوی Pacific Voyager کە بەرەو بەندەری ڕاس تانورا لە سعوودیە دەڕۆیی لە بەندەوە بەسڕا ڕاگیراوە و ڕەوشەکەی بۆ "لە ژێر کۆنترۆڵدا نییە" گۆڕی بوو.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەندامی ئەنجوومەنی شارەزایانی ئێران، محەمەد عەلی موسەوی لە ڕێگای ئاژانسی هەواڵی نیمچەفەرمی حکوومەتی ئێران Fars کاردانەوەی خۆی نیشاندا بەرامبەر دەستبەسەرداگرتنی تانکەرەکانی گواستنەوەی نەوتی ئێران لە گەروو جەبەلتاریق.

موسەوی بە بیری هێنایەوە کە ئەندامی ئەنجوومەنی شارەزایانی ئێران، محەمەد عەلی موسەوی لە ڕێگای ئاژانسی هەواڵی نیمچەفەرمی حکوومەتی ئێران Fars کاردانەوەی خۆی نیشاندا بەرامبەر دەستبەسەرداگرتنی تانکەرەکانی گواستنەوەی نەوتی ئێران لە گەروو جەبەلتاریق کە سەر بە بەریتانیایە.

سوپای پاسداران فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی ئەمەریکای خستۆتە خوارەوە کە کایەی ئاسمانی ئێرانی بەزاندووە و گوتی: بەرامبەر خۆبەسەرداسەپاندن بێدەنگ دانانیشین. بە دڵنیاییەوە لەبەرامبەر ئەمەدا پەرچەکردارێکی گونجاومان دەبێت. بە ڕاشکاوی ڕایدەگەیەنم دەبێ بەریتانیا لەوە بترسێت ئێران تۆڵەی خۆی بستێنێتەوە.

جێی باسە دوای ئەوەی ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو لە هەرێمی خۆڕێبەری جەبەلتاریقی سەر بە بەریتانیا تانکەرێکی گواستنەوەی نەوتی ئێرانی دەستی بەسەرداگیرا کە نەوتی سووریای هەڵگرتبوو، ئێران هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوەی لە بەریتانیا کردبوو.

بە بڕیاری سەرکۆماری تورکیا، سەرۆکی بانکی ناوەندی تورکیا لە پۆستەکەی لادرا

بەپێی بڕیارێکی سەرکۆماری تورکیا، مورات ئویساڵ یاریدەدەری سەرۆکی باکی ناوەندی تورکیا، دیاریکرا لەبری مورات چەتینکایا وەک سەرۆکی بانکی ناوەندی کۆماری تورکیا. لەبارەی دەستنیشانکردنی ئویساڵ وەک سەرۆکی بانکی ناوەندی، بڕیاری سەرکۆمار لە ڕۆژنامەی فەرمییدا باڵاو کرایەوە.

بەپێی بڕیارەکە مورات چەتینکایا بە ماددەی زیادەی 34ی بڕیارنامە لەبری یاسای ژمارە 375 و بڕیارنامەی ژمارە 3ی سەرۆکایەتی کۆمار لە پۆستەکەی دوورخراوەتەوە کە سەرۆکی بانکی ناوەندی کۆماری تورکیا بووە. دوای چۆڵبوونی پۆستەکەش، مورات ئویساڵ کە پۆستی یاریدەدەری سەرۆکی دەزگاکەی بەڕێوەدەبرد، بووەتە سەرۆکی بانکی ناوەندیی کۆماری تورکیا. لەمبارەیەوە مورات ئویساڵ ڕایگەیاندووە، بانکەکەمان بەپێی ئەو ئەرک و بەرپرسیارییەتییانەی لەڕێی یاساوە پێیدراوە، ئامانجی سەرەکی بریتییە لە سەقامگیرکردنی نرخ و بەڕێوەبردنی سەرەخۆیانەی ئامرازەکانی سیاسەتی دراو. هەر بۆیە بەردەوام دەبێت لەو جێبەجێکردنە و لە قۆناغی نوێدا کەناڵەکانی پەیوەندی لە بەرزترین ئاستدا بەکاردەهێنن بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکان.

هۆشداریی ناتۆ بۆ ڕووسیا سەبارەت بە ڕێککەوتننامەی هێزە ئەتۆمییە مامناوەند مەوداکان

سکرتێری گشتیی ناتۆ، یەنس ستۆڵتنبێرگ، وێڕای ئاماژەدان بەوەی کە مەترسیی لەسەر ڕێککەوتننامەی هێزە ئەتۆمییە مامناوەند مەوداکان هەیە، ڕاشیگەیاند: کات تەواوەبێت، دووبارە بانگەواز لە ڕووسیا دەکەین بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتییەکانی لەچوارچێوەی ڕێککەوتننامەکەدا بەجێبگەیەنێت. یەنس ستۆڵتنبێرگ لەدوای کۆبوونەوەی کۆنسەی ناتۆ/ڕووسیا کە لە بڕۆکسل سازکرابوو، ڕوونکردنەوەی دایە ڕۆژنامەوانان و ئاماژەی بەوەکرد کۆبوونەوەکە ئاسان نەبووە بەڵام کۆبوونەوەیەکی پێویست بووە لەم کاتەدا کە گرژییەکان هەڵکشاون.

ستۆڵتنبێرگ جەختی لەوەکردەوە کە ئەمە دووەمین کۆبوونەوەی ناتۆ/ڕووسیایە لە ماوەی ئەمساڵدا تاوتوێی هەریەک لە بابەتەکانی ئۆکرایناو، ڕێککەوتننامەی هێزە ئەتۆمییە مامناوەند مەوداکان و شەفافییەتیان کردووە.

سکرتێری گشتیی ناتۆ تیشکی خستەسەر ئەوەی تاوتوێی دۆخی ئەمنییان لە خۆرهەڵاتی ئۆکراینا، ڕێککەوتننامەی مینسک و دەریای ئازۆڤیان کردووە و ڕایگەیاند: ئەندامانی ناتۆ، دووبارە بانگەوازیان لە ڕووسیا کرد بۆ ئازادکردنی کەشتییە ئۆکرایینییەکان و کارمەندانی کەشتییەکان.

یەنس ستۆڵتنبێرگ جەختی لەوەکردەوە کە ڕووسیا هیچ ئاماژەیەکی نەداوە بەوەی کە پابەندی بەرپرسیارێتییەکانی لە چوارچێوەی ڕێککەوتننامەی هێزە ئەتۆمییە مامناوەند مەوداکان دەبێت و ڕایگەیاند: ڕێککەوتننامەکە مەترسیی لەسەرە. کات تەواوەبێت، دووبارە بانگەواز لە ڕووسیا دەکەین بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتییەکانی لەچوارچێوەی ڕێککەوتننامەکەدا بەجێبگەیەنێت. ستۆڵتنبێرگ باسی لەوەکرد ئەگەر بێت و ڕووسیا بەیەوێت تەوا لەماوەیەکی کورتدا دەکرێت ڕێککەوتننامەکە بخرێتەوە بەرکار بەڵام لە دۆخی ئێستادا ناتوانرێت ڕێککەوتننامەکە ڕزگاربکرێت. بەپێویستیشی زانی ئامادەکاریی بۆ جێهانێک کە ڕێککەوتننامەی هێزە ئەتۆمییە مامناوەند مەوداکانی تێدا نییە بکرێت و ڕایگەیاند: پێویستە ڕووسیا تێبگات لەوەی کە پێشێلکردنی ڕێککەوتننامەکە باجی خۆی هەیە.

بەرپرسی لقی 16 سەردانی ژمارەیەک لە هاونیشتیمانیانی دەوروبەری هەولێر کرد



خەبات ـ سەید فەخرەدین:

هەواڵپرسین لەبارەی تەندروستی و ژیان و گوزەرانیان ڕۆژی ئەو هاونیشتیمانیانەی بەرزنرخاند لە خزمەتکردن و هاوکاریکردنی هاوواڵاتییانی دەڤەرەکانیان و بە وردی لە کێشە و گیروگرفت و پێداویستییە هەنووکەییەکانی خەڵکی خەباتگێڕانی لق سەردانی هەریەکە لە مستەفا خدر و نوری خدر و عەقید غازی شێخ وەسانی لە شارۆچکەی پیرزین و موقەدەم دیار جەبار لە کۆڕێ و سەعدی خەیلانی لە گوندی سەرکەند کرد.

لەمیانی سەردانەکانیدا بەرپرسی لقی 16ی ڕێکخراوی هەولێر پێشوازی کرد لە ئەمین غەریبە بەرپرسی یەکەی UNHCR لە هەولێر و ئیتا شووتا بەرپرسی کاروباری پەنابەرانی نێودەوڵەتی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان لە هەرێمی کوردستان.

لە دیدارێکی دۆستانەدا وێڕای بەخێرهێنانی شاندەکە، ئاماژە بە ڕەوشی پێشڤەچوونی هەولێری پایتەخت کرا لە ڕووی ئاوەدانی و ئەمنی و سیاسی، جەختیش کرایەوە سەر بەردەوامی هەماهەنگی و هاوکاری بۆ سەرخستنی کار و بەرنامەی ڕێکخراوی یونیسەر لە هەرێمی کوردستان.

داواکارییان خستەڕوو کە جێبەجێکردنیان دەبێتە مایەی خۆشگوزەرانی زیاتر بۆ هاووڵاتییانی سنوورەکانیان و لەبەرامبەردا بڵێند ئیسماعیل ئامادەیی لقی 16ی هەولێری بۆ هەرجۆرە هاوکارییەک دەربڕی کە سوود بە هاووڵاتییان بگەیەنێت.

لەبەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا ئەو هاونیشتیمانیانە خۆشحاڵی زۆری خۆیان دەربڕی بۆ سەردانی کردنیان و چەندین سەرنج و تێبینی و پێشنیاز و سنوورەکەی کۆڵییەوە بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گونجاو و پێویست بۆیان بە هاوکاری دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانین لەم سنووردا زۆرترین خزمەتگوزاری پێشکەش بکەین لەپێناو خۆشگوزەرانی زیاتری هاووڵاتی سنوورەکە بەتایبەتی و کوردستان بەگشتی.

پارێزگاری هەولێر پێشوازی لە شاندێکی باڵای ڕێکخراوی کاروباری پەنابەرانی نێودەوڵەتی UNHCR کرد



خولێکی وردبینی لە بواری بانکداریی ئەلیکترۆنی بەڕێوەدەچێت



بە مەبەستی پەرەپێدان بە توانای وردبینان، دیوانی چاودێری دارایی بە هاوکاری ئەکادیمیای Pioneers خولێکی چوار ڕۆژی لە ژێرناوونیشانی پەرەپێدان بە توانا وردبینییەکان لە بواری پرۆسەی بانکی لەگەڵ وردبوونەوە لەسەر بانکداری ئەلیکترۆنی ڕێکخست، خولەکە ڕۆژی یەکشەممە 7/7/2019 دەستی پێکرد و تا ڕۆژی چوارشەممە 11/7/2019 دەخایەنێت.

وانەبێژانی خولەکە د. سامر ئەحمەد ئەلشمایلە و ئەسعەد عەلی لە شارەزایانی بوارەکەن و لە خولەکەدا سەرەتا باس لە تەکنیکەکانی وردبینی و تەکنەلۆژیای زانیاری و بانکداری دەکرێت و دواتر بە وردی باس لە وردبینی بانکداری ئەلیکترۆنی دەکرێت. بەشداربووانی خولەکە وردبینانی فەرمانگەکانی وردبینی پارێزگای هەولێر، سلێمانی، مەڵبەندی یەک و دوو و هەروەها وردبینانی دەستەی دەستپاکین.

حاجی ئۆمەران...
ئۆتۆمبێلێک گڕی گرت

ئۆتۆمبێلێک لە جۆری نیسان سەنی لە ڕێگای گوندی دۆڵەبژنی سەر بە ناحیەی حاجی ئۆمەران گڕی گرت و سووتا. سەرچاوەیەک لە بنکەی بەرگری شارستانی چۆمان بە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕایگەیاندوە: دوای ئاگادارکردنەوەمان لە ڕووداوێکی ئاگرکەوتنەوە لە ئۆتۆمبێلێک، کە هی هاووڵاتییەک بوو بەناوی هێمن جەمیل سابیر، ڕاستەوخۆ تیمەکانمان گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە، بەڵام لەبەر دووری شوێنەکە کاتێک گەیشتین ئۆتۆمبێلەکە سووتابوو، جگە لە زیانی مادییش، هیچ زیانێکی گیانی لێنەکەوتەوە.

سەرچاوەکە گوتیشی: هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکە نادیارە.

بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆری دەرمان ئاگادارییەک ئاڕاستەی کۆگاکان و دەرمانخانەکان دەکات



خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی

بەمەبەستی ڕێگەگرتن لە فرۆشتنی پێداویستی پزیشکی بەرهەمی جوانکاری و سێکسی، بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆری دەرمان ئاگاداری هەموو کۆگاکان ودەرمانخانەکان و شوێنی فرۆشتنی پێداویستی پزیشکی دەکاتەوە کە نابێت بەهیچ شێوازێک مامەڵە بە فرۆشتنی ئەو جۆرە دەرمان و پێداویستییانە بکرێت، هەرشوێنێکیش ئەو جۆرە بەرهەمانەیان لەلایە دەتوانن بە زووترین کات ئەو دەرمان و پێداویستیانە بگەڕێنێتەوە بۆ شوێنەکەمان بەپێچەوانەوە هەر شوێنێک ئەو جۆرە بەرهەمانە مامەڵەی پێوە بکات ئەوا ڕێککاری یاسایی توند بەرامبەری دەگیرێتەبەر و ڕۆژی 1/7 دوای بەدواداچوون لەلایەن کوالیتی کۆنترۆڵی جۆری دەرمان لەسەر ڕێگای هەولێر- گوێڕ هەڵمەتێک بۆچەند کۆگایەکی گەورەی دەرمان ئەنجامدرا و دەستیان گرت بەسەر کۆگایەکی گەورەی دەرمان و بەرهەمی جوانکاری و سێکسی و پێداویستی پزیشکی ساختەش دەستی بەسەرداگیرا.

قوتابیانی دەرچووی تواناسازیی داوای شایستە دارایییەکانیان دەکەن



قوتابیانی دەرچووی پڕۆگرامی تواناسازیی حکوومەتی هەرێم کوردستان، ئەوانەی خوێندیان تەواوکردووە و گەڕاونەتەوە هەرێمی کوردستان، داوای ئەو بڕە پارەیە دەکەن کە حکوومەت دەبوو لەپای خوێندنیان لە وڵاتانی دەرەوە بیان داتێ.

ئەو قوتابیانە لە ژێر ناوی دەستەی نوێنەرانی قوتابیانی دەرەوە، پەیامێک ئاراستەی حکوومەت دەکەن و دەڵێن: بۆ بەردەوام بوونمان لە خوێندن لە کاتی قەیرانی دارایی، مالّ و مووڵکمان هەرزان فرۆشکرد، بەڵام ئێستا کە دۆخی دارایی باشترە، پارەکانمان بۆ خەرج ناکرێت. دەشڵێن: هەوڵێک هەیە دووبارە بێبەش بکرێین لە پێناو چەند قوتابییەک گوایە لەدەرەوە بەردەوامن لەخوێندن، ئێمە ڕووی پرسیار لە حکوومەت دەکەین ئایا دەکرێت دواین خولی تواناسازی لە 2011ناویان دەرچوو واتە 8 سالّ بەر لە ئێستا، کەچی تا ئێستا خەڵکانێک قوتابی بن ئاخر دکتۆرا بێت لەماوەی 8 سالّ دووجار دکتۆرا تەواودەکرێت گەر ماستەربێت چوار جار تەواودەکرێ؟ لەئەگەری جێبەجێنەکردنی داواکانیان، قوتابییەکان هەڕەشەی گرتنەبەری ڕێگای یاسایی و مەدەنی دەکەن.

دەتی پەیامی قوتابیانی تواناسازیی

بابەتی کێشەی شایستەدارایەکانی قوتابیانی دەرچووی تواناسازی کە گەراونەتەوە کوردستان،

ئێمەی کاندیدان دوای ئەوەی لەماوەی خوێندنمان تووشی قەیرانی دارایی و بێ مووچەیی بووین، بۆ بەردەوامبوون لە خوێندن تەواوی مالّ وحاڵمان هەرزانفرۆش کرد و لەسەر ئەستۆی خۆمان بەردەوام بووین، بەڵێنیان پێدراین هەرکات گەڕاینەوە و باروودۆخ باشبوو بەزووترین کات مافەکانمان پێببەخن، دوای گەرانەوە بەسەرکەوتوویی و ئەنجامدانی پاکتاوی دارایی ماوەی سێ سالّ تێپەڕیووە تا ئێستا حکومەت قەرزەکانی پێنەداوین لە کاتێکدا بە شاهێدی هەموو لایەک بارودۆخی دارایی زۆرباشترە بەراورد بە سێ ساڵی پێشوو، دوای هەوڵ و کۆشش و زیاتر لە 10 گردبوونەوە، ئەنجومەنی وەزیران لەچەند ڕۆژی ڕابردووەدا بریاریدا10 ملیۆن دۆلار تمویل بکرێت بۆسەر هەژماری وەزارەتی خوێندنی باڵا بەمەستی کۆتایی هێنان بەم کێشەیە، بەڵام هەرچەندە جەنابی وەزیر خودی خۆی و دکتۆرە جوان بەرپرسی نێردراوان چەندین جار بەڵێنیاندا پێشینە بۆ ئێمەبێت، کەچی ئێستا هەوڵێک هەیە دووبارە بێبەش بکرێین لە پێناو چەند قوتابییەک گوایە لەدەرەوە بەردەوامن لەخوێندن، ئێمە ڕووی پرسیار لە حکومەت دەکەین ئایا دەکرێت دواین خولی تواناسازی لە2011 ناویان دەرچوو واتە 8 سالّ بەر لە ئێستا کەچی تا ئێستا خەڵکانێک قوتابی بن ئاخر دکتۆرا بێت لە ماوەی 8 سالّ دووجار دکتۆرا تەواودەکرێ گەر ماستەر بێت چوار جار تەواودەکرێ، بەڵام ئاگادارین بەشێکی زۆر قوتابیان مافی مانەوەیان لە ئەمریکا و کەنەدا و ئەوروپا وەرگرتووە یاخود ئیشیان دەستکەوتووە و ئامادەنین بگەڕێنەوە و یاری بە وەزارەت و حکومەت دەکەن بە بیانوی درێژکردنەوەی خوێندن و فێڵی تر، بەڵام زۆر بەداخەوە وەزارەت ئەوەلیات دەدات بەئەوان و هێشتا پارە وەردەگرن تاکە مەرجی وەزارەت ئەوەیە کاتێک چەکی پارە دابەشدەکرێ قوتابی لە کوردستان بێت ئەوەش زۆر ئاسانە تکتێک دەبڕن و ماوەی 10ڕۆژ سەردانێکی کوردستان دەکەن و بڕێکی زۆری پارەش وەردەگرن، بۆیە ئێمەی قوتابیانی دەرچوو و گەڕاوە بەهیچ شێوەیەک قبولی ئەم زوڵمە ناکەین و تەواوی ڕێکاری یاسایی و مەدەنی دەگرینەبەر، چونکە گەر بەسەرکەوتووی بێت ئەوەلیات بۆ ئێمەیە زووتر گەڕاینەوە و دەستبەکاربووین لە داموەدزگاکانی حکومەت، گەر بە یاسابێت تەواوی بەندەکانی گرێبەستمان جێبەجێکردوە، گەر بە مەنتق و لۆژیک بێت هەر ئێمەین قوربانیمان داوە و زەرەر و زیانی زۆرمان کرد بەفڕۆشتنی مالّ و حاڵمان کە ئێستا بە دووقاتی نرخی خۆی ناکردرێتەوە، گەر بە نیشتیمانپەروەری بێت، ئێمەین لە کاتێک وڵات شەری داعش و قەیرانی دارایی هەبوو ئەوروپا و ئەمریکا و کەنەدامان جێهێشت لە پێناو وڵات و نیشتیمان، ئاخر چ پێوەرێکی تر هەیە تاوەکو وەزارەت ئێمە پشتگوێبخات، بۆیە بەهیچ شێوەیەک سازش لەسەر مافەکانمان ناکەین و گردبوونەوەکان دەست پێدەکەین و ماندەگرین گەر وەزارەت وەڵامی پێویستی نەبێت و زوڵمان لێبکات کەهیواخوازین هەرگیزنەگاتە ئەو قۆناغە..

زۆرسوپاس بۆ بەدەنگەوەهاتنمان. لەگەڵ ڕێزدا..

دەستەی نوێنەرانی قوتابیانی گەڕاوە

بەرپرسی لقی 24: دەستکەوتەکانی میللەتەکەمان بەرهەمی قوربانیدانی پێشمەرگەیە



دوێنێ، هیوا ئەحمەد مستەفا، ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی 24ی سەفینی پارتی، پێشوازیکرد لە ستافی گۆڤاری سەنگەر و پێشمەرگە لەبارەگای لقی 24ی سەفین.
لە دانیشتنێکدا بەرپرسی لقی 24ی سەفینی پارتی وێرای بەخێرهێنانیان، هیوای سەرکەوتنی بۆخواستن و پشتیوانی لقی 24ی بۆدووپات کردنەوە.
لەبەشێکی تری دانیشتنەکەدا هیوا ئەحمەد مستەفا، تیشکی خستەسەر خەبات و قوربانیدانی پێشمەرگە و دووپاتی کردەوە کە ئەو دەستکەوتە نەتەوەیانەی بەدەست هاتوون بەرهەمی قوربانیدان و شەونخونی پێشمەرگەیە، ئاماژەی دا بەوەی کە پێشمەرگایەتی ئەرکێکی پیرۆزە و خزمەتکردنیش لەژێر ناوی پێشمەرگە بەهەمان شێوە.
لای خۆشیانەوە ستافی گۆڤاری سەنگەر و پێشمەرگە سوپاسی هیوا ئەحمەد یان کرد لەبەرامبەر ئەو پێشوازییە گەرمەی و ئەو پشتیوانییەی کە بۆیانی نیشاندا و ڕایانگەیاند کە ئامانجی گۆڤاری سەنگەر و پێشمەرگە، خزمەتکردنە لەژێر ناوی پیرۆزی پێشمەرگە و بە شانازییەوە.

وەزیری ئەوقاف سەردانی سەنتەری وەرگرتنی ڤیزای حاجییانی هەرێم دەکات



بەمەبەستی ئاگاداربوون لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی وەرگرتنی ڤیزای تایبەت بە حاجیانی هەرێمی کوردستان، د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بە وەکالەت سەردانی سەنتەری وەرگرتنی ڤیزای لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی حەج و عومرە کرد و لە نزیکەوە لەگەڵ ستافی تایبەت بە ڕێکاری وەرگرتنی ڤیزا کۆبووە و بە وردی لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەکەی کۆڵیەوە، هەروەها یەکەمین ڤیزای تایبەت بە حەج لەلایەن وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی چاپکرا.
وەزیری ئەوقاف بەخێراهاتنی تیمەکەی کرد و دەستخۆشی لە ئاراستەکردن و هیوای سەرکەوتنی بۆخواستن.
جێگەی ئاماژەیە دوای30 ساڵ بۆ یەکەم جارە ڤیزای حەج لە ناوخۆی عێراق بۆ حاجیانی عێراق لێدەدرێت.
ئەمساڵیش بۆ ئاسانکاری پرۆسەکە سەنتەرێکی تایبەت لە هەولێر کراوەتەوە و هەر لێرەش ڕێکاری تایبەت بە ڤیزای حاجیانی هەرێم تەواو دەکرێت.

چوار ئۆقەر و ئەندەر پاس ل سەنتەرێ باژێرێ دهۆکێ دێ هێنە بجهئینان



خەبات ـ دهۆک: فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهۆکێ کومبونەک دگەل سەروکێ باژێرڤانیا دهۆکێ و ڕێڤەبەریێن ئاڤ و سولینا و هاتن و چونێ و باژێرڤانیا و کومپانیا دارین وکاڤێن گروپ سازکر. دکومبونێدا دان وستاندن ل دور دەستپێکرنا بجهئینانا چوار پروژێن ئۆقەر پاسا ل سەنتەرێ باژێرێ دهۆکێ کو دکەڤنە سەر جادا بارزان و تمامکرنا ڕێکا دوسایدی یا نزاری و ڕێکا خزمەتگوزاری هاتنە کرن.
پارێزگەرێ دهۆکێ گرنگیا پروژەی بو باژێرێ دهۆکێ و کێمکرنا قەرەبالغێ دیارکرن و داخازژ ڕێڤەبەریێن پەیوەندیدار کر کو د هەفکار بن بو بجهئینانا ڤان پروژا، پاش گەنگەشە ژلایێ بەرهەڤبویان ل سەر چاوانیا دەستپێکرنا کاری دپروژا دا هاتنە کرن وهەر ئێکی ل دیف تایبەتمەندیا خو بوچونێن خو دیار کرن و پێشنیارێن پێدڤی دان ژپێخەمەت بڕیڤە چونا کاری ل سەر پروژەی بشێوەکی ڕێک و پێک و بێی ئاستەنگ. دپرێس کونفرانسەکی دا پارێزگەرێ دهۆکێ دیار کر کو بەری نوکە کار لسەر بجهئینانا پروژەیان هاتیە کرن و ب سوپاسیڤە بەری هەیامەکێ بەرێز نێچیرڤان بارزانی سەروکێ حکومەتا هەرێمێ ل وەختێ خو ڕازەمەندی لسەر مەزاختنا پارێ پێدڤی کو دبیتە 103ملیار دینار بو پروژەی تەرخانکربون و دوهێ ئەو پروژە هاتنە ڕاگەهاندن و ب ڤێ هەلکەفتێ پیروزباهیێ ل خەلکێ باژێرێ دهۆکێ دکەم بو بجهئینانا ڤان پروژێن گرنگ و ستراتیژی کو دێ بیتە ئەگەرێ نەهێلانا قەرەبالغێ ل سەر جادا سەد مەتری و هاتن و چون ب ساناهی هێتە کرن، پاش ئەندازیار ئیحسان یەحیا سەروکێ باژێرڤانیا دهۆکێ دیار کر کو بەری دەست بکار بونێ ل سەر ئۆقەر پاس و ئەندەر پاسا دێ کار دجادا کەمەری دا هێتە کرن و تمام بیت تا دگەهیتە نێزیک کومپانیا جیهان ل تاخێ نزارکێ و هەروەسا جادا خزمەتکاری ل هەردوو لا دێ هێتە چێکرن داکو چ ئاستەنگ نەکەڤنە هاتن و چونێ وتەکەزکر کو ژ ڕۆژا 9/7/ 2019 دێ دەست ب کاری هێتە کرن ژلایێ کومپانیا کاڤێن ڤە و بریارە دماوێ دوو سال هەشت هەیڤا دا بدیاهیک بهێتە.
ژلایێ خوڤە ڕێڤەبەرێ هاتنو چونێ دیار کر کو ئەو وەکو ڕێڤەبەری ڕوژانە دێ دگەل تیمێن بجهئینانا پروژەی بن و پشتی بدیاهیک هاتنا ڤ پروژەی ڕێژا 75% قەرەبالغ دێ لسەر وێ جادێ کێم بیت

ئاکرێ: ڕۆژانە دروستکرن و بەرهەمئینانا پەنیری زێدەبوویە

خەبات ـ شیراز چاریۆتی:

ل ئاکرێ ڕوژانە چەندین بەرهەمێن خومالییێن خوارنێ دهێنە فروتن و کو بەرهەمێ ئاژەلێن دەڤەرێ یە، سالانە ڕێژا ئاژەلدارێن شیردەر ل دەڤەرێ زێدە دبن تایبەت پشتی سالا 2014ێ ڕێژا ب خودانکرنا تەرش و کەوالی و ئاژەلدارێ بەرەڤ زێدەبۆنێ ڤە چێبە. محەمەدسادق مەردارەکێ دەڤەرا ئاکرێ یە بۆ خەبات ڕاگەهاند: ب خودانکرنا مەرو بزنا ل دەف مە یا کەڤنە باب و باپیرێن مە کارێ ب خودانکرنا تەرش و کەوالی کریە نوکە هەتا 700 سەرێ مەرو بزنا من هەیە ڕوژانە هژمارەکا وان ددوشین و شیری بەرهەمئدینن بۆ دروستکرنا ماست و پەنیرو نیڤشکێ کوردی تایبەت کو وەرزێ ڕەمەزانێ یە خواستەکا باش لسەر بەرهەمێ سپیاتی هەیە و ل گەلەک دەڤەرا بۆ کرینا ماست و بەرهەمێ سپیاتی سەردانا ئاکرێ دکەن ژبەرکو ئاکرێ دەڤەرەکا چیایی یەو بەرهەمێ وێ یێ سپیاتی جودایە ل گەل دەڤەرێن دی کریارەکێ باش هەیە بەرهەمێ سپیاتی ڕێژا بەرهەمئینانا بەرهەمێن خوارنا ڕوژانە ژی گرنگیا خوە هەیە ل دەف وان کەسێن کارێ ئاژەلداریێ دکەن. ئەندازیار عیماد ئەحمەد بەرپرسێ پشکا سامانێ ئاژەلداریێ ل ڕێڤەبەریا چاندنا ئاکرێ بۆ خەبات ڕاگەهاند: ڕوژانە بەرهەمێن سپیاتیێ خومالی ل ئاکرێ دهێتە فروتن وەک ماست، پەنیر، ژاژی، نیڤشک، سەرتی، کەشک بەرهەمێ خومالییێ ماستێ دەڤەرێ یێ چێل و مەرو بزنا پتر هەمی بەرهەمێن سپیاتی دهێتە فروتن بهایێ وێ گەلەک یێ ئەرزانەو خەلک ب سانایی دشێن ب دەست خوڤەبینن،ژبەر خواستا هاولاتیا لسەر بەرهەمێ سپیاتی سالانە ڕێژا 10 % ب خودانکرنا ئاژەلێن شیردەر ل دەڤەرێ زێدە دبیت .



گوتژی: ل ئاکرێ 50 هزار سەرێن چێلا هەنە دگەل 600 هزار سەرێن مەرو بزانا ڕوژانە نێزیکی 70تەنێن شیرو پەنیرێ خومالی دهێنە بەرهەمئینان و ژبلی نافخوەیا ئاکرێ ل پارێزگەهێن هەولێر و دهۆک و سلێمانیێ ژی خوستەکا باش لسەر هەیە ڕوژانە ئەو شیرێ ل دەڤەرا ئاکرێ دهێتە بەرهەمئینان دهێتە قەگۆهاستن بۆ کارگەهێن دروستکرنا ماست و پەنیری.

کۆڕبەندی هەولێری ئافرەتانی بازرگان بەڕێوەدەچێت

چەندین ئافرەتی سەرکەوتوو لە کۆڕبەندی هەولێری ئافرەتانی بازرگان، ئەزموونی خۆیان خستە بەردەستی ئامادەبووان کە نموونەی سەرکەوتن بوون

دوێنێ یەکشەمە لە ژووری بازرگانی و پیشەسازیی هەولێر، کۆڕبەندی هەولێری ئافرەتانی بازرگان ئەوانەی لە بواری کار و بازرگانییدا سەرکەوتووبوون بەڕێوەچوو کە تیایدا بەشێکی ئامادەبووان چەندین نموونەی سەرکەوتنی خۆیان لە بواری کار و بازرگانی باسکرد و سەرنجی ئامادەبووانیشیان ڕاکێشا. هەڵسوڕێنەری کاروباری کۆڕبەندەکە مەنار عەبدوللا ئاغا کە بەهاوکاریی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی هەولێر و لەسەر ئەرکی خۆی ئەو کۆڕبەندەی سازکردووە، ڕایگەیاند: مەبەست لەم کۆڕبەندە ئەوەیە ئافرەتانی خاوەنکار و ئەزموونی جیاجیا بهێنین و بە یەکتریان بناسێنین و باسی سەرکەوتن و چیرۆکەکانی خۆیان لە بواری کاردا باس بکەن بۆ ئەوەی هانی ئافرەتانی دیکە ئەوانەی نیازیان هەیە بێنە ناو بواری کارەوە بدەین.



مەنار عەبدوللا ئاغا کە خۆی بە بازرگان دەناسێنێت و لە تورکیا دەژیت و کاری بازرگانی لە نێوان عێراق و تورکیا و ئوردن و ئیمارات و سعوودیە و چەند شوێنێکی دیکەش دەکات، گوتی: بەداخەوە بە هۆی قۆرخکردنی پیاوانەوە ئافرەتان کەمتر هاتوونەتە بواری کارەوە، بۆیە دەمانەوێت لەم کۆبوونەوەیە کە لایەنەکانی کارگێڕی، ئابووری، دەروونی، هەروەها لایەنی دیکەی هاتنە ناوەوەی کاریان بۆ باس بکەین دەمانەوێت ئافرەتان هان دامەزراندنی پەیجێکی ئەلیکترۆنی بۆ ڕێنماییکردنی خێزان و تاکەکان لە بواری خۆراکی تەندروست و چۆنێتی بەکارهێنانی خۆراک و کەرەستە جوانکارییەکان بەشێوازێکی تەندروست.
نەدا شەمسوڵلا ماوەیەکە سەرقاڵی ئەو کارەیە و خۆبەخشانە کاردەکات و هەزاران کەس بۆ خۆراکی تەندروست پرسی پێ دەکەن و لە ئەزموون و شارەزاییەکانی کە بە هۆی ڕووداوێکی ڕاستیی ژیانی خۆیەوە ئەو کارە دەکات بۆیان باس دەکات و شی دەکاتەوە.
ئەو گوتی: کۆڕبەند زۆر بەسوودە بەتایبەت بۆ ئافرەتان بۆ ئەوەی سڵ نەکەنەوە لەوەی ببنە خاوەنی کاری خۆیان، لێرە ئەزموون و سەلیقەی جیاجیا هەیە کە هەریەک بەپێی ڕابردووی خۆی و چۆنێتی دەستپێکردنی دەکات و لە گێڕانەوەیان چیرۆکی سەرکەوتن هەیە.
نەدا شەمسوڵلا هەروەها گوتیشی: من بۆخۆم ئەو کارەی دەیکەم زۆر پێی ئاسوودەم چونکە لە ڕێگەی هۆشیارییەوە دەمەوێت بە خێزان و تاکەکان بڵێم چی خۆراکی باشە و تەندروستە و ئەو شتانەی ئەو خۆراکەی لێ دروست دەکرێت یان ئەو کەرەستەیەی پێ بەرهەم هاتوون چین و چۆنن.
لە کۆڕبەندەکەدا لە چیرۆکی سەرکەوتنی هەر ئافرەتێک چەندین تێبینی و سەرنجی ئامادەبووان بابەتەکانیان دەوڵەمەندتر دەکرد، هەمووانیش بەتاسەوە گوێیان لە چیرۆکی بەرامبەرەکانیان هەڵخستبوو، هەموشیان جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئافرەتیش هاوشێوەی پیاو دەتوانێت خاوەنی کار و بازرگانیش بێت و ببێتە سەرچاوەیەک بۆ دەستەبەرکردنی داهاتی چەندین خێزان.



خەبات: تریفە ئازاد

لە 12ی6ی 2019 نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەرێز مەسرور مەسعود مستەفا بارزانی راسپارد وەک سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی هەرێمی کوردستان. هەڵبەت نێچیرڤان بارزانی وەکو قوتابییەکی چالاکی سەرۆک مسعود بارزانی و دڵسۆزی رێبازی بارزانی و خەباتگێڕێکی بە ئەزموون لە بواری سیاسەت و دەوڵەتداری و حوکمڕانیدا،لەتوانایدایە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بکاتە چەترێکی کۆکەرەوەی هەموو پێکهاتە سیاسیی و نەتەوەیی و ئایین و ئاینزاکانی کوردستان بەبێ جیاوازی، بۆ ئەوەی کوردستان بە دەستەجەمعی و ئاراستەیەکی هاوبەش، بەهێزەوە بەرەو ئایندەیەکی گەش هەنگاوبنێت. هەروەها راسپاردنی بەرێز مەسرور بارزانی بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کە ئەویش بەهەمان شێوە سەرکردەیەکی لێهاتوو و بەئەزموونە لە حوکمڕانی و پاراستنی هەرێمی کوردستان و قوتابیی سەرۆک بارزانی و رێبازی بارزانییی نەمرە، بۆیە خەڵکی کوردستان دڵنیایە کە پارتی دیموکراتی کوردستان دەخوازێ کوردستانێکی بەهێز بونیاد بنێت بۆ ئەوەی هێمنی و ئارامی و خۆشگوزەرانی و دادپەروەری لە کوردستاندا فەراهەم بێت. لەم رووەوە رۆژنامەی خەبات لەم تەوەردا راوبۆچوون و خواست و داواکاریی شارەزایان و پسپۆران و هاوولاتیانی کوردستان بۆ حکوومەت و کوردستانیان دەخاتەروو.

خواست و داواکاریی کوردستانیان لە کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

دەبێت خودی کابینەی نوێ ببێتە هۆکارێک بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانی و بێمتمانەیی



پەرویز ڕەحیم قادر مامۆستای زانستە سیاسییەکان:

کابینەی نوێ بە پێ میکانیزم دەتوانێت کۆسپ و بەربەستەکان تێپەر بکات و ببێتە کابینەی سازان و ئاشتەوایی نشتیمانی

پەرویز ڕەحیم قادر، مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سەلاحەدین لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:بوونی متمانەی سیاسی و متمانەی کۆمەڵایەتی دوو کۆڵەکەی سەرەکی سەقامگیری و ئاسایشی نەتەوەیی هەر کۆمەڵگە و دەوڵەتێکە. بەم پێیەش ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەم دوو فاکتەرەوە هەیە. هەر بۆیە بوون و نەبوونی متمانەی سیاسی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر توانا و ئەدای حکومەت و پرسەکانی پەیوەندیدار بە پەرەپێدانی ئابووریشەوە هەیە. ئەزموونی ئێستا و ڕابردووی دەسەڵاتداریەتی لە هەرێمی کوردستانیش ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێت. بەم واتایە کە لەو سەردەم و کاتانەی کە هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر پرسە سیاسی و نیشتمانییەکان کۆک و تەبابوونە دەسکەوتەکانی کوردستان پارێزراو و بەرەو پێشەوە چووە و بە پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە.هەرچەندە هێز و توانای پارتە گەورە و مێژوویەکان لەم پرۆسەیەدا شوێندانەرتر. بۆ نموونە لە هەرێمی کوردستان بەهۆی تایبەتمەندییەکانی سیاسی و مێژوویی و تەنانەت سەربازی و ئابووری و جوگرافیایی و کۆمەڵگەیی هەریەکە لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بوونی ناکۆکی و ناتەبایی لەنێوان ئەم دوو لایەنە کاریگەری لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی و سیاسی و تەنانەت سەربازی هەرێمی کوردستان هەبووە و هەیە. لەم نێوەندەشدا بەهۆی ڕووداوەکانی پاش ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری ساڵی 2017 جۆرێک لە بێمتمانەیی لەنێوان ئەم دوو هێزە لەئارادابووە. سەردەڕای چەند ڕێککەوتن و دانوستاندنی بەردەوام، بەڵام ئەم بۆشایی و بێمتمانەییە هەر بوونی ماوە. سێ (3) بگۆڕ و فاکتەری سەرەکی بۆ ئەم بێمتمانەییە دەتواندرێت دەستنیشان بکرێت: یەکەم: کێشە ناوخۆییەکانی ناو مالی خودی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەپاش کۆچی مام جەلال و هاتنە سەرکاری نەوەیەکی نوێ بە ئەجیندا و ڕوانگە و کەسایەتی جیاواز و تایبەتەوە. دووەم: گۆڕانکاری لە هاوسەنگی هێز(لانیکەم لەڕووی سیاسی و یاساییەوە) لە عێراق و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لەڕووی ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانییەوە لە هەرێمی کوردستان کە پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێژەیەکی بەرچاوی کورسی و دەنگەکانی بەدەستهێناوە و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەپێچەوانەوە، سێیەم: میکانیزم دەتوانێت ئەم کۆسپ و بەربەستانە تێپەر بکات و ببێتە کابینەی سازان و ئاشتەوایی نیشتمانی و بەم پێیە سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی. لە گرنگترینیشیان دەتوانین ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەین:

1- هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری دەزگا حزبییەکان لەسەر بڕیار و دامەزراوە حکومییەکان.

2- بەردەوامبوون لە پڕۆسەی چاکسازیی ئابووری و دارایی هەنگاوبەهەنگاو و دژایەتیی گەندەڵی(بە هەموو بوار و ڕەهەند و جۆرەکانییەوە) لە ڕووی سیاسی و یاسایی و دادوەرییەوە.

3-هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی دەسەلاتی داد و دادوەری.

4- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری زیاتر لە هەموو بوار و سێکتەرەکان.

5- کەمکردنەوە خەرجی و تێچووە بێ سوود و ناپێویستەکانی حکوومەت و ڕێگەگرتن لە بەفیڕۆچوونی سامان و داهات و دارایی وڵات لەڕێگەی سوودوەرگرتن لە ئەزموونی قەیرانی دارایی ڕابردوو.

6- هەوڵدان بە چەسپاندنی سەروەری یاسا لەبری سەروەری حزب و لایەن و کەسایەتییەکان. ئەمەش لەڕێگەی گەڕاندنەوەی شکۆ بۆ پەرلەمانی کوردستان و یەکلاییکردنەوەی کێشە سیاسییەکان لە ڕێگەی پەرلەمانەوە. واتا گواستنەوەی مەلمانێ و ڕکابەرییەکان بۆ پەرلەمان.

7- گرنگیدان بە پێکهێنانی حکوومەتێکی تەکنۆکرات لەبری پڕکردنەوەی پۆستەکان وەکوو ئیمتیاز. بەم واتایە کە وەزارەت و پۆستەکان دەتوانێت پشکی حزبی بێت بەڵام کەسەکان پێویستە پسپۆربن..

8- دووبارە ڕێکخستنەوەی کاری میدیایی لە هەرێمی کوردستان بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ قوواڵکردنەوەی ناکۆکی و بڵاوکردنەوەی ڕق و کینە و تەنانەت ڕێگەگرتن لە دەستێوەردانی وڵاتانی هەرێمی.

9- هەوڵدان بۆ یەکخستنەوە و ڕێکخستنەوەی هێزە ئاسایشی و سەربازییەکان بەتایبەتی پێشمەرگە و کۆنترۆڵی لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستان. ئەم پرسە گرنگییەکی ژیانی هەیە بۆ داهاتوو و ئاسایشی سیاسی و سەربازیی هەرێمی کوردستان.

10 - لە قۆناغی یەکەم هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشە دارایی و ئابوورییەکان لەگەڵ بەغدا و پاشان گفتوگۆیەکی جدی و پسپۆڕانە لەگەڵ بەغدا لەسەر پرسە هەڵپەسێردراو و یاسایی و سیاسییەکان.

11- بەدامەزراوەییکردنی پەیوەندییەکان و گفتوگۆکان بەتایبەتی لەگەڵ بەغدا و وڵاتانی هەرێمی.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین سەقامگیری و ئاشتەوایی و ئاسایشی هەرێمی کوردستان تاوەکوو حکوومەتێکی بەهێزی خاوەن هێزی سەربازی ڕێکخراو و یەکگرتوو پێکنەیەت ئەوە کوردستان هەردەم لەبەردەم هەڕەشەی ناوخۆیی و دەرەکیی ئاسایشییە.

پێویستە کورد هەرچی زووە کابینەی نۆهەم پێک بهێنێت و یەکڕیزی ناوماڵی خۆی ڕابگرێ



د.کاروخ خۆشناو:

پێویستە هەرچی زووە کابینەی نۆیەم پێکبهێنندرێت و کورد توانیوەتی باڵانسی خۆی لە نێوان ململانێی ئەمریکاو ئێران رابگرێت

دکتۆر کاروخ خۆشناو سەرۆکی ئینستیتوتی توێژینەوەی ئەمریکی ژ کوردی لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:ماوەی ٤٠ ساڵە ئەمریکا و ئێران لە ململانێیەکی سارد و قوڵ دان، هەر لە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران و لەکاتی دەست بەسەرداگرتنی باڵۆێزخانەی ئەمریکا لە تاران و بە بارمتەگرتنی دیپلۆماتەکانی ئەمریکا بۆ ماوەی (440ڕۆژ) تاکو ساڵی (2015) ململانێکانی ئەم دوو وڵاتە قوڵ و ئاڵۆز بوون. ساڵی (2015) بە نێوەندگری سەلتەنەی عومان و هەندێک وڵاتی ئەوروپی، ئەمریکا لە سەردەمی ئۆباما بۆ یەکەم جار لە مێژووی شۆڕشی ئیسلامی، ئێران و ئەمریکا گەیشتنە ڕێککەوتنی ئەتۆمی (5+1)، بە گوێرەی ئەم ڕێککەوتنە سەرۆکایەتیی کۆشکی سپی لە بەرواری (2018/5/8) ترامپ تاک لایەنە لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی (5+1) هاتە دەرەوە و ڕێککەوتنەکەی ئیفلیج کرد و دووبارە سزاکانی خستنەوە سەر ئێران. یەکەمجارە لە مێژووی جیهاندا ئەمریکا بەو شێوەیە قورسترین سزای ئابووری بخاتە سەر وڵاتێک، تاکو ئێستا ئەمریکا چوار قۆناغی سزاکانی خستۆتە سەر ئێران، ئەم سزایانەش کەرتەکانی (وزە و بانک و کانزاکان) دەگرێتەوە، ئامانجی ئەمریکاش لەم شەڕە ئابووریە گۆشەگیرکردن و لە قاڵبدانی ئێرانە و دەیەوێت دەستی ئێران بپڕێت لە چوار وڵات (عێراق،سوریا ،لوبنان،یەمەن) و هەژموونی ئێران کەمبکاتەوە و ئێران بخاتەوە ناو سنوورەکانی، لە پاڵ ئەم ئامانجانە ئەمریکا مەبەستیەتی ئێران ناچار بکات بێتەوە سەر مێزی گفتوگۆ و ڕێککەوتنێکی نوێ لەگەڵ ئەمریکا مۆر بکات بەڵام ئەمجارە ڕێککەوتنەکە دەبێت بە دڵی ترامپ بێت، بۆ ئەم مەبەستە لە مانگی نیسانی ساڵی (2018) ئەمریکا لەسەر زاری مایک پۆمپیۆ وەزیری دەرەوە (12) مەرجی بۆ ئێران دیاریکرد و گوتی پێویستە جێبەجێان بکات تاکو ئێران ڕزگاری بێت لە سزاکانی ئەمریکا، ئێرانیش هەر لە سەرەتاوە تاکو ئێستا (12) خاڵەکەی ئەمریکای ڕەتکردوتەوە. میتۆدی ترامپ بۆ لە پەلوپۆخستنی ئێران بریتییە لە ستراتیژیەتی (ئەوپەڕی فشار) کە ترامپ باوەڕی وایە کە ئەوپەڕی فشار لە ڕکابەرەکەت بکە، هەتاکو ناچاری دەکەیت بە مەرجەکانت ڕازی بێت و بێتە سەر مێزی دانوستان، دەتوانین بڵێین لە ئێستادا ئەمە کرۆکی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترامپە، ئەمەش سەرچاوەی گرتووە لە کتێبێکی ترامپ کە لە ساڵی 1987 نووسیویەتی بە ناونیشانی هونەری ڕێککەوتن (The Art of the Deal) بە دیدی ترامپ ئەو کتێبە ئەوی کردە کەسێکی پسپۆڕ لە بواری دانوستاندا، ئەم کتێبەی پڕفرۆشترین کتێب بووە لەو سەردەمەدا. ئێستا دوای ئەم هەموو فشارە زۆرەی ئەمریکا بۆ سەر ئێران و کۆکردنەوەی هێزێکی زۆر لە ناوچەکە دۆخەکە زۆر هەستیار و ئاڵۆزە، بەتایبەت دوای بە ئامانج گرتنی چەند کەشتییەکی نەوت هەڵگر و فڕۆکەیەکی بێفرۆکەوان ڕۆژ بەڕۆژ هەستیاری نێوان ئەمریکا و ئێران ڕوو لە زیادبوون دەکات، بە تایبەت دوای پەشیمانبوونەوەی ترامپ لە وەشاندنی گورزی سەربازی 10 خولەک بەر لە ئەنجامدانی، ئەم ناوچەیە لە ئەگەری تەقینەوەیەکی گەورە دایە هاوشێوەی (بورکان)، بۆیە پێویستە کورد خۆی ئامادەبکات بۆ دەرفەت و هەڕەشەکان، چونکە دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هەمووکات زیاتر بە گرژی و ئاڵۆزییەکی قوڵدا تێدەپەڕێت، ڕۆژ بەڕۆژیش کۆمەڵگای نێودەوڵەتی سزاکانی سەر ئێرانی هەڵگرت و (1.8) ملیار دۆلاری کاش ئیدارەی ئۆباما پارەی بلۆککراوی بۆ ئێران گەڕاندەوە بەمەرجێک ئێران دەستهەڵبگرێت لە هەوڵەکانی بۆ بەدەستهێنانی چەکی ناوکی. لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا لە ساڵی (2016) دۆناڵد ترامپ گوتی "ئەم ڕێککەوتنە خراپترین ڕێککەوتنە لە مێژووی ئەمریکادا" و بەڵێنیدا دوای هەڵبژاردنی لەم ڕێککەوتنە بێتە دەرەوە، هەر واشیکرد دوای برنەوەی کورسی ململانێکان قوڵتر دەبنەوە، ئەم ململانێیە تەنها ململانێی نێوان دوو وڵات نییە، کە یەکێکیان زلهێزێکی جیهانیە و ئەویتریان دەیەوێت هێزێکی ناوچەیی خاوەن هەژموون بێت، بەڵکو ڕاستەوخۆ کاریگەری لە سەر وڵاتانی دەوروبەر هەیە، چونکە کاتێک ئێران دەیەوێت ببێتە وڵاتێکی خاوەن هەژموون ئەوا وڵاتانی دەوروبەری ئێران ڕووبەڕووی مەترسی دەبنەوە، لە ئەنجامدا ئەو دۆخە ناسەقامگیرەی بەرهەمهێناوە، خۆشبەختانە تاکو ئێستا کورد توانیویەتی باڵانسێکی باش ڕابگرێت لە نێوان ئەم دوو وڵاتە نەیارەدا، پێویستە بەهەمان ڕێتم بەردەوام بێت لە ڕاگرتنی باڵانسی نێوان ئەمریکا و ئێران و خۆی ئامادە بکات بۆ هەموو ئەگەرەکان، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە کورد هەرچی زووە کابینەی نۆیەم پێک بهێنێت و یەکڕیزی ناوماڵی خۆی ڕابگرێت و باڵانس لە نێوان ئەمریکا و ئێران ڕابگرێت، ڕاگرتنی باڵانس وادەکات کوردستان کەمترین پڕوشکی ئەم تەقینەوەیەی بەریکەوێت. ئاماژەکان پێمان دەڵێن کە ئەمریکا و ئێران شەڕیان ناوێت، چونکە ترامپ لە ترسی دابەزینی کێرڤی دەنگەکانی بۆ هەڵبژاردنەکانی (2020) سڵ دەکاتەوە لە هەڵگیرسانی شەڕ دژی ئێران، ئێرانیش بەهۆی باری قورسی ئابووری بەرگەی شەڕ ناگرێت، بەڵام هەر کاتێک پەلاماری بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بدرێت و قوربانی مرۆیی لێ بکەوێتەوە، ئینجا پەلامارەکە ڕاستەوخۆ لە لایەن ئێرانەوە بێت یان ناڕاستەوخۆ لەلایەن پرۆکسی و گروپەکانی سەر بە ئێرانەوە بێت ئەوکات ترەمپ بەهانەی پێویستی دەست دەکەوێت بۆ وەشاندنی گورزی سەربازی، تەنها بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، چونکە ترامپ دەسەڵاتی تەنها (60) ڕۆژی هەیە بەبێ ڕەزامەندی کۆنگرێس هێزەکانی ئەمریکا بەکار بێنێت، دوای ئەو ماوەیە پێویستە کۆنگرێس ڕەزامەندی دەربڕێت و دەستی ترامپ ئاوەڵا بکات و بووجەی پێویستی بۆ فەراهەم بکات. تاکتیکی ئێران لە ڕێگای پرۆکسییەکانییەوە بریتییە لە شڵەژاندنی بازاری نەوتی جیهان و بەرزکردنەوەی نرخی نەوت بۆ ئەوەی کاریگەری دروست بکات لەسەر ناوخۆی ئەمریکا و لە ئەنجامدا ترامپ شکست بهێنێت لە هەڵبژاردنەوەی بۆ خولی دووەم و کەسێکی دیموکرات شوێنی ترامپ بگرێتەوە تاکو ئێران ڕزگاری بێت لە سزاکان و دووبارە ڕێککەوتنی (5+1) کارا بکرێتەوە، بەڵام ترامپ زیرەکانە مامەڵە دەکات و دەزانێت هەڵگیرساندنی شەڕ "پێش هەڵبژاردن" بە بێ ڕەزامەندی کۆنگرێس بە واتای(Political Suicide)واتا خۆکوژی سیاسی بۆیە ترامپ لە ئێستادا خۆی بە دوور دەگرێت لە بژاردەی سەربازی.

کوردەکانی ئەفغانستان

حوسێن ئێحسانی*
وەرگێڕانی لەفارسییەوە: کاروان کەریم خان

نووسەری بابەتەکە (حوسێن ئێحسانی) خەڵکی بامیانی ئەفغانستانە و دانیشتوی کابوڵە، ماستەرنامەکەی لە سەر لێکەوتەکانی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانە لە سەر ئاسایشیی ناوچەیی لە زانکۆی تاران. (حوسێن ئێحسانی) دەیەوێ زیاتر لە سەر پرسی کورد ئیش بکات و کار بکات بۆ پەیوەندی فەرهەنگی نێوان کورد و ئەفغان. لە کارێکی مەیدانیدا لێکۆڵینەوەیەکی بە زمانی فارسی لە سەر کوردەکانی ئەفغانستان بۆ ئەنیستۆتی توێژینەوەی ستراتیژی ئەفغانستان کردوە و لە سایتی Afghan Institute for Strategic Studies بڵاوی کردۆتەوە.



کاک (ئەمان) لە کاتی باس کردنی چالاکی کوردەکانی ئەفغانستان. وێنەکە دەربڕی هەمان ڕستە بەناوبانگەکەی کوردیە (کوردەکان جگە لە چیاکان هیچ دۆستێکیان نیە).

ئەم نووسینەی حوسێن ئێحسانی ، بەدواداچوونێکە بۆ نووسینێکی پێشتری (کاروان کەریمخان) کەلە کوردییەوە وەرگێڕدرابووە سەر زمانی فارسی و لە ڕۆژنامەی (هەشتی بەیانی) ئەفغانی بڵاو ببووە. لێرەدا (کاروان کەریمخان) ، بەدواداچوونەکەی(حوسێن ئێحسانی) تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات لە فارسییەوە وەرگێڕاوە.

کاروان کەریمخان لە وتارێکی خۆی کە لە کوردی وەریگێڕابوە سەر زمانی فارسی لە سەر هاوبەشیە کەلتوریە بەرینەکانی نێوان کوردستان و ئەفغانستان دوا بوو. ئەم وتارە لە ڕۆژنامەی هەشتی بەیانی ئەفغانستان بڵاو کراوەتەوە. ئەو لە وتارەکەیدا گرینگی نزیکایەتی و پەیوەندی کەلتوری و بەرین کردنی جوگرافیای ژیاری نەورۆز باس دەکات. بە بڕوای ئەو لە گەڵ بەرین بوونی پڕۆسەی بە جیهانی بوون، نەتەوە و ئێتنیکی دیکە لە یەکتر نزیک دەبنەوە و لە گەڵ فەرهەنگ و ئاداب و نەریتی یەکتر زیاتر ئاشنا دەبن. بە پێی ئەم ڕوانگەیە، بە دیدی نوسەر، خەڵکی ئەفغان و کوردەکان لە گەڵ ئەوەی کە هاوبەشی زۆر قوڵی کەلتوریان هەیە، لە یەکتر دوور کەوتونەتەوە و ئاشنایی زۆر کەمیان لە بارودۆخی یەکتر هەیە. لە دیدی زۆر کەس بە تایبەتی لە دیدی کوردەکان، ئەفغانستان وڵاتێکی جەنگ لێدراو و ناسەقامگیرە و ڕەنگە ئەفغانەکانیش هیچ وێنەیەکی دیار و ڕوونیان لە سەر کورد نەبێ.

لە دیدی ئەو، میدیاکانی کوردستان بەڕپرسی سەرەکی دروست بوونی وێنەی خەشاوی ئەفغانستانن لە ناو ڕای گشتی. هەر بۆیە ئەو هەوڵی داوە بەڵکو بتوانێ بە ناساندنی هاوبەشییەکان ئەم پەیوەندیە بەرینقێنێ و وێنەیەکی ڕوون لە ئەفغانستانی ئێستای لە حاڵی پێشکەوتن بکێشێتەوە. تەقەلای ئەو بۆ دروست بوونی ڕای گشتی کوردی لە وێنەیەکی نادروست بۆ وێنەیەکی ڕاست بینانە و نیشاندانی قووڵایی پەیوەندی کەلتوری ئەفغانستان و کوردستان هەوڵێکی شایانە و جێی تێڕامانە. بەڵام ئێمە پشت بەوەندە ببەستین؟ لە وەڵامدا دەبێ بڵێین کە پەیوەندی نێوان نەتەوەی کورد و ئەفغانستان لە وتارێک زیاتر هەڵدەگرێ. بۆیە لەو بارەوە دەبێ هەردوو دەوڵەت دەست بێننە ناو بابەتەکە تاکو ئەم پەیوەندیە بە شێوەیەکی فەرمی و بە ئامرازی دیپلۆماسی فەرهەنگی و ئابوری بەرین بکەن. بە واتایەک دەبێ بەرین بوونی ئەم پەیوەندیە لە بازنەی ناوچەی نەورۆز تێپەڕێت و دەکرێ لەم ڕێگایەوە بگەینە گەشەی فەرهەنگی و ئابوری.

وێڕای ئەوەی نوسەری ئەم وتارەی ئێستا هەوڵی داوە لە سەر پرسی کورد لێکۆڵینەوە بکات و لە ڕووی هزری و فەرهەنگیش خۆی بە بەشێکی کوردستان گەورە دادەنێ، دەیەوێ هەوڵی زیاتر بدات بۆ پرسی کوردستان. یەکەمین هەوڵی نوسەر نوسینی توێژینەوەی قۆناغی ماستەر بوو لە زانکۆی تاران لە سەر سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان و لێکەوتەکانی لە سەر ئاسایشی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین. ئەم توێژینەوەیە لە لایەن ئەنستیتۆی پێدیای پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و هیوادارم ببێتە بەشێک لە ستراتیژی ماوە مانماوەندی هەرێمی کوردستان بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی، کە لە چوارچێوەی یاساکانی نێودەوڵەتی وەک مافی دیاری کردنی چارەنووس مافی خۆیانە، لە بەر چاو بگرێت.

یەکەم جار کاک فواد حەسەن (ڕەوەند) بەڕێوەبەری ئەنستیتۆی پێدیای پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەر بوونی کورد لە ئەفغانستان هەندێ نیشانەی پێدام. هەروەها زانیاریەکانی قوتابی خۆشەویستم عەلی سەجاد مەولایی (کە بە جۆرێک ڕیشەی بۆ کورد دەگەڕێتەوە) منی زیک کرد تاکو بۆ لای لێکۆڵینەوە لە بارەی کوردەکانی ئەفغانستان بچم. ئەم نوسینە کە لە سەر دۆخی کوردەکانی ئەفغانستانە ، بە میتۆدی کاری مەیدانی لە شارەکانی غەزنە و کابوڵ، بە گفتوگۆ لە گەڵ خەڵکی ناوچەکە ڕێک خراوە، هەوڵێکی دیکەیە بۆ قووڵ کردنەوەی پەیوەندی کەلتوری نێوان کورد-ئەفغان.

میژووی کوردەکانی ئەفغانستان

بە گشتی کورد وەک گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت لە جیهان لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم دەناسرێن. ئەم نەتەوە کۆن و گەورەیە زیاتر لە ناوچە سنوریەکانی خۆرئاوای ئێران، باکوور و ڕۆژهەڵاتی عێراق، باشوری تورکیا و باکوری سوریا دەژین. لە ڕاستیدا نیشتیمانی گەورەی کوردستان بە پێی بەرژەوەندی زلهێزان لە نێوان ئەم چوار وڵات دابەش کراوە. هەروەها لە هەندێک قۆناغی میژووییی هەولێی گۆڕینی دیموگرافیشی دراوە. ئەلبەتە بە پێی دەقە میژوویەکان کوردەکان تەنها لە خۆرهەڵاتی ناوینداو نین بەڵکو بوونێکی بەرینتر و فراوانتریان لە خۆرهەڵاتی ئێران، قەفقاز، ماوەڕائونەهر، ئاسایای ناوین، ناوچەی بالکانیش هەیە. شایانی گوتنە کە ڕێژەی کوردەکان لە ناوچە ناکوردستانیەکانی وەک ئەفغانستان بە هۆی کۆچی زۆرە ملێ، پێکدادانی میژوویی، جەنگ و دوور خستنەوەکانی نەویستراو هاتونە کایەوە. تەنانەت لە کاتی ئێستاشدا کۆچی کوردان بەرەو خۆرئاوا بە هۆی نەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە. نەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ وای کردوە کە ئەوان لە زۆرێک لە پێداویستیەکان بێ بەش بن؛ بۆیە ئەم کۆچە دوور و درێژانە هێشتاش بەردەوامیان هەیە.

کۆچی کوردەکان بۆ ئەفغانستان

بە پێی هەندێک سەرچاوەی میژوویی، لە دەیەی 1500ی زایینی کوردەکان لە باکوری خۆرئاوای ئێران، بۆ ناوچەکانی ناوەندی ئەفغانستان براون تاکوو لە بەرانبەر هێرشی داگیرکاری مەغۆل بەرگری بکەن. ئەمە تەنها گێڕانەوە نیە لە بارەی بوونی کوردەکان لە ئەفغانستان؛ بەڵکوو گێڕانەوەی دیکەش هەن کە ئەم ڕاستیە دەردەخەن کە کوردەکان لە قۆناغی جیاجیای میژوویی هاتونەتە ئەفغانستان و لەوێ دەژین. هەروەها پێ دەچێ کۆچی کوردان بۆ ئەفغانستان هەمان بەردەوامی کۆچی ئەوان لە ناوچەکانی کوردستانی ئێران بۆ خوراسان و خۆرهەڵاتی ئێران لە سەردەمی سیلسلەی پاشایی ئەفشاریە بوبێ. بە پێی گوتەی خەڵکی کۆنی گەڕەکە کۆنەکانی شاری کابوڵ، نادر شای ئەفشار بۆ لەشکرکێشی بۆ ئەفغانستان پێویستیەکی زۆری بە ڕاوێژکار و دەربارێی و خەڵکی جەنگاوەر هەبوو تاکوو بتوانێ ئەفغانستانی ئێستا بگرێت. بە زۆری لەشکری نادر لە دوو دەستە پێک دەهات؛ یەکەمیان گروپی نەتەوی تورکەکانی شاہ سۆن کە ئەرکی جەنگاوەری و شەڕیان لە ئەستۆ بوو و ئەویتر گروپی نەتەوی کورد بوون کە لە گەڵ لەشکری نادر بوون (کوردەکانی باکوری خۆرئاوای ئێرانییە ئێستا کە زیاتر کرمانجەکان بوون). ئەو کوردانەی کە هاوڕێی لەشکری نادر بوون لە سێ شاری بەناوبانگی ئەفغانستان بڵاو بوونەوە. شارەکانی غەزنە، مەزار شەریف و کابوڵ. بە پێی هەندێ سەرچاوە نادر شای ئەفشار کۆلکەی کوردی هەبوە و بۆیەش لە خۆرهەڵاتی ئێران باوەڕی بە کوردەکان هەبوە و هێزەکانی کورد و فەرماندە کوردەکانی لە دەوری دەرباری خۆی داناوە. بەم پێیە دەتوانین ئاماژە بە فەرماندەی قەڵای نادر، کەریم مەریوانی بکەین. هەروەها لە دوای خانەدانی نادر سیلسلەی پاشایی زەندیەش لە لایەن کەریمخانی زەند هەر بە دەستی ئەم هێزە وەفدارانەوە دروست بوو. لە شاری خواجە عومری، گوندی دێهنەهال و ویلایەتی غەزنە، دەستەیەکی کوردەکان کە خەریکی کاری وانەبێژی و پێشخستنی کاروباری دیوانی حکومەتی نادر شای ئەفشار بوون کاروباری ناوخۆ و دەرەوەی دەوڵەت هەبوو: دەستەی موشیر جەعفەرخان، میر ئەحمەدخان، میر عەلی ئەسغەر شا ، سەروەرخان یەکەمین کەس بوون کە لە دەزگای پاشا حەبیبوڵاخان، کارگێڕانی سیاسی دیار بوون.

بە پێچەوانەی بۆچوون و ڕای خەڵکی کە کوردەکان بە کەسانی جەنگاوەر دادەنرێن، کوردەکانی ئەفغانستان کەسانێکی سیاسی بوون. هەروەک کە پێشتریش ئاماژەی پێدرا، زۆربەی کوردەکان لە ئەفغانستان کاری دیوانیی، دەوڵەتیی و پێشبردنی سیاسەتی دەرەکیان لە ئەسغەرشا وەک کوردێکی چالاکی سیاسی لە کاتی کۆدەتا لە دژی پاشایەتی زاهیر شا دەگیرێ و دواتر لە سێدارە دەدرێت. هەروەها لە دروست کردنی جوڵانەوەی مەشڕوتیەت، سەروەرخان وەک بیرمەندێکی سیاسی کورد ڕۆڵێکی گرینگی لە دروست بوونی بزوتنەوەی مەشڕوتە لە ئەفغانستان هەبوە. هەروەها یەکەمین شۆڕشەکانی دژی داگیرکاری سۆڤیەت لە گەڕەکی چند اول (گەڕەکی کوردنشینی شاری کابوڵ) دەست پێدەکرا. لە سەردەمی خەفەکاری و ڕەشی حەفیزوڵا ئەمین زۆربەی زیندانیانی سیاسی کە لە هەوڵی شۆڕشی دژە چالاکی زۆربەی کوردەکانی ئەفغانستان کاری سیاسی بوە. هەروەک لە هەرێمی کوردستان، موستەفا بارزانی ڕێبەری شۆڕشی کوردستان بوو ، لە کابوڵیش گەورە شۆڕشەکانی پێشکەوتن خوازانە لە ناوچەی چند اول و ناوچەکانی دیکەی کوردی سەریان هەڵدەدا.


لەم بارەوە کاک ئەمان ئاماژە بەوە دەدات کە میر عەلی



دەرگای مزگەوتی جامیعی شەریفی کوردەکان لە گەڕەکی (چند اول) لە پایتەختی ئەفغانستان.



نووسراوی سەر بەردی گۆڕ: "کل نفس ذائقه الموت، وەفاتی مەرحەمەتی غەفران پەنا ڕەزوان شوێنی بەرزی ئارامگای غولامڕەزا خان کوڕی عالیجاه عەلیپەزا خان جەماعەتی کوردی بەیات لە ڕۆژی شەمە پازدەی شەوالی موکەڕەمی سالی هەزار و دووسەد و سی و هەشت کە بە بڕینی گولەی دوژمن لە مالی فانی بەرەو مالی هەمیشەیی کۆچی کرد".



پەرتوکە دیاریەکانی مزگەوتی کوردەکان لە ئەفغانستان

لە سەر سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان و لێکەوتەکانی لە سەر ئاسایشی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین. ئەم توێژینەوەیە لە لایەن ئەنستیتۆی پێدیای پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و هیوادارم ببێتە بەشێک لە ستراتیژی ماوە مانماوەندی هەرێمی کوردستان بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی، کە لە چوارچێوەی یاساکانی نێودەوڵەتی وەک مافی دیاری کردنی چارەنووس مافی خۆیانە، لە بەر چاو بگرێت.

یەکەم جار کاک فواد حەسەن (ڕەوەند) بەڕێوەبەری ئەنستیتۆی پێدیای پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەر بوونی کورد لە ئەفغانستان هەندێ نیشانەی پێدام. هەروەها زانیاریەکانی قوتابی خۆشەویستم عەلی سەجاد مەولایی (کە بە جۆرێک ڕیشەی بۆ کورد دەگەڕێتەوە) منی زیک کرد تاکو بۆ لای لێکۆڵینەوە لە بارەی کوردەکانی ئەفغانستان بچم. ئەم نوسینە کە لە سەر دۆخی کوردەکانی ئەفغانستانە ، بە میتۆدی کاری مەیدانی لە شارەکانی غەزنە و کابوڵ، بە گفتوگۆ لە گەڵ خەڵکی ناوچەکە ڕێک خراوە، هەوڵێکی دیکەیە بۆ قووڵ کردنەوەی پەیوەندی کەلتوری نێوان کورد-ئەفغان.

میژووی کوردەکانی ئەفغانستان

بە گشتی کورد وەک گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت لە جیهان لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم دەناسرێن. ئەم نەتەوە کۆن و گەورەیە زیاتر لە ناوچە سنوریەکانی خۆرئاوای ئێران، باکوور و ڕۆژهەڵاتی عێراق، باشوری تورکیا و باکوری سوریا دەژین. لە ڕاستیدا نیشتیمانی گەورەی کوردستان بە پێی بەرژەوەندی زلهێزان لە نێوان ئەم چوار وڵات دابەش کراوە. هەروەها لە هەندێک قۆناغی میژوویی هەولێی گۆڕینی دیموگرافیشی دراوە. ئەلبەتە بە پێی دەقە میژوویەکان کوردەکان تەنها لە خۆرهەڵاتی ناوینداو نین بەڵکو بوونێکی بەرینتر و فراوانتریان لە خۆرهەڵاتی ئێران، قەفقاز، ماوەڕائونەهر، ئاسایای ناوین، ناوچەی بالکانیش هەیە. شایانی گوتنە کە ڕێژەی کوردەکان لە ناوچە ناکوردستانیەکانی وەک ئەفغانستان بە هۆی کۆچی زۆرە ملێ، پێکدادانی میژوویی، جەنگ و دوور خستنەوەکانی نەویستراو هاتونە کایەوە. تەنانەت لە کاتی ئێستاشدا کۆچی کوردان بەرەو خۆرئاوا بە هۆی نەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە. نەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ وای کردوە کە ئەوان لە زۆرێک لە پێداویستیەکان بێ بەش بن؛ بۆیە ئەم کۆچە دوور و درێژانە هێشتاش بەردەوامیان هەیە.

کۆچی کوردەکان بۆ ئەفغانستان

بە پێی هەندێک سەرچاوەی میژوویی، لە دەیەی 1500ی زایینی کوردەکان لە باکوری خۆرئاوای ئێران، بۆ ناوچەکانی ناوەندی ئەفغانستان براون تاکوو لە بەرانبەر هێرشی داگیرکاری مەغۆل بەرگری بکەن. ئەمە تەنها گێڕانەوە نیە لە بارەی بوونی کوردەکان لە ئەفغانستان؛ بەڵکوو گێڕانەوەی دیکەش هەن کە ئەم ڕاستیە دەردەخەن کە کوردەکان لە قۆناغی جیاجیای میژوویی هاتونەتە ئەفغانستان و لەوێ دەژین. هەروەها پێ دەچێ کۆچی کوردان بۆ ئەفغانستان هەمان بەردەوامی کۆچی ئەوان لە ناوچەکانی کوردستانی ئێران بۆ خوراسان و خۆرهەڵاتی ئێران لە سەردەمی سیلسلەی پاشایی ئەفشاریە بوبێ. بە پێی گوتەی خەڵکی کۆنی گەڕەکە کۆنەکانی شاری کابوڵ، نادر شای ئەفشار بۆ لەشکرکێشی بۆ ئەفغانستان پێویستیەکی زۆری بە ڕاوێژکار و دەربارێی و خەڵکی جەنگاوەر هەبوو تاکوو بتوانێ ئەفغانستانی ئێستا بگرێت. بە زۆری لەشکری نادر لە دوو دەستە پێک دەهات؛ یەکەمیان گروپی نەتەوی تورکەکانی شاہ سۆن کە ئەرکی جەنگاوەری و شەڕیان لە ئەستۆ بوو و ئەویتر گروپی نەتەوی کورد بوون کە لە گەڵ لەشکری نادر بوون (کوردەکانی باکوری خۆرئاوای ئێرانییە ئێستا کە زیاتر کرمانجەکان بوون). ئەو کوردانەی کە هاوڕێی لەشکری نادر بوون لە سێ شاری بەناوبانگی ئەفغانستان بڵاو بوونەوە. شارەکانی غەزنە، مەزار شەریف و کابوڵ. بە پێی هەندێ سەرچاوە نادر شای ئەفشار کۆلکەی کوردی هەبوە و بۆیەش لە خۆرهەڵاتی ئێران باوەڕی بە کوردەکان هەبوە و هێزەکانی کورد و فەرماندە کوردەکانی لە دەوری دەرباری خۆی داناوە. بەم پێیە دەتوانین ئاماژە بە فەرماندەی قەڵای نادر، کەریم مەریوانی بکەین. هەروەها لە دوای خانەدانی نادر سیلسلەی پاشایی زەندیەش لە لایەن کەریمخانی زەند هەر بە دەستی ئەم هێزە وەفدارانەوە دروست بوو. لە شاری خواجە عومری، گوندی دێهنەهال و ویلایەتی غەزنە، دەستەیەکی کوردەکان کە خەریکی کاری وانەبێژی و پێشخستنی کاروباری دیوانی حکومەتی نادر شای ئەفشار بوون

بڕوایەیە کە ئەم مزگەوتە کۆنایەتیەکەی بۆ 160 سالّ لەوەپێش دەگەڕێتەوە. لە ڕاستیدا بە شێوەیەکی ورد دیار نیە کە ئەم مزگەوتە چەندە کۆنە.

دەرئەنجام

بەم شێوەیە دەبێ بڵێین کە لە ماوەی هەوراز و نشێوە میژوویەکان خەڵکی کوردستان تووشی کۆچ کردن بۆ ناوچەکانی دیکە بوونە و ئەم کۆچ و پێکدادانە میژوویانە توێژینەوەی زانستیان گەرەکە. مەبەست لە ڕووخستنی ئەم بابەتانە وەک مادەی سەرەتایی بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی میژوویی بە سود دەبێ. هەروەها ئەوەی کە بۆچی کوردەکان لە وڵاتانی دیکە ماونەتەوە باسێکی گرینگە. پێ دەچێ کوردەکانی لە وڵاتانی وەک ئەفغانستان زیاتر لە بەر نزیکایەتی کەلتوری هەستیان بە بێانی بوون نەکردبێ و توانیویانە لە گەڵ خەڵکی هاوئەژادی خۆیان لە ئەفغانستان و خوراسان سالیانی سالّ بەو پەڕی ئارامی ژیان بکەن. ئێستا دەتوانین ئەم کۆچە خوازراو یان نەخوازراوانە کە لە سەردەمێکدا نکبەت بوونە وەک بەختی بەهات و هەلێکی فەرهەنگی- سیاسی بە مەبەستی هاوگری زیاتری ناوچەی نەورۆز سودی لێ ببینین. بە جۆرێک کە ئێستا دەتوانین پەیوەندی فەرهەنگی و سیاسی (ڕوبەڕو بوونەوەی تیرۆریسم، دامەزراوەسازی و گەشەسەندنی سیاسی) و هەلە ئابوریەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەفغانستان لە ڕێگای نوێنەرایەتیە سیاسیەکان داببەزرێنین.

*** دەتوانن ئەم وتارە بە زمانی فارسی لەم سایتەدا /aiss.af persian/ بخوێننەوە.**

*** ماستەر لە زانستەکانی سیاسی زانکۆی تاران و لێکۆڵەری ئەنیستۆتی توێژینەوەی ستراتیژی ئەفغانستان و مامۆستای زانکۆ**
لە فارسییەوە: کاروان کەریمخان.

وون بوون

پسوولەی شارەوانی (هەولێر) ژمارەی پسوولە ٠١٣٠٤١٧ بەرواری ٢٠١٥/٨/٣٠ بەبری ٣٥٠٠٠٠ بەناوی کریم محمد مصطفی وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٤ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٦٨٥٩٨٨ بەروار ٢٠١٨/٧/٢٣ بەبری ٩٠٠٠٠٠ بەناوی سامان عبدالکریم محمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

مەنەفێست بەناوی شرکة مافدار جۆری ئۆتۆمبێل حفارة زنجیر دایو حجم کبیر مۆدێل: ٢٠٠٧ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ١١٨٤٤ کاتی ژمارەی شاصی: DHKHECCOA٧٠٠٠٥٤٤٨ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

مەنەفێست بەناوی شرکە ابو مشتاق جۆری ئۆتۆمبێل: مارسیدس براد مع جهاز تبرید تك ویل تك قمارە مۆدێل: ٢٠٠١ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٥٣٧٠٣ کاتی دهۆك ژمارەی شاصی: WDB٩٧٠٠٢٣١K٥٣٢٥٤٤ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

دادگای بەرایی بەردەرەش

العدد: ٥١/ب/٢٠١٩

التاريخ : ٢٠١٩/٧/٢

اعلان

المدعي / جاسم محمد عبدالله ــ يسكن بردرش صغير .

المدعي عليها / الاء حسيب معروف ــ مجهولة محل الاقامة .

اقام المدعي الدعاوي البدائية المرقمة (١٠و١١و١٢و١٣و١٤و١٥و١٦و١٧و١ ٨و١٩و٢٠و٢١و٢٢/ب/٢٠١٩) و التي موضوعها ازالة شيوع في قطع المرقمات (٣٣٥٧/١) و (٣٣٣٥/١) و (٣١١٤/١) و (٣٤١٣/١) و (٣٤٤٤/١) و (٣٤٤٥/١) و (٣٣٢٢/١) و (٣٣٨٠/١) و (٣٣٣٤/١) و (٣٣٧٩/١) و (٣٣٧٨/١) و (٣٣٧٧/١) و (٣٣٥٨/١) مقاطعة (٦٣) بردرش كبير و نظرا لمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك عن طريق النشر في جريدتين محليتين للحضور امام محكمة البداءة في بردرش بموعد المرافعة في ٢٠١٩/٧/٢٩ او ارسال من ينوب عنك قانونا و بعكسه سوف تجري المرافعة بحقك غيابيا .

القاضي / فرهاد سلمان حسن

* * *

محكمة المواد الشخصية في القوش

العدد/٣٠/مواد/٢٠١٩

التاريخ/٤/٧/٢٠١٩

اعلان

الى المدعى عليها (هندستان حجي حسو) الساكنة ناحية القوش قرية بيبان سابقا ومجهولة محل الاقامة حاليا اصدرت هذه المحكمة في الدعوى المرقمة ٣٠/ مواد/٢٠١٩ بتاريخ ٢٠١٩/٦/٣٠ حكما غيابيا يقضي بتصديق الطلاق الخارجي الذي اوقعه زوجك جمال حمدون شمو بتاريخ ٢٠١٨/١١/٢٠ ولمجهولية محل اقامتك حاليا قرر تبليغك بصحيفتين محليتين يوميتين وعند عدم الطعن بالقرار بطريق الاعتراض او التمييز ضمن المدة القانونية يكتسب القرار الدرجة القطعية

القاضي / حسام الدين احمد علي

* * *

محكمة تحقيق الشمال

اعلان

الى المفقود : مراد ميرزا خديدو

قدم السيد / صادق مراد ميرزا طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول

القاضي / علي حسن كريبان

* * *

دادگای بەرایی سلێمانی / ٢

ژمارە : ١٠٨ / بەپەلە / ٢٠١٩

بەروار : ٧/٧/٢٠١٩

ئاگاداری

داواکار : عمر علی میرزا

داوالەسەرکراو : اقبال محمد صالح

بۆ داوا لەسەر کراو (اقبال محمد صالح)

داواکاربەناوی (عمر علی میرزا) لەم دادگایە داوایەکیان لەسەر تۆمارکردوون بە ژمارە (١٠٨ / بەپەلە / ٢٠١٩) تایبەت بە (کشف مستعجل بۆکۆگایەك لە هوانە بۆ دەرخستنی ئەو کەل و پەلانە)، لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونتان نادیارە بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەتان لە دوو رۆژنامەی نێوخۆی فەرمی (رەسمی) بەمەبەستی ئامادەبوونتان بۆ دادگایی کردن بۆ رۆژی (٢٠١٩/٧/١٥) سەعات (١٠:٢٠) یان ناردنی بریکارێك بە پێچەوانەوە ئامادەنەبن بەپێی یاسا داواکە دەبینرێت.

دادوەر / کمال رضا احمد

* * *

دادگای بەرایی سلێمانی / ٣

ژمارە: ١٢٩٩ / ب / ٢٠١٩

بەروار: ٤ / ٧ / ٢٠١٩

ئاگاداری

داواکار: سمر احمد جميل

داوالەسەرکراو : گۆران عزيز احمد و ديار عزيز احمد

بۆ داوا لەسەر کراوان (گۆران عزيز احمد و ديار عزيز احمد) داواکاربەناوی (سمر احمد جميل) لەبەردەم ئەم دادگایە داواکاریەکی لەسەر تۆمارکردون بە ژمارە (١٢٩٩ / ب / ٢٠١٩) لە دادگای بەرایی سلێمانی / ٣ لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە، لەبەرئەوە ئەم دادگایە بریاریدا بە ئاگادارکردنەوەت لە ڕێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆی فەرمی بەمەبەستی ئاگادارکردنت بۆ دادگایی کردن بۆ رۆژی (٢٠١٩/٨/٢٨) کاتژمێر (٩:١٠) یان ناردنی بریکارێك بە پێچەوانەوە ئامادەنەبن بەپێی یاسا داواکە دەبینرێت.

دادوەر/ سۆران عمر محوی

* * *

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠١٩/٧/٤

بەپێی ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (فواز دخيل اسماعيل) لە بەروای ٢٠١٩/٧/٣ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی تۆمار دەکرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانداراوە لە (گ/ ٥/ حصارۆك) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە رۆژدا, واتە رۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازییوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمادەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووسی یەکەم / مریوان قەرنی ابراهیم

ئامێزەکان:

١- تاحونەی ووردکردنی شەکر پۆدرە بێ ژمارە دروستکراوی محلی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٥.

٢- پرکردنی شوشەی نۆتێلە و شیرنەمەنی بێ ژمارە دروستکراوی محلی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١.

٣- عجانەی شێلانی موادی شیرنەمەنی بێ ژمارە دروستکراوی محلی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤,٥ المانی

٤- دروستکردنی تەحین ئاش بێ ژمارە دروستکراوی محلی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٥.

٥- شرینگی حڕاری بەسێت کردنی نایلۆن بێ ژمارە دروستکراوی محلی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١.

٦- دوو میکسەر خەڵاتی تێکەڵ کردنی مواد بێ ژمارە دروستکراوی محلی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢*٥,٥.

٧- دروستکردنی قاپی سەفەری نایلۆن فاکیۆم بێ ژمارە دروستکراوی محلی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤,٥.

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٢

ژمارە: ٣٤٧/ك/٢٠١٩

ڕۆژ: ٢٠١٩/٦/١٢

بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: چۆمان جزاء عمر

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (راپەرین) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/١٠/٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / شیرین علی حمه سور

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٢

ژمارە: ٣٢٠٩/ج/٢٠١٥

ڕۆژ: ٢٠١٩/٦/٢٤

بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: ارکان محمد فتح الله

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤١٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەیوان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/١٠/٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / شیرین علی حمه سور

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٢

ژمارە: ٢٤٨٤/ك/٢٠١٨

ڕۆژ: ٢٠١٩/٦/١٣

بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: چۆمان فائق حمەلاو

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٥٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/١٠/٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / شیرین علی حمه سور

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٢

ژمارە: ٣١٥/ك/٢٠١٩

ڕۆژ: ٢٠١٩/٦/٢٠

بۆ/ تۆمەتبارانی ڕاکردوو: ئاریز بێستون تۆفیق و دڵزار ڕفیق فائق

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤١٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (چوارچرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/١٠/٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / شیرین علی حمه سور

* * *

سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر

ژمارە: ٧٨

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٧

ئاگاداری

لەسەر داوای هاوواڵتی (خالید حسین مام وسو) میراتگری خوالێخۆشبوو (حسین مام وسو) سەرۆکایەتی لیژنەکەمان هەڵدەستێت بە ڕاستکردنەوەی ناو:- لە (حسین اوسو حمدامین ابابکر) بۆ (حسین مام وسو) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەویەکانی ژمارە (١١ کەرتی ٥٧/ فریز) کە لەساڵانی تەسویە بەهەڵە تۆمار کراوە, پێویستە لەسەر خاوەن داواکە بەڵگەنامەی فەرمی و یاساییەکان لەگەڵ شاهیدەکان و موختاری گوندەکە ئامادە بکات لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٧/٢٢) کارەکەمان ئەنجام دەدەین.

کاروان ابراهیم اسماعیل/ سەرۆکی لیژنە

* * *

هەرێمی کوردستان - عێراق
نەخوومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر
بە ڕێوبەرایەتی یاسایی وگرێبەستە گشتی یەکان

حكومة اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
رئاسة جامعة صلاح الدين – اربيل
مديرية الشؤون القانونية والعقود العامة

Kurdistan Regional Government – Iraq /Council of Ministers/ Ministry of Higher Education &Scientific Research
Salahaddin University/Erbil/ Directorate of Legal Affairs

ژمارە: 2/4 7338 No:
ڕێکەوت : 7 / 7 /2019 زایینی Date:

ئاگاداری

زیاد کردنی ئاشکرا

سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین هەڵدەستێ بە بەکرێدانی (کافتریا و کۆشك وفۆتۆکۆپی) کۆلێژەکان و بەڕێوەبەراییەتیەکانی سەر بە زانکۆمان کەلەخوارەوە ناماژەی پێکراوە بۆ ساڵی خوێندنی (2019 – 2020) لەڕێگای زیادکردنی ئاشکرا ، هەرکەسێك شارەزایی لەم بوارانەدا هەیە ، وە نیازی بەشداری کردنی هەیە لەم زیادکردنە باسەردانی بەڕێوەبەرایەتی دارایی سەرۆکایەتی زانکۆمان بکات بۆکرپینی تەندەر کە نرخەکەی (50,000) دینارى عیراقی یە لە (2019/7/8) دەست پێ دەکات تا ڕێکەوتی (2019/8/8)، لە کاتژمێر (12) ی نیوەڕۆ لە سەرۆکایەتی زانکۆ ، بۆ زانیاری زیاتر دەبێت ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت:

ا ـ بەڵگەنامەی داواکراو

1. پسوولەی ڕاسپاردن بە بڕی (30٪) لە بری خەملێنراوی پارەی ئەم سالْ دابنێ وەك بارمتە بەچەکی پەسندکراولەبانکێکی حکومی وە گەڕاندنەوەی بۆ بەشداربووەکان جگە لەو کەسانەی کە زیادکردنەکەیان بۆ دەردەچێت .
2. بڕوانامەی پاکانەی ئەستۆ یاخود لاری نەبوونی بە کرێگرتن لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی باجی داهاتی هەولێر.
3. شارەزایی پێشووی لەم بوارەدا هەبێت بەلایەنی کەم لەساڵێك کەمتر نەبێت .
4. لایەنگیری لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر.
5. بڕوانامەی سەلامەتی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی پارێزگای هەولێر.
6. پسوولەی تەندەر .

پ ـ مەرجە پێویستەکان

1. زانکۆ پابەند نییە بە وەرگرتنی تەندەر لە دوای مێژووی دیاریکراو.
2. زانکۆ چاو ناخشێنێت بەو تەندەرانەی کەبەڵگەنامەی ناماژەپێکراو تایبەت بە لێندەری لەگەڵ هاوپێچ نەکرابێت .
3. کرێی بلاوکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە زیادکردنەکەی بۆ دەر دەچێت .
4. گرێبەستەکەلە 2019/10/1 دەست پێ دەکات لە 2020/9/1 کۆتایی دێت .
5. ئەگەر هاتوو زانکۆ یان کۆلێژ هەر تێبینیەکیان هەبوو لەسەر ئەو پێشکەش کارە ی کەزۆرترین نرخ پێشکەش دەکات . ئەوا بۆمان هەیە لەگەڵ پێشکەشکاری تر گرێبەست واژوو بکەین.
6. هەندێ لە خواردن و کەل و پەلەکان نرخیان چەسپاوە .

تێبینی : یانە : جگە لە خواردن تەنها دەتوانی ئاو و بیسی وچا و ماستاو بفرۆشێت.
کۆشك : دەتوانی هەموو جۆرە سارددەمەنی وشیرەنەمەنیەکان وکارتی موبایل وانترنیت وچا وقاوە ونسکافیە بفرۆشێت.
فۆتۆکۆپی : ناتوانی کارتی موبایل وانترنێت بفرۆشێت.
نانەواخانە (فرن) : نان ، کولیرە (سادە ، گۆشت ، کونجی ، پەنیر ، هێلکە) بفرۆشێت .

ژ	ناوی کۆلێژەکان	شوێنی بەکرێدان
1	کۆلێژی نەدەبیات	فۆتۆکۆپی (استنساخ)+ کۆشك
2	کۆلێژی زمان	کافتریا (نادی)+ فۆتۆکۆپی (استنساخ)
3	کۆلێژی یاسا	کافتریا (نادی)+ فۆتۆکۆپی (استنساخ)
4	کۆلێژی هونەرە جوانەکان	کافتریا (نادی)
5	کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکان	کافتریا (نادی)+ فۆتۆکۆپی (استنساخ)
6	کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی	کافتریا (نادی)+ کۆشك+ فۆتۆکۆپی (استنساخ)
7	کۆلێژی نەندازیاری	کافتریا (نادی)+ دوو کۆشك+ فۆتۆکۆپی (استنساخ)+ داینگە
8	کۆلێژی پەروەردەی جەستەیی	کافتریا (نادی) + کۆشك+ فۆتۆکۆپی (استنساخ)
9	کۆلێژی زانست	کافتریا (نادی)+ کۆشك+ فۆتۆکۆپی (استنساخ)
10	کۆلێژی کشتوکاڵ	کافتریا (نادی)+ کۆشك+ فۆتۆکۆپی (استنساخ)
11	کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری	کافتریا (نادی)+ کۆشك+ فۆتۆکۆپی (استنساخ)+کۆشکی کمالیاتی اکسسوارات
12	بەشەناوخۆی شەهید شەوکەت	کافتریا (نادی) + مارکێت + فۆتۆکۆپی (استنساخ)+ سەرتاشخانە
13	بەشەناوخۆی 18 شوبات	(کۆشك میوە و مارکێت و کمالیات) + فۆتۆکۆپی (استنساخ) + نانەواخانە +ئارایشگا
14	کۆلێژی پەروەردەی شقلاوە	کافتریا (نادی)+ فۆتۆکۆپی (استنساخ)
15	کۆلێژی پەروەردە	کافتریا (نادی)+ دووکۆشك+ دووفۆتۆکۆپی (ئاو کۆلیژ زانستی) (دەرەوەی کۆلیژمرۆڤایەتی)
16	کۆلێژی رامیاری	کۆشك+ فۆتۆکۆپی (استنساخ)
17	کۆلێژی پەروەوەردەی مخمور	کۆشك+ فۆتۆکۆپی (استنساخ)
18	مەلەوانگەی کۆلێژی پەروەردەی جەستەیی	کافتریا
19	سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین	کافتریا

پ.د.جوهر فتاح سعید
سەرۆکی زانکۆ بەوەکالەت

هەرێمی کوردستانی عیراق- هەولێر
تەلەفۆن: 2262706
E-mail :karubariyasayee@yahoo.com
Kurdistan region-Erbil
Phone:2262706

دادگای تاوانی هەولێر/٤
ژمارە: ٧٤/ج/٢٠١٩/٤
رێکەوت: ٢٠١٩/٦/٣٠
بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو/ (نادر محمد حسن) و (نصرالدین محمد حسن) و (ئاری نادر محمد) و (حسن نادر محمد) و (حسێن نادر محمد) و (جنگی نادر محمد) و (دەشتی نادر محمد) و (رێبەر نجم الدین محمد) و (قابیل نجم الدین محمد) و (رفیق محمد حسن) و (نجم الدین محمد حسن)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی تۆیوە تۆمەتبارن بەپێی مادەی (٤٠٦) بەدەلالەی مادەکانی (٤٧ و ٤٨ و ٤٩) لەیاسای سزا وە سەلماندنی هەڵاتنتان وە نادیاری جێگاکەتان لە کاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا پاڵپشت بەمادەی (١٤٣) لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێراگەیاندنتان لەدوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆ ئامادەبوونتان لەبەردەم دادگای تاوانی چوار لەهەولێر لەرۆژی (٢٠١٩/١٠/١) وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی (پاشملە/غیابی) بەپێی یاسا. سەرۆک تحسین طه رسول
* * *
دادگای بەرایی سلێمانی/٢
ژمارە: ١٤٣٥/ب/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٧/٣
ئاگاداری
داواکار/ ١- رەفیق ابراهیم خدر ٢- توفیق ابراهیم خدر
داوا لەسەرکراو/ اقبال محمد صالح
بۆ داوالەسەرکراو (اقبال محمد صالح) داواکار بەناوی (١- رەفیق ابراهیم خدر ٢- توفیق ابراهیم خدر) داوایەکیان لەسەر تۆماکردون بەژمارە (١٤٣٥/ب/٢٠١٩) تایبەت بە (قەرزی اکسسواراتی کەوانتەر بەبری ٢٦٢١٤٠٠٠ بیست و شەش ملیۆن و دوو سەدو چوارەدە هەزار دینار) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە بۆیە ئەم دادگایە بریاریدا بەئاگادارکردنەوەتان لەدوو رۆژنامەی نێوخۆی فەرمی (رسمی) بەمەبەستی ئامادەبوونتان بۆ دادگایی کردن بۆ رۆژی (٢٠١٩/٧/٢٤) سەعات (١٠:١٠) یان ناردنی بریکارێك بەپێچەوانەوە ئامادەنەبن بەپێی یاسا داواکە دەبینرێت.
دادوەر/ کمال رضا احمد
* * *
دادگای باری کەسایەتی لە دهوك
ژمارە/ ٨١٧ /ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٧ /٧/ ٢٠١٩
راگەهاندن
بو/داوالێکراو (ولید خالد محمد) ل دیف داخازیا داواکار (بیان حسین صالح) وکێشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داخازیا (تفریق للهجر) کری وژبەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجی بونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بەربژارێ تاخێ دیارێ ل ٢٠١٩/٦/٢٦ ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە دا ئامادە بی ل روژا ٢٠١٩/٧/١٧ یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامادەبکە وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن
القاضی / مروان عادل اسماعیل
* * *
دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٤٩/م/٢٠١٩
رێکەفت/ ٧/٧/٢٠١٩
ئاگەهداری
بۆ داوالیکەراو (مریم یوسف یوخنا)جهی ئاکنجی بوونێ نەدیارە داواکار (رافی ورده بگرس) رابویە ب داوا شەرعی ئەوا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ل بەرامبەر ڤێ دادگەهێ داخازێ تێدا دکەت پەسندکرنا تلاقا دەرەکی (تصدیق طلاق خرجی) ئەوا روداى دناڤبەرا تە وێ وێ ژ تە ل ٢٠١٢/٩/٢٣ وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگادارییا دەستەکا هەلبژیر ل دهوك کری باصی تاخی شهیدان بریار هاتە دان ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو روژنامەییں روژا نەییێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤی دادگەهی ل دەمژمیر (١٠) سپیدەهیا روژا ٢٠١٩/٧/٢٨ ول بەروڤاژی ڤی جهنەدی دادبینی ل دەرهەقێ تەدا ب نەئامادەیی وئاشکرایێ هیتە کرن
دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم
* * *
دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٣٨٩/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٧/٧/٢٠١٩
ئاگەهداری
بۆ داوالیکەراو (سرمد مضر خیرالدین) جهی ئاکنجی بوونێ نەدیارە داواکار (زینب نصرت احمد) رابویە ب داوا شەرعی ئەوا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ل بەرامبەر ڤێ دادگەهێ داخازێ تێدا دکەت پەسندکرنا تلاقا دەرەکی (تصدیق طلاق خرجی) ئەوا روداى دناڤبەرا تە وێ وێ ژ تە ل ٢٠١٨/٩/١ وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگادارییا دەستەکا هەلبژیر ل قەزا سێمێلێ کومەلگەها ئەڤروستی بریار هاتە دان ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو روژنامەییں روژا نەییێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤی دادگەهی ل دەمژمیر (١٠) سپیدەهیا روژا ٢٠١٩/٧/٢٩ ول بەروڤاژی ڤی جهنەدی دادبینی ل دەرهەقێ تەدا ب نەئامادەیی وئاشکرایێ هیتە کرن
دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم
* * *
دادگەها بەرایی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٢١٢/ب/٢٠١٩
رێکەفت/ ١/٧/٢٠١٩
ئاگەهداری
بۆ داوالیکەراو (جاسم محمد باران) شوێنی دانیشتنا تە نەدیارە داواکار (سربست عبدالله رشید) ل داوای ژمارا وێ ل سەری دیارکری تومارکریە دژی تە ژبەر کو ئافاهیێ ژمارە ٦٦٣٢/١ کەرتی ١١ سمیل لسەر ناڤی وی تومارکریە ل رێڤەبەریا تومارکرنا خانووبەرا ل سێمیل وتە ب زوری کەلو پەلێن خو هیلایە د ئافاهی دا (خوارنگەهێ دا) وچول نەکریە ژبەر نەشتەجیبوونا تە نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری تاخی دوبان ل قەزا سمیل ل روژا ٢٠١٩/٦/٢٣ بۆیە دادگەها بریاردا تە ب ریکا دوو روژنامەی ناوخویی روژانەدا ئامادەبی ل بەرامبەری ڤێ دادگەهێ ل روژا ٢٠١٩/٧/١٠ دەمژمیر نەهی سپێدێ وبەروڤاژی ڤێ چەندێ دادبینی دێ هێتەکرن ب باش ملە ل دیف یاسایی
دادوەر / ابراهیم خشمان گرگری
* * *
بەریوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٢٠١٩/١٠٤٧
رێکەوت/ ٤/٧/٢٠١٩
راگەهاندن
بریار هاتە دان ب فروتنا مولکێ ژمارە (٤٧٦/١٥٢) کەرتێ (٧٨/دهوك الجنوبیە) کو دکەڤیتە (دهوك) وتومار کریە بناڤێ قەردار (ازاد عیسی احمد) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (وحید احمد محمد) بکوژمێ (٣٩٣٧٥٠٠٠) سی و نەهـ ملیون وسێ سەد وحەفتێ وپێنج هزار دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەردانا ریڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیهـ روژا کو دەست پێ دکەت ژ روژا پشتی راگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بریژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (١٥٠٠٠٠٠٠)سەد وپێنجی ملیون دینار دگەل رەگەزناما عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ ودەلالیەت لسەر بکری یە
سالوخەت : جە وژمارە دهوك (٤٧٦/١٥٢) کەرتێ(٧٨/دهوك الجوبیە) جور پێك هاتیە ژ ئافاهیێ ئاکنجیبوونێ (عمارە) سنور وسالوخەت پێك دهێت ژ سێ نهومان یا ئەردی کوگەه ویا ئێکێ پێك دهێت ژ دوو شوقا وهەر ئێك ژوان پێك دهێت ژ دوو ژورێن نڤستنێ ولێنانگەه وپێکهاتێن ساخلەمیێ ونهومـا دووێ پێك دهێت ژ دوو شوقا وهەر ئێك ژوان پێك دهێت ژ دوو ژورێن نڤستنێ ولێنانگەه وپێکهاتێن ساخلەمیێ روبەر (١٤٤) م٢ کوژمێ خەملاندی (١٥٠٠٠٠٠٠٠)سەد وپێنجی ملیون دینار ژڤان عزیز محمد / رێڤەبەر(جێ بەجێ کاری داد)
* * *
دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ - یەك
ژمارە: ٥١٤
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٣٠
ژمارەی کێشە: ٢٠١٨/١٠٧
جاردان
بۆ/ تاوانباری هەڵاتوو: پ.پ٢/ روان مسعود محمود
ناوی دایکی/ اسیا محمدامین
راگەیاندنی بریاری دادگایی پاشملە
لەبەر ئامادەنەبوونت لەبەرامبەر ئەم دادگایە وە تەواوبوونی ماوەی دیاری کراو بۆ ئامادەبوونت بەپێی بەندی ٦٨ لە یاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی سالّی ٢٠٠٨ وە لەبەر دەسکاری کردنی دەمانچەی جۆری کلۆك بە ژمارە (GWL٠٤٧) کە لە ئەستۆت دابوو وە بڕە پارەی دیاری دیاری کراو لێت وەردەگیرێت بەرێگای جێبەجێکار الطرق التنفیذیە پاش ئەوەی بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
٤- ئەو تاوانەی بە تاوانی ئابرووبەری (مخلە بالشرف) دادەنرێت پالپشت بە بەندی (٢١/أ-٦) لە یاسای سزای عیراقی ژمارە (١١١ی سالّی ١٩٦٩)ی هەموارکراو.
٥- دەرکردنت لە راژە طرد من الخدمە پالپشت بەبەندی ٤١/ یەکەم/أ لەیاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٤/ی سالّی ٢٠٠٨ پاش ئەوەی بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگیرێت.
٦- گشاندن دەمانچە لە جۆری کلۆك بە ژمارە (GWL٠٤٧) بکرێت بەپێی یاسا.
٧- دەست بەسەر داگرتنی سامانە گواستراوە و نەگواستراوەت.
٨- ماف دان بەفرمانبەرانی گشتی بەگرتنت لە هەر شوێنێك بیت.
٩- جەخت کردنەوە لەسەر هاوولاتیان بە ئاگادارکردنەوەی شوێنی خۆشاردنەوەت پالپشت بەبەندی ٦٩/ سێیەم لەیاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی سالّی ٢٠٠٨ وە بریاری سزادانەکەت بەبێ ئامادەبوونت بەتێکرای دەنگ دەرچووە وە تێگەیاندرا بە ئاشکرا لە ٢٠١٩/٥/٢٩ وە قابیلی پێداچوونەوەیە تەمییز ە وە مافی رەخنەگرتنت الاعتراض ت هەیە بەپێی بەندی ٧١ لە هەمان یاسا لەسەر بریاری سزادانی پاشملە تاکو ماوەی ١٨٠ سەدو هەشتا رۆژ لە رێکەوتی ئاگادارکردنەوەت ئەویش رێکەوتی بڵاوکردنەوەی ئەم بریارەیە لە رۆژنامەیەکی رۆژانە وە هەڵواسینی ئەم جاردانەیە کە هەڵدەواسرێت لەشوێنی نیشتەجێ بوونی دوایت و شوێنی بارەگای فەرمانگەکەی خۆت, وە لە کاتی ئامادەنەبوونت لەو ماوەیەی کەلەسەرەوە دیاریکراوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
عەمیدی ماف پەروەر
سەرۆکی دادگا
* * *
دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ - یەك
ژمارە: ٦٠١
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/٤
ژمارەی کێشە: ٢٠١٩/٦
جاردان
بۆ/ تاوانباری هەڵاتوو/نقیبی پۆلیس/ احمد جوکۆ سعدو شمو
ناوی دایکی: بیزار دهار
راگەیاندنی بریاری دادگایی پاشملە
لەبەر ئامادەنەبوونت لەبەرامبەر ئەم دادگایە وە تەواوبوونی ماوەی دیاری کراو بۆ ئامادەبوونت بەپێی بەندی ٦٨ لە یاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی سالّی ٢٠٠٨ وە لەبەر ئەوەی تاوانی هەڵاتنت ئەنجام داوە لە رێکەوتی ٢٠١٨/٩/١٧ لەبەرپێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای دهۆك بۆیە دادگایی کردنت پاشملە کرا لە رێکەوتی ٢٠١٩/٧/٣ بەپێی بەندی ٦٩ لە هەمان یاسا وە ئاگادارت دەکەینەوە بەپێی بەندی ٧١ لە هەمان یاسا بەو بریارەی لە خوارەوە هاتووە:
سزادانت بەبەندکردنێکی سووك بۆ ماوەی ٤ چوار مانگ بەپێی بەندی (٥) لەیاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژماە ١٤ی سالّی ٢٠٠٨. دەست بەسەر داگرتنی سامانە گواستراوە و نەگواستراوەت بەپێی بەندی ٦٩/ چوارەم لە یاسای شێوازی دادگای کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی سالّی ٢٠٠٨ .
ماف دان بەفرمانی گشتی بەگرتنت لە هەر شوێنێك بیت بەپێی بەندی ٦٩/ دووەم لە یاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی سالّی ٢٠٠٨
جەخت کردنەوە لەسەر هاوولاتیان بە ئاگادارکردنەوەی شوێنی خۆشاردنەوەت پالپشت بەبەندی ٦٩/ سێیەم لەیاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی سالّی ٢٠٠٨ وە بریاری سزادانەکەت بەبێ ئامادەبوونت بەتێکرای دەنگ دەرچووە وە تێگەیاندرا بە ئاشکرا لە ٢٠١٩/٧/٣ وە قابیلی پێداچوونەوەیە تەمییز ە وە مافی رەخنەگرتنت الاعتراض ت هەیە بەپێی بەندی ٧١ لە هەمان یاسا لەسەر بریاری سزادانی پاشملە تاکو ماوەی ٩٠ نەوەت رۆژ لە رێکەوتی ئاگادارکردنەوەت ئەویش رێکەوتی بڵاوکردنەوەی ئەم بریارەیە لە رۆژنامەیەکی رۆژانە وە هەڵواسینی ئەم جاردانەیە کە هەڵدەواسرێت لەشوێنی نیشتەجێ بوونی دوایت و شوێنی بارەگای فەرمانگەکەی خۆت, وە لە کاتی ئامادەنەبوونت لەو ماوەیەی کەلەسەرەوە دیاریکراوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
عەمیدی ماف پەروەر
سەرۆکی دادگا
* * *
دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ - یەك
ژمارە: ٥٨٣
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢
ژمارەی کێشە: ٢٠١٩/٧
جاردان
بۆ/ تاوانباری هەڵاتوو/پ.پ٤/ دیار محمد حسن ابراهیم
ناوی دایکی: غزال عبدالله
راگەیاندنی بریاری دادگایی پاشملە
لەبەر ئامادەنەبوونت لەبەرامبەر ئەم دادگایە وە تەواوبوونی ماوەی دیاری کراو بۆ ئامادەبوونت بەپێی بەندی ٦٨ لە یاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی سالّی ٢٠٠٨ وە لەبەر ئەوەی تاوانی هەڵاتنت ئەنجام داوە لە رێکەوتی ٢٠١٨/١٠/١٢ لەبەرپێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای دهۆك بۆیە دادگایی کردنت پاشملە کرا لە رێکەوتی ٢٠١٩/٧/١ بەپێی بەندی ٦٩ لە هەمان یاسا وە ئاگادارت دەکەینەوە بەپێی بەندی ٧١ لە هەمان یاسا بەو بریارەی لە خوارەوە هاتووە:
١- سزادانت بەبەندکردنێکی سووك بۆ ماوەی ٤ چوار مانگ بەپێی بەندی (٥) لەیاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژماە ١٤ی سالّی ٢٠٠٨. ٢- دەست بەسەر داگرتنی سامانە گواستراوە و نەگواستراوەت بەپێی بەندی ٦٩/ چوارەم لە یاسای شێوازی دادگای کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی سالّی ٢٠٠٨.
٣- ماف دان بەفرمانی گشتی بەگرتنت لە هەر شوێنێك بیت بەپێی بەندی ٦٩/ دووەم لە یاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی سالّی ٢٠٠٨
٤- جەخت کردنەوە لەسەر هاوولاتیان بە ئاگادارکردنەوەی شوێنی خۆشاردنەوەت پالپشت بەبەندی ٦٩/ سێیەم لەیاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی سالّی ٢٠٠٨ وە بریاری سزادانەکەت بەبێ ئامادەبوونت بەتێکرای دەنگ دەرچووە وە تێگەیاندرا بە ئاشکرا لە ٢٠١٩/٧/١ وە قابیلی پێداچوونەوەیە تەمییز ە وە مافی رەخنەگرتنت الاعتراض ت هەیە بەپێی بەندی ٧١ لە هەمان یاسا لەسەر بریاری سزادانی پاشملە تاکو ماوەی ٩٠ نەوەت رۆژ لە رێکەوتی ئاگادارکردنەوەت ئەویش رێکەوتی بڵاوکردنەوەی ئەم بریارەیە لە رۆژنامەیەکی رۆژانە وە هەڵواسینی ئەم جاردانەیە کە هەڵدەواسرێت لەشوێنی نیشتەجێ بوونی دوایت و شوێنی بارەگای فەرمانگەکەی خۆت, وە لە کاتی ئامادەنەبوونت لەو ماوەیەی کەلەسەرەوە دیاریکراوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
عەمیدی ماف پەروەر
سەرۆکی دادگا
* * *

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Projects Integration Leader
Work Location	Field (Zakho)
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements
• Work closely with all stakeholders including Project Managers, Engineering Managers, and the Construction Teams to provide subject-matter expert advice.
• Support Production Operations and Projects in developing robust SIMOPS plans to ensure safe and efficient project execution.
• Attends new projects technical reviews (Design, P&IDs, HAZOP, LOPA) and FAT's as required.
• Review and validate the test & commissioning procedures with Projects and Operations Readiness teams.
• Review and validates the system boundaries, scopes of work, and commissioning execution plans/sequence.
• Ensure that commissioning and start-up procedures are prepared in time and reviewed/approved as per Company Standards.
• Coordinate with Operations Readiness to ensure that the new facilities can be brought on stream whilst meeting process safety standards, that staff attain required competencies, that operations and maintenance procedures are in place, that routine maintenance is setup and operations daily surveillance is set up.
• Ensure the operational stock of spare parts is optimized and available at start-up of the new facilities and that the maintenance procedures are integrated into company's ERP system.
• Coordinates the commissioning of the various systems with Projects (and Projects Contractors if applicable) to ensure smooth handover of the new facilities to the Production Operations Teams once commissioned.
Required Qualifications & Experience:
• Engineering Degree in Chemical Engineering
High awareness of safe working practices associated with design, pre-commissioning, commissioning, completion insurance and Start-up activities in the oil and gas industry.
• At least 15 years' experience in the Oil and Gas industry.
• Transverse experience of both projects and operations, with solid background in commissioning and start-up activities.

Notes for interested Candidates
• Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
• Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێدان
ژمارە: ٩٨٣٠/١٠
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/٧
ئاگاداری
دوابەدوای ئاگادارییان ژمارە (٨٩٩٦/١٠) لە ٢٠١٩/٦/٢٤ و کە تیایدا لە برگەی دووەم ژمارەی راستی پارچە زەوی (١٠٩/٣٧٥٨ ك ٤٥ وارش) بەهەڵەی چاپ هەڵەکراوە بەژمارەی (١٥٩/٣٧٥٨ ك ٤٥ وارش) تکایە کاری پێویست ئەنجام بدەن بەڕاستکردنەوەی هەڵەکە و بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی
راستی ژمارەی پارچە زەوی بەم شێوەی خوارەوەیە
ژمارەی زەوی/ (١٠٩/٣٧٥٨ ك ٤٥ وارش) رووبەر/ ٤٠٠٠م٢ جۆری بەکارهێنان/ سوپەر مارکێت ماوەی بەکرێدان/ ٢٥ ساڵ
ئەندازیار/ سامان محمد احمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر

دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ- یەك
ژمارە: ٦٠٠
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/٤
ژمارەی کێشە: (٢٠١٩/١٠١)
جاردان
لەدادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ/ یەك
بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو/ر.پ.١.ھ/ محمد مازن جلال
شوێنی نیشتەجێ بوونی پێشوو: پارێزگای هەولێر/ گەرەکی یەکی فەرمانبەران
شوێنی نیشتەجێ بوونی ئێستا: نادیارە
دەبێت ئامادەبیت لەبەرامبەر ئەم دادگایە لە ماوەی ٣٠ سی رۆژ لەبەرواری بڵاوکردنەوەی ئەو جاردانە ئەگەر هاتوو لەناوەوەی هەرێمی کوردستانی عیراق یاخود لەدەرەوەی بۆ ئەوەی وەلامی ئەو تۆمەتە بدەیتەوە کە ئاراستەت کراوە بەندی ٥ لە یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٤ی ساڵی ٢٠٠٨ لەبەر ئەوەی تاوانی هەلاتنت ئەنجام داوە لەبەرواری ٢٠١٨/٦/١١ وە بەپێچەوانە ئەگەر ئامادە نەبووید رێککاری یاسایی لەدژت وەردەگیرێت وە بەندی ٦٩ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی ساڵی ٢٠٠٨ لەدژت جێبەجێ دەکرێت کە تیایدا هاتووە:-
١- حوکم دانت بەو سزایەی کە لەسەرت دەچەسپێت.
٢- دەسەلات دان بەفەرمانبەرانی گشتی بەگرتنت لە هەر شوێنێك بیت.
٣- پابەندکردنی هاوولاتیان بەئاگادارکردنەوەی شوێنی خۆشاردنەوەت.
٤- دەست بەسەرداگرتنی سامانی گواستراوەو نەگواستراوەت.
عەمیدی ماف پەروەر
سەرۆکی دادگا

* * *

دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ- یەك
ژمارە: ٥٩٧
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/٤
ژمارەی کێشە: (٢٠١٩/٩٦)
جاردان
لەدادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ/ یەك
بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو/پ.پ٤/ جواد مراد رشو مراد
شوێنی نیشتەجێ بوونی پێشوو: پارێزگای دهۆك/ قەزا شێخان/ ناحیەی باعەدرێ
شوێنی نیشتەجێ بوونی ئێستا: نادیارە
دەبێت ئامادەبیت لەبەرامبەر ئەم دادگایە لە ماوەی ٣٠ سی رۆژ لەبەرواری بڵاوکردنەوەی ئەو جاردانە ئەگەر هاتوو لەناوەوەی هەرێمی کوردستانی عیراق یاخود لەدەرەوەی بۆ ئەوەی وەلامی ئەو تۆمەتە بدەیتەوە کە ئاراستەت کراوە بەندی (٣٥) لە یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٤ی ساڵی ٢٠٠٨ لەبەر ئەوەی تاوانی هەلاتنت ئەنجام داوە لە بەرواری ٢٠١٨/٨/١ وە بردنی کلاشیکۆف جۆری (مزلی صینی) بە ژمارە (١٣٣٦) لەگەڵ (٤) چوار مەخزەن و (١٢٠) سەدو بیست فیشەك و تاخمی مەخزەن و درع و خودە و زەمزەمی و کڵە پشتی کە لە ئەستۆتدابووە بەپێچەوانەوە ئەگەر ئامادە نەبووید رێککاری یاسایی لە دژت وەردەگیرێت وە بەندی ٦٩ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی ساڵی ٢٠٠٨ لەدژت جێبەجێ دەکرێت کە تیایدا هاتووە:-
١- حوکم دانت بەو سزایەی کە لەسەرت دەچەسپێت.
٢- دەسەلات دان بەفەرمانبەرانی گشتی بەگرتنت لە هەر شوێنێك بیت.
٣- پابەندکردنی هاوولاتیان بەئاگادارکردنەوەی شوێنی خۆشاردنەوەت.
٤- دەست بەسەرداگرتنی سامانی گواستراوەو نەگواستراوەت.
عەمیدی ماف پەروەر
سەرۆکی دادگا

* * *

دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ- یەك
ژمارە: ٥٩٨
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/٤
ژمارەی کێشە: (٢٠١٩/٩٠)
جاردان
لەدادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ/ یەك
بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو/ن.ز.ن/٦ سیروان احمد محمد
شوێنی نیشتەجێ بوونی پێشوو: پارێزگای کەرکوك/ شۆڕیجە
شوێنی نیشتەجێ بوونی ئێستا: نادیارە
دەبێت ئامادەبیت لەبەرامبەر ئەم دادگایە لە ماوەی ٣٠ سی رۆژ لەبەرواری بڵاوکردنەوەی ئەو جاردانە ئەگەر هاتوو لەناوەوەی هەرێمی کوردستانی عیراق یاخود لەدەرەوەی بۆ ئەوەی وەلامی ئەو تۆمەتە بدەیتەوە کە ئاراستەت کراوە بەندی (٥ و ٣٥) لە یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٤ی ساڵی ٢٠٠٨ لەبەر ئەوەی تاوانی هەلاتنت ئەنجام داوە لە بەرواری ٢٠١٨/٨/١ وە بردنی کلاشیکۆف جۆری (مزلی صینی) بە ژمارە (١٣٣٦) لەگەڵ (٤) چوار مەخزەن و (١٢٠) سەدو بیست فیشەك و تاخمی مەخزەن و درع و خودە و زەمزەمی و کڵە پشتی کە لە ئەستۆتدابووە بەپێچەوانەوە ئەگەر ئامادە نەبووید رێککاری یاسایی لە دژت وەردەگیرێت وە بەندی ٦٩ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی ساڵی ٢٠٠٨ لەدژت جێبەجێ دەکرێت کە تیایدا هاتووە:-
١- حوکم دانت بەو سزایەی کە لەسەرت دەچەسپێت.
٢- دەسەلات دان بەفەرمانبەرانی گشتی بەگرتنت لە هەر شوێنێك بیت.
٣- پابەندکردنی هاوولاتیان بەئاگادارکردنەوەی شوێنی خۆشاردنەوەت.
٤- دەست بەسەرداگرتنی سامانی گواستراوەو نەگواستراوەت.
عەمیدی ماف پەروەر
سەرۆکی دادگا

* * *

دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ- یەك
ژمارە: ٥٩٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/٤
ژمارەی کێشە: (٢٠١٩/٩١)
جاردان
لەدادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ/ یەك
بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو/ن.ع/ شەمال والی حکیم کریم
شوێنی نیشتەجێ بوونی پێشوو: پارێزگای صلاح الدین/ قەزای دووز
شوێنی نیشتەجێ بوونی ئێستا: نادیارە
دەبێت ئامادەبیت لەبەرامبەر ئەم دادگایە لە ماوەی ٣٠ سی رۆژ لەبەرواری بڵاوکردنەوەی ئەو جاردانە ئەگەر هاتوو لەناوەوەی هەرێمی کوردستانی عیراق یاخود لەدەرەوەی بۆ ئەوەی وەلامی ئەو تۆمەتە بدەیتەوە کە ئاراستەت کراوە بەندی (٥ و ٣٥) لە یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٤ی ساڵی ٢٠٠٨ لەبەر ئەوەی تاوانی هەلاتنت ئەنجام داوە لە بەرواری ٢٠١٥/١٠/٢٦ وە بردنی کلاشیکۆف جۆری (مزلی صینی رقم ١٠) بە ژمارە (١١٤٢) لەگەڵ (٤) چوار مەخزەن و (١٢٠) سەدو بیست فیشەك کە لە ئەستۆتدا بووە بەپێچەوانەوە ئەگەر ئامادە نەبووید رێککاری یاسایی لە دژت وەردەگیرێت وە بەندی ٦٩ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی ساڵی ٢٠٠٨ لەدژت جێبەجێ دەکرێت کە تیایدا هاتووە:-
١- حوکم دانت بەو سزایەی کە لەسەرت دەچەسپێت.
٢- دەسەلات دان بەفەرمانبەرانی گشتی بەگرتنت لە هەر شوێنێك بیت.
٣- پابەندکردنی هاوولاتیان بەئاگادارکردنەوەی شوێنی خۆشاردنەوەت.
٤- دەست بەسەرداگرتنی سامانی گواستراوەو نەگواستراوەت.
عەمیدی ماف پەروەر
سەرۆکی دادگا

* * *

سەرۆکایەتی لێژنەی بریاری ٢٢٢ ساڵی ١٩٧٧
ژمارە: ٢١٤
رێکەوت/ ٢٠١٩/٧/٧
ئاگاداری
ئاگاداری خاوەن پارچە زەوی ژمارە (٣٥٢) کەرتی ٥/عنکاوە هاوولاتی (شیرین و سیدی) مندالانی (الیاس هرمز) دەکەینەوە کەوا لێژنەی بریاری (٢٢٢) سالی ١٩٧٧ هەڵدەستێت بە کۆژانەوەی پارچە زەوی ئامازە پێکراو بۆ بەرژەوەندی سەرۆکایەتی شارەوانی عنکاوە جا بە خۆت یان بریکاردارت ئامادەبن لە رۆژی ٢٠١٩/٧/٢٥ بۆ کەشف بۆ سەر پارچە زەویەکە ئەگەرنا بەپێچەوانەوە لێژنە کاری یاسایی خۆی ئەنجام دەدات.
د.عبدالرحیم عمر مصطفی
سەرۆکی لێژنە

* * *

ئاگاداری
وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێ دانی رووبەری (٢٥٠٠)م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (٢/١) ك (١٠) سوێرێ (رێگای هەولێر- خەبات)، بەمەبەستی دروست کردنی (کۆگا و پێشانگا) بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ بە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو رێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەرێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە هەولێر بدات لە ماوەی (٣٠) رۆژ کە دەست پێ دەکات لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە.
د. کمال طیب قادر
بەرێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری

* * *

سەرۆکایەتی لێژنەی یەکەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر
ژمارە: ٧٧
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/٧
ئاگاداری
لەسەر داوای هاوڵاتی (اسعد حسین اسعد حاجی) میراتگری خوالێخۆشبوو (حسین اسعد حاجی) سەرۆکایەتی لێژنەکەمان هەڵدەستێت بە راستکردنەوەی ناو:- لە (حسین اسعد حمدامین) بۆ (حسین اسعد حاجی) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەویەکانی ژمارە (٦٧ ، ٢٥ کەرتی ٥٧/فریز) کە لەساڵانی تەسویە بەهەلە تۆمار کراوە، پێویستە لەسەر خاوەن داواکە بەڵگەنامەی فەرمی و یاساییەکان لەگەڵ شاهیدەکان و موختاری گوندەکە ئامادە بکات لە رێکەوتی (٢٠١٩/٧/٢٢) کارەکەمان ئەنجام دەدەین.
کاروان ابراهیم اسماعیل/ سەرۆکی لێژنە

* * *

وەزارەتی کارەبا
نووسینگەی وەزیر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە: ٤١٠٥
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/٣
بڵاوکردنەوەی ئاگاداری
کەمکردنەوەی نهێنی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٩
وەزارەتی کارەبا کەمکردنەوەی نهێنی ڕادەگەیەنێت بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی (دابین کردنی وێستگەیەکی مۆبایل بەتوانای ٣٣/١١ کەی ڤی ٢٥MVA بۆ وێستگەی صالح ئاغا لە ناحیەی قۆرەتوو) جا هەر بەلێندەرێك یان کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە بۆ ئەم مەبەستە دەتوانێ سەر لە بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان بدات لە وەزارەتی کارەبا بۆ وەرگرتنی تەندەرو مەرجەکانی.
مەرجەکانی بەشداری کردن :
١- جێ بەجێ کردنی کارەکان دەبێت بەپێ ی رێنماییەکانی جێ بەجێ کردنی گرێبەستە حکومیەکان ژمارە (٢) سالێ (٢٠١٦) و رێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت .
٢-هەموو کارەکان دەبێت ئەنجام بدرێت بەپێ ی مواسفاتی وەزارەتی کارەبا.
٣- ماوەی ئەنجامدانی پرۆژەکە (١٨٠) سەدو هەشتا رۆژی تەقویمیە دوای هەفتەیەك لە بەرواری واژووکردنی گرێبەست.
٤- بەلێندەر دەبێت پابەند بێت بەمەرجەکانی دواکەوتن بەپێ ی رێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری بەپێی هاوکێشەی / پێبژاردنی رۆژانە گوژمەی گرێبەست \ ماوەی رۆژەکانی گرێبەست ×١٠٪ لە رێنمایەکانی جێ بەجێ کردنی گرێبەستە گشتیەکان
٥- ماوەی گەرەنتی و چاککردنەوەی پرۆژەکە دەکاتە (١٢)مانگ لەبەرواری وەرگرتنی سەرەتایی .
٦- بارمتەی سەرەتای بریتیە لە (٣٦,٠٠٠,٠٠٠) سی و شەش ملیۆن سێ سەدو بیست هەزار دینار کە بە چەکێکی پەسندکراو یاخود بە شێوەی (دەستەبەری بانکی).
٧- ٥٪ لەکارە ئەنجامدراوەکانی کۆتایی دەبردرێت وەکو بارمتەی کۆتایی (چاککردنەوە) .
٨- کۆمپانیا دەبێت بە لایەنی کەم یەك کاری هاوشێوەی پرۆژەی هاتووی ئەنجام دابێت.
٩- بەلێندەر نابێت بەهیچ جۆرێك فەرمانبەرانی وەزارەتی کارەبا لە کارەکە بەکار بهێنێت .
١٠- لەکاتی هەبوونی جیاوازی لە نێوان دەرخستەو دیزاین (نەخشەکان) بریاری ئەندازیاری سەرپەرشتیار وەردەگیرێت.
١١- دەبێت کۆمپانیا لە پلە چوار کەمتر نەبێت ئەگەر بەلێندەرایەتی بێت وە ئەگەر کۆمپانیا بازرگانی گشتی بێت پێویستە تۆمار کرابێت و وێنەیەك لە تۆمار پێشکەش بکات لە گەڵ ئۆفەر.
١٢- دەبێت ئۆفەری دارایی و تەکنیکی لە دوو زەرفی داخراوی جیا جیا پێشکەش بکرێت.
١٣- دەبێت تەندەرەکە مۆرو واژووی کۆمپانیای لەسەر بێت.
١٤- بەلێندەر دەبێت ئەندازیاری کارەبایی بۆ پرۆژەکە دابنێت تاوەکو پرۆژەکە تەواو دەبێت .
١٥- وەرگرتنەوەی تەندەرەکان لە وەزارەتی کارەبا / ب. گرێبەستەکان دەبێت.
١٦- ئامادەبوونی نوێنەری کۆمپانیا لە رۆژی کردنەوەی تەندەرەکان .
١٧- کرێ ی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایە دەبێت کە بۆی دەردەچێت.
١٨- هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیارکراو وەرناگرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
١٩- نرخی کرینی تەندەر (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هەزاردینارە بە پێ ی پسولەیەك کە بۆی ناگەڕێتەوە.
٢٠- ئەگەر بەهەر هۆیەك رۆژی دیاریکراو بۆ وەرگرتنەوەی تەندەر بووە پشوو ئەوا یەکەم رۆژی دەوامی فەرمی دوای ئەو بەرواڕە دەبێتە دوا رۆژ بۆ وەرگرتنەوەی تەندەر .
٢١- دواڕۆژ بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان لە رۆژی سێ شەممە لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/١٦ دەبێت کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ.

هۆگر محمد فرج شاڵی
بریکاری وەزارەت

وەزارەتی کارەبا
نووسینگەی وەزیر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە: ٤١٠٦
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/٣
بڵاوکردنەوەی ئاگاداری
کەمکردنەوەی نهێنی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩
وەزارەتی کارەبا کەمکردنەوەی نهێنی ڕادەگەیەنێت بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی (دامەزراندنی وێستگەی مۆبایلی دێرێ) بە مەبەستی چاسەرکردنی بار زۆری فیدەرەکانی وێستگەی خانزادو چەژنی کان جا هەر بەلێندەرێك یان کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە بۆ ئەم مەبەستە دەتوانێ سەر لە بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان بدات لە وەزارەتی کارەبا بۆ وەرگرتنی تەندەرو مەرجەکانی.
مەرجەکانی بەشداری کردن :
١- جێ بەجێ کردنی کارەکان دەبێت بەپێ ی رێنماییەکانی جێ بەجێ کردنی گرێبەستە حکومیەکان ژمارە (٢) سالێ (٢٠١٦) و رێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت .
٢-هەموو کارەکان دەبێت ئەنجام بدرێت بەپێ ی مواسفاتی وەزارەتی کارەبا.
٣- ماوەی ئەنجامدانی پرۆژەکە (١٨٠) سەدو هەشتا رۆژی تەقویمیە دوای هەفتەیەك لە بەرواری واژووکردنی گرێبەست.
٤- بەلێندەر دەبێت پابەند بێت بەمەرجەکانی دواکەوتن بەپێ ی رێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری بەپێی هاوکێشەی / پێبژاردنی رۆژانە گوژمەی گرێبەست \ ماوەی رۆژەکانی گرێبەست ×١٠٪ لە رێنمایەکانی جێ بەجێ کردنی گرێبەستە گشتیەکان
٥- ماوەی گەرەنتی و چاککردنەوەی پرۆژەکە دەکاتە (١٢)مانگ لەبەرواری وەرگرتنی سەرەتایی .
٦- بارمتەی سەرەتای بریتیە لە (٤٩,٣٢٠,٠٠٠) چل و نۆ ملیۆن سێ سەدو بیست هەزار دینار کە بە چەکێکی پەسندکراو یاخود بە شێوەی (دەستەبەری بانکی).
٧- ٥٪ لەکارە ئەنجامدراوەکانی کۆتایی دەبردرێت وەکو بارمتەی کۆتایی (چاککردنەوە) .
٨- کۆمپانیا دەبێت بە لایەنی کەم یەك کاری هاوشێوەی پرۆژەی هاتووی ئەنجام دابێت.
٩- بەلێندەر نابێت بەهیچ جۆرێك فەرمانبەرانی وەزارەتی کارەبا لە کارەکە بەکار بهێنێت .
١٠- لەکاتی هەبوونی جیاوازی لە نێوان دەرخستەو دیزاین (نەخشەکان) بریاری ئەندازیاری سەرپەرشتیار وەردەگیرێت.
١١- دەبێت کۆمپانیا لە پلە چوار کەمتر نەبێت ئەگەر بەلێندەرایەتی بێت وە ئەگەر کۆمپانیا بازرگانی گشتی بێت پێویستە تۆمار کرابێت و وێنەیەك لە تۆمار پێشکەش بکات لە گەڵ ئۆفەر.
١٢- دەبێت ئۆفەری دارایی و تەکنیکی لە دوو زەرفی داخراوی جیا جیا پێشکەش بکرێت.
١٣- دەبێت تەندەرەکە مۆرو واژووی کۆمپانیای لەسەر بێت.
١٤- بەلێندەر دەبێت ئەندازیاری کارەبایی بۆ پرۆژەکە دابنێت تاوەکو پرۆژەکە تەواو دەبێت .
١٥- وەرگرتنەوەی تەندەرەکان لە وەزارەتی کارەبا / ب. گرێبەستەکان دەبێت.
١٦- ئامادەبوونی نوێنەری کۆمپانیا لە رۆژی کردنەوەی تەندەرەکان .
١٧- کرێ ی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایە دەبێت کە بۆی دەردەچێت.
١٨- هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیارکراو وەرناگرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
١٩- نرخی کرینی تەندەر (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هەزاردینارە بە پێ ی پسولەیەك کە بۆی ناگەڕێتەوە.
٢٠- ئەگەر بەهەر هۆیەك رۆژی دیاریکراو بۆ وەرگرتنەوەی تەندەر بووە پشوو ئەوا یەکەم رۆژی دەوامی فەرمی دوای ئەو بەرواڕە دەبێتە دوا رۆژ بۆ وەرگرتنەوەی تەندەر .
٢١- دواڕۆژ بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان لە رۆژی دوو شەممە لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/١٥ دەبێت کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ.

هۆگر محمد فرج شاڵی
بریکاری وەزارەت

www.xebat.net
خەبات | دوو شەممە 2019/7/8 ژمارە (5784)

هەرێم و ناوەند لەنێوان دەسەڵات و پابەندێتیی (پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان وەک نموونە)





بەهزاد حەویزی
بەشی دووەم و کۆتایی

هەرێمی کوردستان-عێراق، ئەزموونێکی نوێ و جودایە لە رووی حوکمڕانیەتی دوای زنجیرەیەک تێکۆشان و قوربانیدان هاتەئاراوە، پاش(2003)و رووخانی رژێمی بەعس، عێراق کەوتە قۆناغێکی دیکەوە، دەوڵەتێکی ئیتیحادی فیدرالی بەیان کرا، ئیدی لەو کاتەوە مامەڵەی نێوان هەرێمی کوردستان و ناوەند بەپێ دەستوورێکی نوێ(2005)دارێژرا.لەو سۆنگەیەوە گرنگی ئەو بابەتە لەوەدایە، پێکهاتەکانی دەوڵەتی فیدرالی کۆن و نوێ لەسایەی جیهانبینی رۆڵی جیا لەگەڵ دەوڵەتانی دەرەوە و لەسەر ئاستی جیاجیادا لەرووی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان دەبینێ.

پرسێکی دیکە سەروەریە، مۆرکردنی پەیماننامەی نێودەوڵەتی پەیوەستە بە سەروەری دەوڵەتەوە، بۆیە دەوڵەت خاوەن سەروەری تەواو و رەهایە لە ئەنجامدانی ئەو کارە، لەکاتێکدا دەوڵەتی خاوەن نیمچە سەروەری وەک دەوڵەتی ژێر ئینتیداب یا پارێزراو یا داگیرکراو ئەو دەسەڵاتەی پەیوەستە بە ڕێککەوتنێکی پارێزراویی یا پاشکۆیی یا هەر بڕیارێکی نێودەوڵەتی.(××) هەندە فوقەها ئەهلیەتی هەرێمەکان بۆ مۆرکردنی پەیماننامە بە بابەتی سەروەری دەبەستنەوە لە دەوڵەتی ئیتیحادی، هەندەک پێیان وایە ئەو سەروەریە دابەش دەکرێ و شەخسیەی دەوڵیش بۆ هەردوو دەوڵەتی مەرکەزی و ئەندامەکانی دەگەڕێتەوە هەریەکەیان بە پێی ئیختیساسەکەی پیادەی دەکات، ئەو بڕچوونەش ڕەخنەی ئەوەی لێگیراوە بەو حاڵەتەی دابەشکردنی سەروەریی دەوڵەتی فیدرالی دەگۆڕێ بۆ دەوڵەتی کۆنفیدرالی.

رایەکی دیکە هەیە پێی وایە ئەو سەروەریە مافی هەردوو دەسەڵاتە ناوەند و هەرێم و هەموو بەشەکانی دەوڵەتی ئیتیحادی، چونکە پەیوەندی نێوان بەشەکانی دەوڵەتی ئیتیحادی هاریکاری و هەماهەنگیانەیە نەک گوێڕایەڵانەو زۆرەملێ، واتە ئارەزوومەندانە، لەبەرئەوە دەسەڵاتی ئیتیحادی دەتوانێ و دەبێ بەپێی ئیرادەی پێکهاتەکانی ئیتیحادەکە کاریکات تا ئەو هەرێمانە بتوانن بە مافەکانی ناوەند رابسپێردرێن لەمەڕ بەڕێوەبردنی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان.هەرێمەکان بەپێی ئەهلیەتی مۆرکردنی پەیماننامە دەولیەکان پشت بە سەروەریی نابەستن، بەو پێیەی دەسەڵاتی بااڵیە و دەسەڵاتی دیکەی هاوتای نییە و سەربەخۆیی لەناوخۆ ودەرەوەی دەوڵەت هەیە، بۆیە پیادەکردنی ئەو سەروەریە پشت دەبەستێ بەو ئیختیساساتە دەستوورییانەی پێی بەخشراوە جا هەرچەندە ئیختیساساتی ئەو هەرێمانە چەند بێ پێی درابێ و دەستەی بۆ پێکهاتبێ ئەوە توانای ئەوەی نییە خۆی - واتە هەرێمەکان-ئەو ئیختساساتانە دیاری بکەن.

کێشە و گرفتەکانی نێوان هەرێمەکان خۆیان و حکومەت ئەرکی دەسەڵاتی قەزایی - ئیتحادیە وەک دادگای ئیتیحادی باڵا لە ئەمەریکاو عێراق ئەو دادگایانە حوکم نادەن، بەڵکە کێشەکان جوێدەکەنەوەو بڕیارەکانیان بەسەر هەرێمەکان دەسەپێنن، گەریش هەرێمەکان پابەند نەبن بەو بڕیارانە ئەوە دەسەڵاتی ئیتیحادی بەهێز جێبەجێی دەکات. بیرۆکەی هاوسەنگیی لە سیستەمی سیاسی فیدرالی(ئەمەریکی بۆ نموونە)لە ئاستی گشتیی ڕێکخستنی ولاتە یەکگرتووەکانە، بیرۆکەی فیدرالیزم لەبنەڕەتەوە بەو مەبەستە سەریەهەڵدا بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگیی لە نێوان هێزی حکوومەتە شەرعی بەپێی دەستووری دەوڵەتەکە مامەڵە لەگەڵ ناوەند بکات سەبارەت بە چەندین پرسی گرنگی هەڵواسراوو چارەسەرنەکراوی نێوخۆیی.

دووەم: دەبێ هەوڵ بدرێ هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی پێگەی خۆیەوە و بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی دیاریکراوە لە دەستوور مکوڕانە کاری پێ بکرێ و لە ڕێگەی جیاجیاوەش زیاتر بکرێ تا لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی سەردەم و ئەو قۆناغەدا بگونجێ.

سێیەم: بەردەوام هەوڵ بدرێ ئەو دەسەڵاتانەی هەرێم بۆ ئەنجامدان و مۆرکردنی پەیماننامە و ڕێککەوتن لەگەڵ وڵاتان بەگشتی و دەوروبەرو دەرودراوسێ بەتایبەتی بە وردی پیادەبکرێ و سیفەتێکی یاسایی و شەرعی وەربگرێ و ڕەهەندی جیاجیای وەربگرێ بەو پێیەی هەرێمەکانیش یاریکەری سەر گۆڕپانەکەن نەک تەنیا دەوڵەت.

چوارەم:لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکانەوەو یاسای گشتی نێودەوڵەتی کار لەسەر ئەو ڕەهەندو بازنەیە بکرێ و پەیوەندیەکان بەهێزتروبەرفراوانتر بکرێن، بەتایبەتی لەگەڵ ناوەندە نێودەوڵەتیەکان و لەرووی گوشارخستنە سەر ناوەند، لەبەرئەوەی زۆرجار ناوەند دەبێتە کۆسپ لەبەردەم ئەو هەماهەنگی و دەسەڵاتە یاساییانەی هەرێم.

سەرچاوەوپەراوێز:

(×) قوتابی ماستەر لە زانستە سیاسیەکان/زانکۆی سەڵاحەدین.

(××) من پێم وایە دوای ڕمانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران و گۆڕانکاریەکانی جیهان و لێکهەڵوەشانەوەی ژمارەیەک دەوڵەتی ئۆرووپای خۆرهەڵات و هەڵکشانی ڕەوتی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی و پرسی شووناس و بەرژەوەندی و سەرهەڵدانی خواستوویستی مافە ئیتنییەکان و پێشکەوتن و شۆڕشی تەکنەلۆجیاو پەیوەندیکردن و بەجیهانیبوون، ئیدی دەوڵەتی تەقلیدیش ئەو بنەمایانەی پێگرتن و بونیادنانی گۆڕان، لەوانەش سەروەریی و چۆنیەتی حوکمڕانی و ستەم و چەوسانەوەو..تد، ئەو شوورەیەی جاران سنووری کۆنکرێتی دەوڵەت بوو، ئەمڕۆ شەفاف و شووشەییەو لەبەرچاوانە.

-1نشأه و تطور النظام الفیدرالی الأمریکی: نموذج تقاسم الصلاحیات السیاسیه وتوازنها عبر مستویات وقضایا الحکم، مجله: HY-PERLINK "http://jilrc-magazines.com/wp-content/uploads/2014/01/مجله-جیل-الدراسات-السیاسیه-والعلاقات-الدولیه-العدد-10.pdf"جیل الدراسات السیاسیه والعلاقات الدولیه، ع10،ص 27، صادق عبدالحمید مالکی، استاذ مشارک قسم العلوم السیاسیه، کلیه الاقتصاد والاداره/ جامعه الملک عبدالعزیز- جده ذ المملکه العربیه السعودیه.

2- صلاحیه الولایات أو الاقالیم فی ابرام المعاهدات الدولیه، صلاح جبیر البصیصی، مجله:اهل البیت، ع ?6ص .171-154

مانشێت



سکای نیوز :
لە باشووری ویلایەتی فلۆریدای ئەمەریکا بەهۆی تەقینی بۆریەکی غاز، ئاگر لە مۆڵێکی گەورە کەوتەوە و لە ئەنجامدا **20** کەس بریندار بوون .



ڕۆژنامەی ئەلحەیات:
هەردووک بەرێژیری پۆستی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا ڕوویان کردە سکۆتلەندا و ڕایانگەیاند کە هەرگیز ڕێگە نادەن ئەم هەرێمە لە شانشینی یەکگرتوو جیا ببێتەوە .



ئاژانسی هەواڵی ئەڵمانی:
بە مەبەستی یارمەتیدانی هێزەکانی سووریای دیموکرات لە شەڕکردن دژی داعش ، ئەمەریکا داوای لە ئەڵمانیا کرد هێزی زەمینی ڕەوانەی سووریا بکات .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
وەزیری دارایی فەرەنسا داوای لە یەکێتی ئەورووپا کرد کەسێک بۆ پۆستی سەرۆکی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی دەستنیشان بکرێ .



ئەی ئێف پی:
لە شاری سانت پترسبۆرگی ڕووسیا تەرمی ئەو **14** دەریاوانە بەخاک سپێردران کە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر بەهۆی تەقینەوەی کەشتیە ژێردەریاییەکەیان گیانیان لەدەست دابوو .



کەنالی ئار تی:
حکوومەتی تورکیا بەنیازە کەشتیەکی دیکە ڕەوانەی کەناراوەکانی قوبرس بکات بە مەبەستی گەڕان بەدوای غازدا .

کاریکاتێر



رووبارە بەستەڵەکەکانی هیمالایا کەوتنە نێو بازنەی هەڕەشەی نەمان



بە پێی تازەترین توێژینەوە دەرکەوتووە کەوا رووبارە بەستەڵەکەکانی (هیمالایا) لەسەرەتای ئەم سەدەیەوە 2 ئەوەندە خێراتر دەتوێنەوە بە بەراورد بە سەدەکانی رابردوو، ئەمەش ئەو مەترسییە دەخاتە روو کە کێشەی گۆڕانکارییەکانی کەش و هەوا دەیبێتە هۆی تێکچوونی سەرچاوەی ئاو بۆ دانیشتوانی ئەو کیشوەرە.

ماوەیەکی زۆرە زاناکان هەوڵ دەدەن دەستنیشانی ئاستی خێرایی کەمبوونەوەی پانتایە بەستەڵەکەکان لە ناوچەکەدا بکەن، کە هەندێک جار بە (جەمسەری سێیەمی بەستەڵەکی زەوی) ناوی دەبەن، بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای جیهان و سەرهەڵدانی دیاردەی ناسراو بە (قەتیسبوونی گەرمیی) لەئاکامی سووتانی خەڵوزی بەردین و نەوت و گازەوە.

شیکردنەوەیەکی نوێ لەماوەی 40 ساڵدا کراوە، بەچاودێری مانگە دەستکردە تایبەتەکانەوە لەسەر هەریەک لە ناوچەکانی (هیندستان و چین و نیپال و بووتان) دەردەخات، کەوا لە ساڵی 2000ەوە، رووبارە بەستەڵەکەکان بەڕێژەی نیومەتر ئەستورایی ساڵانەی خۆیان لەدەست دەدەن، ئەمەش 2 ئەوەندی ڕێژەی تۆمارکراوە لەنێوان ساڵانی 1975 تا 2000.

"ئەمە ڕوونترین وێنەیە تائێستا هەبێت نیشانمانی بدات کەوا چۆن بەو خێراییە رووبارە بەستەڵەکەکان لە شاخەکانی هیمالایا لەو ساڵانەدا تاوەتەوە، بەجۆرێکی وا کە رووبارە بەستەڵەکەکان لەوانەیە لە 40 ساڵی رابردوودا 4/1 ی پانتایی خۆی لەدەستدابێت"، لە زاری (جۆشوا مۆرێر) پەرپرسی توێژینەوە لە (دەزگای چاودێری لامۆنت بۆ زەوی) لە (زانکۆی کۆلۆمبیا).

بێگومان توانەوەی بەستەڵەکەکان لە جەمسەرەکانی باکوورو باشووری زەوەی سیستەمی کەش و هەوا تێکدەدات و کەمبوونەوەی بەستەڵەک لە شاخەکانی (هیمالایا) کاریگەری زیاترو ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر 800 ملیۆن کەس کە پشت بەئاوی تواوەی بەردەوامی ڕووبارەکانی ئەو ناوچانەوە دەبەستن.

پێدەچێت بەخوور هاتنی ئاو لەوەزری بەهاردا و کەمبوونەووەی بەستەڵەکەکان پەیوەندیان هەبێت، بەڵام زاناکان مەترسیان لەم دەرکەوتە هەیە کەوا لەداهاتوودا بەردەوامبێت و ببێتە مایەی کەمبوونەوەی سەرچاوەی ئاو لە بەستەڵەک و گەیشتنی بەناوچە دەشتاییەکانی جەنجاڵ بە دانیشتوان لە (هیندستان و پاکستان و چین) و لەوانەیە نیگەرانی ناوخۆی ئەو وڵاتانەو بگرە نێودەوڵەتیشی لێ بکەوێتەوە.

سەرچاوە: VOA



چیرۆکی ئەو ئەستێرە نامۆیە چییە؟

فەلەکناسان تا ئێستا نازانن، بۆچی ماوە ماوە ئەو ئەستێرەیە دەکشێ و گەورە دەبێ و پاشان بارستەیەک گاز فڕێ دەداتە بۆشایی ئاسمان و دووبارە دەگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی؟! بەڵام ئەوەی زانراوە کەوا ئەو یەکێکە لەو ئەستێرە نائارامانەی کە بە (وولف - رایات) دەکان ناسراون.

ئەوەی خواڕەوەش 3 زانیاری زۆر سەیری ئەو ئەستێرە نائارامەیە:

ئەگەر بە خێرایی 300.000کم لەیەک چرکەدا بڕۆیت ئەوا بەماوەی 25 ساڵ ئەوسەر بۆ ئەوسەری ئەو بارستە مەزنە گازییە دەبڕیت!

لەماوەی هەر 10.000 ساڵێک، بەقەدەرایی بارستایی خۆر گاز فڕێدەداتە بۆشایی ئاسمانی دەوروبەری خۆی.

ئەگەر بە خێرایی 300.000کم لەیەک چرکەدا بڕۆیت، ئەوا دوای 5000 ساڵی دیکە ئینجا دەگەیتە ئەو ئەستێرە نائارامە، واتە نزیکەی 5000 ساڵی ڕوناکی لێمانەوە دوورە.

ئێندۆنیسیا کاغەزی پیسبوو بۆ ئەمریکا دەگەڕێنێتەوە!

(وەزارەتی ژینگەی ئیندۆنیسیا) ڕایگەیاند، وڵاتەکەی بارێک لە پاشماوەی کاغەز کە پێشتر لە (کەنەدا) ی کڕیبوو لە ڕێگای وڵاتەیەکگرتوەکانەوە هاوردەی کردبوو گەڕاندۆتەوە، ئەویش بەهۆی بیسبوونی بە پلاستیک و لاستیک و دایبی منداڵان! (ئیندۆنیسیا) دوا وڵاتە لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، هاوردە دەنێرێتەوە کە خۆڵ و خاشاکی تێدایەو لە ڕۆژئاوای ئەورووپا هاوردەی کردووە، دوای ئەوەی (چین) ئەم جۆرە هاوردانەی قەدەغەکرد، ئەمەش بووە هۆی پەکخستنی هاوردەکردنی ملیۆنەها تەن لە خاشاک لەجیهاندا."5 کۆنتەینەری گەورە واتە بە بڕی 100 تەن لە خاشاک لە شاری (سورئابایا) ی دووەم گەورە شاری ئیندۆنیسیا بۆ (سیاتڵ) لەئەمریکا گەڕێندراوەتەوە، چونکە وڵاتەکەمان ڕێگا بە هاتنە ناوەوەی ئەو خاشاکە نادات و ئێمە چاوەڕوانی پاشماوەی کاغەزبووین، بەڵام لەبری ئەوە بەتێکەڵاوی پلاستیک و لاستیک و بوتڵی ئاو و چانتای پلاستیک و دەبەی ڕۆنی خواردن و سابوون هاتبوو "، لە زاری (سەید موحازیر) بەرپرس لە (وەزارەتی ژینگەی ئیندۆنیسیا). وەزارەتەکە ئاشکرای نەکرد سەرچاوەی دابینکردنی ئەو خاشاکە چ کۆمپانیایەک بووە، بەڵام ئەمە بۆ یەکەم جارە لەوەتای 5ساڵی ڕابردوودا، (ئیندۆنیسیا) ئەو جۆرە هاوردەیە بۆ فڕۆشیارەکەی دەگەڕێنێتەوە.



خواردنە دروستکراوەکان ڕووە زیانبەخشەکانیان دەردەخەن

دوو توێژینەوەی نوێی فراوان دەریخست کەوا ئەو کەسانەی خواردنی دروستکراو زۆر دەخۆن ئەگەریان زیاترە تووشی نەخۆشی دڵ و تەنانت مردنی پێشوەخت بن، بە بەڕاورد بەوانەی خواردنی ڕۆژانە خۆیان دروستی دەکەن و دەیخۆن.

ڕێژەی شەکر و چەوربی و کالۆری بەرز لەو خواردنانەی لەکارگەدا دروست دەکرێن بەردەوام بەرزن و بەهای خۆراکیان تێدا نییەو زۆر خواردنی ئەو جۆرە خۆراکانە بۆماوەیەکی دوورودرێژ پەیوەندی بە تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ و قەڵەوبوون و بەرزبوونەوەی فشاری خوێن و کۆلیسترۆڵ و شێرپەنجەو خەمۆکییەوە هەیە.

دوو توێژینەوەکەی لە (گۆڤاری پزیشکیی بەریتانیا **BMJ**) دا باڵاوکراونەتەوە، بەڵگەیە لەسەر مەترسییە تەندروستییەکانی ئەو خۆراکانەی لەکارگەدا دروست دەکرێن.

یەکێک لەتوێژینەوەکان ئاشکرای کردووە کەوا خواردنی 4 جار لەوجۆرە خواردنانە پەیوەندی هەبوە بە بەرزبوونەوەی ڕێژەی 62% مەترسی مردنی پێشوەخت و توێژینەوەی دوومیش ڕوونی کردۆتەوە کەوا بەرزنوونەوەی 10 خاڵی سەدی لە بەشە خواردنێکدا پەیوەندی بە بەرزبوونەوەی 10% مەترسی تووشبوون بە نەخۆشی دڵ و لووڵەکانی دەماری خوێنەوە هەیە.

"ئەگەری زۆرە ئەو مادە کیمیاوی و دەرمانانەی دەکرێنە خۆراکەوە بۆ مانەوەی وەک نوێ، ڕۆڵی هەبێت لەسەر تێکدانی پێکهاتەی خواردنەکان"، لە زاری (مارک لۆرانس)ی پرۆفیسۆری تەندروستی گشتی و خۆراک لە (زانکۆی دیکین) لە شاری (جیلۆنگ) لە (ئوسترالیا).

توێژینەوەکە، هەموو 2 ساڵێک ئامار لەسەر شێوەی خواردن بۆ نزیکەی 20 هەزار کەس کراوە کە زۆرینەیان (ئیسپانی) بوون و تەمەنیان لە نێوان 20 بۆ 91 ساڵ بوونە و لەنێوان ساڵانی 1999و 2014دا کراوەو دەرکەوتووە ئەوانەی بڕێکی زۆر خواردنی ئامادەکراویان خواردووە، واتە زیاتر لە 5 ژەم ڕۆژانە، ئەو کەسانەبوون کێشیان زۆر بووەو جگەرەیان کێشاوەو بەبەردەوامی خواستی خواردنی خێرایان هەبووە و ئالوودەی تەماشکردنی تەلەڤزیۆن بوون و لەنێواندا کەسان هەبووە تووشی نەخۆشی شێرپەنجەو شەکرەو بەرزیی فشاری خوێن و بەرزیی ئاستی کۆلیسترۆڵ و خەمۆکیان هەبووەو 1409کەس کێشەی تەندروستی پەیوەندیدار بە دڵ و لووڵەدەمار وەک نۆرەی دڵ و جەڵتە لایان ڕوویداوە.

"خواردنی بەردەوامی خۆراکی ئامادەکراو پەیوەندی بەلاوازیی تەندروستی و بەرزبوونەوەی ڕێژی مردنەوە هەیە، بەڵام تائێستا لامان ڕوون نەبۆتەوە چ جۆرە خۆراکێک لەویتر خراپترە یان زیانی زیاترە"، لە زاری (ماریا بیس ڕاسترۆلۆ) ی و گەورە توێژەرەوە لە (زانکۆی نافارا).

سەرچاوە: **VOA**

ئەمریکییەکان دەڵێن: لە جیاتی مانگ پێویستە (ناسا) گرنگی بە (مەریخ و کلکدار و هەسارۆکەکان) بدات

واد دیارە بەشێک لە هاوڵاتییە ئەمریکاییەکان بەباشتری دەزانن کەوا ئاژانسی (ناسا) چاودێری وردی بەردو کلکدارەکانی بۆشایی ئاسمانی نێو سیستەمی خۆر بکات، بە تایبەتی ئەوانەی گوایە ئەگەری پێکدانیان بەزەویدا هەیە، نەک ناردنی کەشتیوانان بۆسەر (مانگ) و هەسارەی (مەریخ).

ئەم ڕاو بۆچوونەش لە میانەی ڕاپرسیەکدا دەرکەوت کە لەلایەن ئاژانسی (ئەستێشیتید پرێس) و (ناوەندی توێژینەوەی نیشتمانیی باکوور **NORC**) ئەنجامیان دابوو و دەربخست کەوا 3/2ی بەشداربووان پێیان وایە چاودێریکردنی بەردی گەورەو کلکدارەکان و ئەو دیاردانەی ڕەنگە کاریگەریان هەبێت لەسەر زەوی زۆر گرنگترە.

هەروەها بەشداربووانی ڕاپرسییەکە داوایان کردووە کەوا (ناسا) توێژینەوەی زیاتر بکات بۆ حاڵی بوونی زیاترمان لەزەوی و کۆمەڵەی خۆر و گەردوون و توێژینەوەی زیاتر بکات بەناردنی ڕۆبۆت بۆ بۆشایی ئاسمان و هەسارەکان نەوەک خودی مرۆڤ.

لەلایەکی دیکەوە تەنها 23%ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە دەڵێن دەبێت بچینەوە بۆ مانگ، هەروەها 27% پێیان باشترە بەردەو هەسارەی (مەریخ) هەنگاو بنێین.

لەلایەکی دیکەوە، سەرۆکی ئەمریکا (دۆنالد ترامپ) بەڵێنی داوە، ئەگەر بۆ خولی دووەم هەڵبژێردرێتەوە، ئەوا وڵاتەکەی بناغەی دابەزینی کەشتیوانان لەسەر هەسارەی (مەریخ) دادەنێت.



هەولێرلە پارکی سامی عەبدولڕەحمان، وەرزش هەموو تەمەن و ڕەگەزە جیاجیاکان کۆدەکاتەوە



ڕاپۆرتی : کارزان کانەبی

هەر چەندە ئەم وەرزە گەرمە و وەرزشوانان لەکاتەکانی شەوان و بەیانیان زوو دێنە پارکەکان بۆ وەرزشکردن و بەسەربردنی کاتەکانیان، پارکی شەهید سامی عەبدولرەحمان بۆتە شوێنێک بۆ هەموو زمان و تەمەنەکان کە ڕۆژانە ڕێژەیەکی زۆری هاوواڵتیان دێنە تارتانی ئەو پارکە بۆ ئەنجامدانی وەرزشی بە کۆمەڵ لە هەموو ئاستەکانی تەمەن لە پیاو و ئافرەت و گەنج و منداڵ هەمووی بەیەکەوە هەر کەسە و بە ئامانجێک وەرزشی خۆی دەکات و دەروات، هەرچەندە ئەم مانگە گەرمە و هاوینە، بەاڵم وەکو هەمان ڕۆژانی تر خەڵک ڕوو لەم شوێنە دەکەن بۆ ئەنجامدانی وەرزش، ڕۆژنامەی خەبات لە نزیکەوە چەند کەسێکی دواندوە.

سێبور کامەران لە بارەی هاتنی بۆ تارتانی وەرزشی پارک گوتی: وەکو گەنجێک هەندێک جار دێمە ئێرە بۆ وەرزش کردن سوودیشم لێ بینیوە، ئەوەی لێرە دەبینم زیاتر برایەتی بەهێز هەیە لە نێوان وەرزشکاران هەموو بە یەک گیان و بە هەوێنی ئاشتی و تەبایی لەگەڵ یەکتری وەرزش دەکەن، هیچ کەسێک پەیوەندی بە ئەوی ترەوە نییە، لێرەش هەست بە ئاسوودەیی دەکەم کە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی خۆم سەردانی ئەو پارکەیە گوتی: وەرزش سودی زۆری هەیە بۆ ژیانی مرۆڤ و تەندروستی باشتر دەداتە هەموو لایەک، لێرە جیاواز لە پارەکە دەکەم کەشێکی لە بار و خۆشی هەیە، بەهیوای ئەوەم حکومەت و لایەنی بەرپرس زیاتر گرنگی بەم شوێنانە بدەن.

دکتۆر کاوە ئیبراهیم یەکێک لەم هاوواڵتییانە بوو کە خەریکی ئەنجامدانی وەرزش بوو لێمان پرسی ئامانجت لە هاتن بۆ ئێرە بۆ چ مەبەستێکە لەم بارەیەوە گوتی: من ماوەیەکە سەردانی ئەم پارکە دەکەم ڕۆژانەش تەنیا وەرزشی ڕۆیشتن دەکەم، چونکە نەخۆشی شەکرەم هەیە و ماوەیەکی زۆرە خەریکی خواردنی چارەسەرم، بەاڵم وەرزش کردن بۆ ئەو نەخۆشیەی من چارەسەری تەواوە، ئێستا ڕاستە گەرمە کە ماندوو دەبم چەند کیلۆ مەترێک بە ڕۆیشتن دەڕۆم، بەاڵم بۆمن زۆر باشە و سوودێکی زۆرم لێ بینیوە و کەش و هەوایەکی زۆر خۆش و ئارامی هەیە، لێرە هەموو ڕەنگ و زمانێکی جیاواز دەبینی کە وەرزشییان کردۆتە پیشەی هەمیشەیان بۆیە هەوڵدەدەم ئەو بەرنامەی کە من هەمە بەردەوام بم لەسەری بۆ ئەوەی بتوانم لە ڕێگەی ئەم وەرزشەوە چارەسەری خۆم بکەم کە ماوەیەکە بە دەستی دەنالێنم، هیواداریشم ئەوەی نەخۆش و پەکەوتەیە ڕوو لە وەرزش بکەن بۆ چارەسەرکردنیان و ئاسوودەکردنی دەروونیان.

مامۆستا ئاسۆش لە بارەی هاتنی بۆ ئەم شوێنەکانی تر کە کەشێکی زۆر ئارام و دڵڕفێنە بۆ وەرزشکاران ،هیچ کەسێک پەیوەندی بە کەسی ترنییە، هەر کۆمەڵە بڕادەرێک بە یەکەوە وەرزش دەکەن، بێگومانیش هاوینە دیارە بە زۆڕ خەڵک کەمترە بەهۆی بە گەرمییەوە ڕوو لێرە دەکەن، بەاڵم شەوان زیاتر دەبن، هەوڵم دایە بە پێی پیویست بێمە ئێرە بۆ وەرزش کردنم.

محەمەد سەاڵحی تەمەن **34** ساڵ لە بارەی وەرزش کردن گوتی: بەردەوام هەموو ڕۆژێک سەردانی ئەو پارکە دەکەم بۆ وەرزش کردن و پێشووترپش هەفتەی سێ ڕۆژ دەهاتم، حەزیش دەکەم وەرزش ببێت کولتوور ئەگەر ئەوەش ڕویدا بێگومان هیچ نەخۆشیەک نامێنێ خەڵک تەندروست دەبن، کاتێکی زۆر خۆشیش بەسەردەبم لە کاتی وەرزش کردنم.

لەخولی نایابی فوتساڵی کچانی کوردستاندا:

کچانی چۆمان و سیروانی نوێ گەیشتنە چوارگۆشەی زێڕین

ئا: سەرهەنگ نەجمەدین
فۆتۆ: هێدی عەزیز

لەیارییەکانی گەڕی حەوتەم و قۆناخی دووەمی خولی نایابی فوتساڵی کچانی کوردستان، ئێوارەی بەروارى 5/7/ 2019 لەشارو شارۆچکەکانی کوردستان چەند یارییەکی گرنگ و چارەنووسساز ئەنجامدران، لەوانە لەشاری هەولێری پایتەختی کوردستان ، هەردوو تیپی کچانی ئافرەتانی هەولێر وسەورە لەهۆڵە تازەکەی یانەی ئافرەتانی هەولێر ڕووبەرووی یەکتربوونەوە، یارییەکە لەبەرژەوەندی کچانی ئافرەتانی هەولێر بەئەنجامی 0- 4 گۆڵ بەکۆتایی هات ، بەم بردنەوەیە ئافرەتانی هەولێر 16خاڵیان کۆکردۆتەوەو لەپلەی چوارەمی گروپی یەکەمدا دەبیندرێت، لەبەرانبەردا تیپی کچانی سەورەش بەکۆکردنەوەی 16 خاڵ بەجیاوازی گۆڵ لەپلەی پێنجەمی ڕێزبەندی خولەکەدایە.

هەر لەدرێژەی یارییەکاندا، لەیارییەکی دیکەدا هەردوو تیپی کچانی زانکۆی جیهان و سیروانی نوێ بەیەکگەیشتن، یارییەکە بەیەکسانبوونی هەردوولا بەدوو گۆڵ بەکۆتایی هات و هەردوولا خاڵێکی یارییەکەیان بەرکەوت، بەم ئەنجامە سیروانی نوێ دوای کۆکردنەوەی 28 خاڵ بەپلەی دووەم سەرکەوت بۆ چوارگۆشەی زێڕینی خولی فوتساڵی کوردستان، لەبەرانبەردا زانکۆی جیهان بەکۆکردنەوەی 21 خاڵ پلەی لەپلەی سێیەمی ڕێزبەندی خولەکەدا دەبیندرێت.

هەروەها لەیاریی سێیەمدا کچانی دوکان میواندارپان لەکچانی چۆمانی پێشەنگ کرد، چۆمان لەم یارییەدا گۆڵبارانی دووکانیان کرد، دوای ئەوەی بەئەنجامی 1-8 گۆڵ توانیان لێیان ببەنەوەو بەپلەی یەکەم سەرکەون بۆ چوار گۆشەی زێڕینی خولی فوتساڵی کچانی کوردستان، چۆمان ئەم وەرزە بەئاستێکی جیاوازتر لەخولەکە دەرکەوت، بەتایبەتی لەگەڵ دەستبەکاربوونی ڕاهێنەر مەزن محەمەد ئەو تیپە لەئاستێکی ئاسایی بۆ ئارستێکی بەرز و لێهاتوو هەڵکشا، بۆیە لەم وەرزەدا پێشبینی دەکرێت ئەم تیپە بەم ڕاهێنەرە ئاست بەرزەوە تەنها و تەنها چاویان لەبردنەوەی نازناوەی خولەکە هەبێت و بەهیچ ئەنجامێکی دیکە ڕازی نەبن.



سافارۆڤا

باس لە بەختەوەریی داهاتووی دەکات

دوای کۆتایی هاتنی کاروان و بەختەوەری سەرکەوتنەکانی کە لەیاریگاکان بەدەستی هێناون، لۆسی سافارۆڤای حاملە تینسزان وێنەیەکی خۆی لەگەڵ دۆستەکەی لە الپەڕەی فەرمی ئینتاگرامی تایبەتی خۆی بڵاوکردەوە.

سافارۆڤا لە پۆستەکەیدا بەختەوەرییەکانی تێکەڵ بەیەک کردووە و نوسیویەتی: هەم لە یاریگاو هەم لەدەرەوەی یاریگا توانیومە بەختەوەرییەکانم تێکەڵ بەیەک بکەم، سەرکەوتنەکانم لە ناو یاریگادا بەختەوەری زۆری پێ بەخشیوم، لەوەش خۆشتر بەختەوەرییەکی دیکەی بەدواداێت کاتێک لە مانگی داهاتوو منداڵێکمان دەبێت.

خامیس: لەگەڵ زیدان قسەم نەکردووە



خامیس ڕۆدریگێز، لە بارەی چارەنووسی خۆی لەگەڵ یانەی ڕیال مەدرید، دووپاتی کردەوە، ئەو هێشتا لەگەڵ ڕاهێنەر و بەرپرسانی یانەکە باسی هیچی نەکردووە. ڕۆدریگێز، دوای دەرچوونی هەڵبژاردەی کۆلۆمبیا لە جامی کۆپا ئەمریکا، لەسەر دەستی هەڵبژاردەی چیلی، بە لێدانەکانی یەکلایی کەردەوە، لە بارەی چارەنووسی خۆی لەگەڵ مێرینگێ وتی:"وا بزانم کەسانێک هەن، هەژموونی زۆریان لە نێو یانەکەدا هەیە، منیش ناتوانم لە هەمبەر ئەوەدا هیچ بکەم، تاکو ئێستا هیچ قسەم لەگەڵ ڕاهێنەر (زەینەدین زێدان) نەکردووە". پێدەچێت ڕیال مەدرید، بڕیاری خۆی لە بارەی خامیس دابێت، کە وا دیارە نابێتە بەشێک لە پڕۆژە تازەکەی، وەکو ئەوەی هەندێ کەسانی نزیک لە کارگێڕی یانەکە، پێشبینی دەکەن. ئەمەو خامیس ڕۆدریگێز، دوو وەرز بوو بە شێوەی خواستن یاری بۆ یانەی بایرن میونخی ئەڵمانی دەکرد، بەاڵم بڕگەی کڕینی ئەو یاریزانەی کارا نەکردەوە، بەمەش گەڕایەوە ریزەکانی ریال مەدرید. بەاڵم لەگەڵ گەڕانەوەی زێدان، بۆ پۆستی ڕاهێنەری ریال، ڕۆیشتنی ڕۆدریگێز لە تیپەکە، بووەتە شتێکی مسۆگەر، چونکە پێشتر پەیوەندی ئەو دووانە تووند و تۆڵ نەبوو. لەلایەکی دیکەوە ڕۆژنامەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کارلۆ ئەنچیلۆتی، ڕاهێنەری یانەی ناپۆلی ئیتاڵی، دەیەوێت خامیس بە شێوەی خواستن بباتە ریزەکانی یانەکەی، بەاڵم ریال مەدرید، دەیەوێت بە شێوەی فرۆشتنی کۆتایی بیداتە ناپۆلی.

ڕەمزی میرەکانی

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Mon, 8. Jul. 2019 No: (5784)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



«خەبات» سەردانی نووسەر و ڕۆژنامەنووسی گەلەکەمان مامۆستا مومتاز حەیدەری دەکات



دوێنێ یەکشەممە 2019/7/7 شاندێک بە ناوی ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی ڕۆژنامەی خەبات، کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان سەلام عەبدوڵڵا سەرنووسەر و دڵشاد مستەفا وەسانی سکرتێری نووسین و شکار عەفان نەقشبەندی بەڕێوەبەری هونەری، سەردانی نووسەر و ڕۆژنامەنووسی گەلەکەمان مامۆستا مومتاز حەیدەربیان لەماڵەکەی خۆیدا کرد و لە هەواڵی تەندروستییان پرسییەوە.
شایانی باسە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر مامۆستا مومتاز حەیدەری بەهۆی کەوتنە خوارەوە کەوتە نەخۆشخانە و نەشتەرگەریی بۆ کرا، ئێستا گەڕاوەتەوە ماڵەوە.

کەژێ هاوتا گۆرانی (نووسی بووی) زیاد ئەسعەد دەڵێتەوە

وریشە عومەر:

کچە گۆرانیبێژ کەژێ هاوتا ئەسعەد، گۆرانی (نووسی بووی) هونەرمەندی دەنگ زوڵاڵ زیاد ئەسعدی مامی دەڵێتەوە، هونەرمەند زیاد ئەسعەد یەکێکە لەو هونەرمەندانەی خاوەنی جەماوەرێکی زۆرە و ئێستا لەدەرەوەی کوردستان دەژیت،ماوەیەکە لەسۆسیال میدیا و کەناڵەکان دەنگۆی نەخۆش کەوتنی بلاو بۆتەوە ،بەڵام لەهەفتەی ڕابردوو ناوبراو لەزاری خۆیەوە لەبەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی ئەوەی ڕەت کردەوە کە بەتەلەفۆن بەشداری لەو بەرنامەیەدا کردبوو، دوا بەدوای ئەو دەنگەی هونەرمەند زیاد ئەسعەد، کەژێ هاوتا کەبرازای زیاد ئەسعەدە لە هەژماری تایبەتی خۆی لەتوێژی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام، لەڤیدۆیەکدا گۆرانی (نووسی بووی)دەڵێتەوە وەکو پاڵپشتی بۆ هونەرمەند زیاد و نووسیویەتی یەکێکە لەتایبەت مەندترین گۆرانیەکان لای من، لەلایەکی دیکەشەوە کەژێ نووسی بووی ئیدی کەسی دیکە نان و پیاز بە هونەرمەند زیاد ئەسعەد نەخوات.

یەک هەناسە



ئیسماعیل بەرزنجی

هەمرو دووشەمەیەک دەینووسێت

* ئەلوو، شەوباش گیانەکەم، چۆنی چاکی؟
- هەر بژی برا، ئەتوو کوی؟
* وەڵڵا هەتا بڵێی خراپم؟
- خێرە، هەر زەخت و شەکرکەکە نیە.
* گوڕە خۆزگە هەر ئەوە بووایە.
- ئەدی کێشەت چییە.
* بەقوربانت بم، عیلاجەکم لێ بکە، کچەکەم سەری خواردم.
- بۆ کچی بەستەزمان چی کردووە.
* روحەکەم، لە کولیە داوای بەحسی تەخەروج لە کچەکەم دەکەن.
- کچەکەت لە کوێ دەخوێنی؟
* دوا سااڵیەتی لەبەشی کوردی.
- ئێ باشە، ئەدی چوار ساڵە چی خوێندووە، ناتوانێت باسێک ئامادەبکات، ئەوە بەحرە کتێبێک لەبەر دەستە.
* نابەخوای ناتوانێت، بۆیە هانام هێناوەتە بەرتۆ.
- ئاخر من دەتوانم چی بۆ بکەم، نازانم ئەو دەربارەی چ بابەتێک دەنووسێت.
* هەر شتێک بێت.
- برا هەر شتێک چۆن دەبێت، خۆ ئەوە کرینی گندۆرە نیە.
* کوڕە برا دەبی، تیللا دەبی.
- ئێ پێم بڵێ چۆن دەبی.
* برادەرەکم عەینەن کێشەی هەبوو، داوای لەبرادەرێکی کرد، ئەویش بەحسێکی هەشت ساڵ لەمەوبەری بۆ هێناو کێشەی نەما.
- باشە، ئێستا بیرم هاتەوە، ئەدی جەنابیشت دەرچووی بەشی کوردی نیت، ناتوانیت یارمەتی کچەکەت بدەیت؟
* ئاخر من تەخەروجم کرد، نەبوومە مامۆستا، یەکسەر چوومە دەوردیەک و بووم بە موقەدەم!!!

دیمەن و شکار خۆبەخشانە زیندانەکان دەکەن بەکتێبخانە

دیمەن بورهان: ئامانجمان کردنەوەی کتێبخانە نییە، بەڵکو بەکولتووورکردنی کتێب و گۆڕینی هزری تاکە



دیمانە :بەرهەم شێخ عزەدین

دیمەن بورهان مامۆستای بنەڕەتی و ڕۆژنامەنووسە ، لەچەندین گۆڤارو ڕۆژنامە کاری پەیامنێری کردووەو لە ساڵی 2010هەتا ئێستا تەنیا لە ڕۆژنامەی ڕووداو کاری پەیامنێری بۆ لاپەڕەی کۆمەڵایەتی و ژنان کردووە .ئەم ژنە ڕۆژ نامەنووسە ئێستا بەئەرکێکی گرنگو پیرۆز هەستاوە کەئەویش بەکتێبخانەکردنی شوێنەگشتیەکانە بەتایبەت زیندان کەوەک خۆی وتی فکرەکە لەوێوە دەستی پێکردووە لەم دیمانەکورتە بۆچونەکانی دیمەن بورهان بخوێنەوە:



بەشێک لە زیندانیان لە کتێبخانە

ژنێک سەرنجی ڕاکێشام کتێبێک لەکۆشی بوو

دەربارەی بیرۆکەی ئەم پرۆژەیە دیمەن بورهان گوتی: بیرۆکەی خۆم بوو ، لە ڕاپۆرتێکی مەیدانی ڕۆژنامەی ڕووداو چونم بۆ چاکسازی ژنان و نەوجەوانانی سلێمانی ، ژنێک سەرنجی ڕاکێشام کتێبێک لەکۆشی بوو خوێندنەوەیەک دەیخوێندەوە ، واتیگەیشتم قوتابیەو بۆ تاقیکردنەوە خۆی ئامادەدەکات ، بەڵام تۆزێرەکەیان پێی گوتم ، لێرە زۆرێک لە ژنەکانمان فێری خوێندنەوە کردووەو بەردەوامن ، کاتێک ڕووم کردە ژوورەی کتێبخانەکەیان ئەوەی بینیم کتێبخانەیەکی شکاو چەند سندوقێکی ڕەنگکراوی تەماتەو پیازبوو ، کتێبیان تێکردبوو ، بۆیە سەرەتا بیرۆکەیەکی بچووک بڕیارم دا خۆم کتێبخانەیەکیان بۆ بکڕم ، دواتر لەگەڵ شکاری هاوژین و هاوڕێم بیرۆکەکەمان فراوانتر کردوو بڕیاری بەکلتورکردنی خوێندنەوەمان دا ، بۆ سەرجەم چاکسازی و شوێنە گشتیەکان و نەخۆشخانەکان ،

زۆرکەس گاڵتەی بەپرۆژەکەمان دەهات

کاتێک لەدیمەن مان پرسی بۆیەس زیندان ؟هەست ناکەن خوێندنەوە بەگشتی کەمەو پێویست خوێندنەوە بەکلتوور بکرێت ئەو گوتی:هەڵبژاردنی زیندانەکان بەهۆی ئەوەبوو بیرۆکەکە لەوێ سەرچاوەی گرت ، بەڵام بەدڵنیاییەوە دوای سەرکەوتنمان لە قۆناغی یەکەم کە دروستکردنی دوو کتێبخانەی مۆدێرن بە تەواوی پێداویستی و زیاتر لە سێ هەزار کتێب ، ئێستا زۆر شوێن ئامادەیی هاوکارییە ، بۆ تەواوی شوێنەکان ، ئێمەش دەزگای خێرخوازی بارزانیمان هەڵبژارد ، چونکە جگە لەچەند کەسێکی میهرەبان و کۆمپانیای قەیوان کەبڕی هەزار دۆلاریان لە پرۆژەکەدا پێدابن ،لە دەرگای دەیان دەزگاو لایەن و بەڕێوبەرایەتی و بەرپرسانمان دا هاوکارمان نەبوون ، لە کۆتا ڕۆژی پرۆژەکەدا هاناما بۆ دەزگای خێرخوازی بارزانی برد ، کاتێک باسی بیرۆکەکەمان کرد کاک سۆران خەلەف بەرپرسی نوسینگەی دەزگای خێرخوازی بارزانی لە سلێمانی ، بیست و چوار کاژێردا لەسەر خەت بوو لەگەڵمان ، ماندوبونێکی زۆر تووانی بەڕێوبەری ئەو دەزگایە ڕازی بکات ، بەبێ هیچ ڕێکارێکی یاسایی بەهۆی نەمانی کات ، هاوکارمان بێت و بوون بە سپۆنسەری سەرەکی پرۆژەکە ،زۆرکەس گاڵتەی بەبیرۆکەکامان دەهات ، بە پشتیوانی خێزانەکەم ، شکار و دوو هاوڕێمان سۆڵین و پەرچەم بەردەوام بووین و سەرکەوتین.

زۆر دڵسۆزانە هاوکارمان بوون

کاتێک پرسیمان دەگاکانی چاپ هاوکارتانن گوتی:دەزگاکان و بەڕێوبەرایەتیەکانی ڕۆشنبیری کە لە یەکی شەشی ساڵی پار هەتا ئەمڕۆ کە بەردەوامین ، زۆر دڵسۆزانە هاوکارمان بوون ، تەنیا ئەوان نا بەڵکو هەموو ڕۆشنبیران و نوسەران و خوێنەرانی کتێب بەکتێبێکیش بێت نەوەستاون لەهاوکاریکردنمان.بۆ قۆناغی دووەم ، کەدروستکردنی کتێبخانەیەکی گەورەیە بە تەواوی چاککاری لە هۆڵ و دابینکردنی پێداویستی ، بۆ چاکسازی ژنان و نەوجەوانانی هەولێرو چاکسازی گەورانی دهۆکە.

هەموو جۆرە کتێبێک

لەوەڵامی پرسیاری ئەوپەرتووکانە چین کەدەبێت ببرێنە ناو زیندانەکان؟ دیمەن دەڵێت:پەرتوکەکان لەسلێمانیش لەڕێگەی تۆڕەرانەوە سەرپەرشتی کراوەو هەموو جۆرە کتێبێکی تێدایە ، زیاتر کتێبی دەرونی و ڕۆمان و مێژووی ، ئینجا ئەوانی دیکە و جگە لەوەی کتێبەکانی خۆشیانمان هەموو سەیرکردووەو ئەو کتێبانەی زیان لەفکرو بەرەو تونەوتیژیان ببات ، لامان بردووە.

خوێندنەوەی کتێب لەبەرامبەر پێدانی خەڵاتێک کە سودی هەبێت

لەدوماهیدا ئەوخاتوونە دەربارەی کاری گەری خوێندنەوە لەسەرتاکی زیندانی کراو گوتی: ڕەنگە لەزیندانیەکان ڕێژەیەکی کەم خوێنەری کتێب هەبێت ، بەڵام ئێمە تەنیا ئامانجمان کردنەوەی کتێبخانە نیە ، بەڵکو بەکلتورکردنی کتێبە و گۆڕینی هزری تاکە ، ئەوان لەهەمووان زیاتر پێویستیانە چونکە دواتر زۆرینەیان دەگەڕێنەوە کۆمەڵگاو پێویستە چاکسازیەکان بەڕاستی چاکسازی بن بۆ ئەوان ، ئەوەی گرنگە لێرەدا ئێمە بەوە ناوەستین ، چالاکی خوێندنەوەی کتێب لەبەرامبەر پێدانی خەڵاتێک کەسودی هەبێت ، وەرزانە بۆ خوێنەری کتێب و هەڵسەنگاندنی لەلایەن کۆمەڵێک نووسەر و خوێنەر و توێژەر ، تا بزانین خوێندنەوە تاچەند هزری فراوان و لەتوندوتیژییەوە بۆ ئاشتەوایی بردووە . لەپەرلەمانی داهاتوودا ، بەپرۆژەیەک بەشدارەبین ، لەگەڵ چەند پەرلەمان تارێکی بەڕێز و کەسانی یاسایی بۆ دەرکردنی پرۆژە یاسایەک بۆ کەمکردنەوەی ماوەی بەندی کەسی سزادراو بە خوێندنەوەی کتێب (جگە لەوانەی مەترسین بۆ کۆمەڵگا)



شکار و دیمەن خاوەن پیرۆکە

لەگەڵ کۆمەڵێک توێژەر و نووسەر هەڵسەنگاندن دەکەین، تا بزانین خوێندنەوە تا چەندە هزری فراوان لە تونەوتیژیەوە بۆ ئاشتەوای بردووە